





# کوردانی خۆراسان

## مێژویەکی کۆن و گەنجینەیەکی لە بیرکراو

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

## ناوەرۆک:

- کوردانی خۆراسان مێژویەکی کۆن و گەنجینەیەکی لە بیرکراو .......................... شاسوار هەرشەمی ............. ٣
- کوردانی خۆراسان، پارێزەرانی زمان و کولتوور ......................................... شەریف فەلاح ................ ٢٧
- کورتەباسێک لەسەر کوردانی خوراسان ................................................. خالید هەرکی ................ ٣٤
- کوردانی خوراسان بەشێکن لە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان .......................... ئارێز ئەندەریاری ........... ٣٩
- کوردانی خۆراسان لە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی ئەکادیمی دا ..... و؛ لە ئینگلیزییەوە: محەمەد حەمەساڵح تۆفیق .... ٤٦



# كوردانی خۆراسان مێژویەكی كۆن و گەنجینەیەكی لە بیركراو



**شاسوار هەرشەمی...**

**چی لەسەر كوردستانە دوورەكە دەزانیت؟**

ئێمە هەمیشە و لە هەموو بۆنەیەكدا، باسی كوردستان و گەلەكەی دەكەین. باسی بێمافی و بەشخوراوی گەلەكەی دەكەین. لە مێشكیشمان چەسپیوە، كە ئەو كوردستانەی مەبەستمانە، هەمانە كە لە ساڵی ١٥١٤ز، بووە دوو پارچە و، لە دوای جەنگی جیهانی یەكەمیشەوە، كرا بە چوار پارچە. واتا ئەو (یەك) كوردستانەی لێی دەدوێین، هەمان ئەو چوار پارچە ناسراوانەن. بەدەگمەن بەبیر خۆمانی دێنینەوە، كە دوو كوردستان هەن. واتا ئێمە هەر جەخت لەسەر ئەو پارچە گەورەترە دەكەین، كە كراوەتە چوار پارچە و، بەسەر دەوڵەتەكانی دەوروبەر دابەشكراون. لە ڕاستیدا كوردستانێكی دووری دیش هەیە، كە بە ڕووبەری خاك و ژمارەی دانیشتوان، لە زۆر وڵات و دەوڵەتی سەربەخۆ و ناسراوی دنیا گەورەترە. با بە زمانێكی ڕوونتر بدوێم و بڵێم، كە لەناو سنوری دەوڵەتی ئێراندا، دوو كوردستان هەن، كە لە ڕووی جوگرافیەوە، لێكدابڕاو و لێكدوورن. كوردستانی دووەم، كە ئێمە لەم گوتارەدا مەبەستمانە بیناسێنین، كەوتۆتە ئەوپەڕی باكوری ڕۆژهەڵات. واتا لە باكوری هەرێمی پان و پۆڕی خوراسان هەڵكەوتووە. كوردەكانی ئەوێ، بە خاكی وڵاتی خۆیان دەڵێن (كوردخانە) و، ئێرانیەكانیش ناویان لێناوە (ئوستانی باكوری خوراسانی).

## با بزانین ئەوانە کێن و بۆ لەوێن و لە کەیەوە لەوێ دەژین؟

بونی کورد لە خوراسان، کە بە سەدان میل لە کوردستان دوورە، بونێکی کاتی و ڕابردەیی و سەرپێیی نیە. کوردان لە خوراسان، خاوەنی نیشتمان و وڵاتێکن. ئەوان لەوێ، هەموو مەرجەکانی گەلێکی ئازادە و سەربەخۆیان تێدایە. وەک خاک، زمان، مێژوی هاوبەش و سەربەخۆ و، دابونەریتی تایبەت بە خۆیان. تا ئێستا بە دەیان نوسەر و مێژونوسی کورد، بە شێوە و ئاستی لێکجیا، لەسەر ئەو بەشەی کوردستانیان نوسیوە. هەموو نوسینەکان، لە (خەوشێک)دا هاوبەشن. خەوشەکە ئەوەیە کە ئەوان کوردیان لەوێ دیوە و خەڵکەکەیان، بە شێوەیەکی ئەتنی و نەژادی، وەکو کورد ناساندووە. واتا کوردانی کوردخانە، یان باکوری خوراسان، هەبوون و مێژویان، بە شێوەیەکی ئەتنی نوسراوەتەوە و، لە خاکەکەیان داپچڕێندراون، کە پتر لە هەزار ساڵە تێیدا دەژین و، گۆڕی باوک و باپیرانیان لەوێیە. ئەمەش هەمان ئەو هەڵەیەیە، کە نوسەرو مێژونوسان، لە بارەی مێژومان بە گشتی دەینوسن. واتا لەجیاتی نوسین و ناساندنی مێژوی (نیشتیمانی)، ئەوانە مێژوی (نەتەوەیی) یان (ئەتنی) کوردان، بێ خاک و وڵات دەنوسنەوە. ئێمە لە گوتاری (ساسانیەکان، شانازیەکی تۆراو)دا، بە درێژی ئەو بۆچوونە هەڵەیەمان، بۆ نوسینەوەی مێژو دەرخستووە.

لە بارەی ژمارەی کوردانی خوراسانەوە، تا ئێستا وەڵامێکی دروستی پشت بەستو بە ئامارمان لەبەردەستدا نیە. ئاماری سەرژمێری کردنی دانیشتوان لە ئێران، هەروەک وڵاتانی دی ناوچەکەش، کە بەشێکی کوردستانیان لە ژێر دەستە، خۆی دەپارێزێ لە هێماکردن بۆ پێکهاتەی نەتەوەیی گەلانی ناو سنوری دەوڵەتەکە. دیارە ئەمە بەو واتایە نیە، کە سەرژمێری لەم بابەتە بوونی نیە. ئەو جۆرە سەرژمێریانە، لەسەر ئاستی دەوڵەت و ناوچە و شار، لە هەموو پارچەکانی کوردستان ئەنجام دەدرێن، بەڵام تەنیا بۆ دەزگاکانی ئاسایشی نیشتمانی، سەر بە دەوڵەت هەیە، تا سودیان لێ وەربگرن. واتا زانیاری زۆر نهێنین و، لە خەڵکی دی دەشاردرێنەوە. زانینی ژمارەی ڕاستەقینەی کوردان، لە وڵاتانی هاوسێ، بە لای بەرپرسانی ئەو دەوڵەتانەوە، وەکو بۆمبێکی ئەتۆمی وایە و، ئاسایشی (دەوڵەت) تێکدەدات، بۆیەشە ئەو زانیاری و سەرژمێریانە، بە نهێنیەکانی دەوڵەت دادەنرێن. بە گوێرەی سەرچاوە کوردیە خۆجێییەکان و خەمڵاندنی شارەزایانی بیانی، ژمارەی کوردان لە باکوری خوراسان، خۆی لە دوو ملیۆن کەسێک دەدات.

بەشی هەرە زۆری کوردانی خوراسان، هێشتا بە زمانی کوردی، شێوەزاری باکور، یان کرمانجی دەدوێن، سەرەڕای ئەوەش کە دەوڵەتی ناوەندی، هەرگیز ڕێگای پێنەداون، گەشە بە زمان و فەرهەنگ و دابونەریتی کۆمەڵایەتی خۆیان بدەن. یاخود ڕێکخراوو دامەزراوەی تایبەت بەو مەبەستانەیان هەبێت. یان بتوانن منداڵەکانیان فێری خوێندن و نوسین بە زمانی دایک

بکەن.

بەهۆی ئەو لەمپەرە زۆرانەی لەسەر ڕێگای گەشەپێدانی فەرهەنگی، لەبەر دەمیان دایە. هەروەها بە هۆی ڕێگری بەردەوامی دەوڵەت، لە بایەخ پێدان و گەشەپێدانی زمان. هەروەها بە هۆی نەبونی هیچ بوارێکی پەیوەندی نێوانیان، لەگەڵ خاکی دایک، کوردستان، زمانەکەیان کەموو زۆر کەوتۆتە ژێر کاریگەری زمانی فارسی، بە هۆی خوێندن و فێرمی بوونی زمانی فارسی لە خوێندنگا و دامەزراوەکانی دەوڵەتدا. هەروەها زمان و زاراوەگەلی تورکیش، کاریگەری بەسەر زمانی ڕۆژانەی کوردانی ئەوێ دیارە. زمانەکانی تورکی، هێشتا لە لایەن بەشێک لە دانیشتوانی ناوچەکە ئاخاوتنی پێدەکرێت. وەک زمانەکانی ئۆزبەکی، کازاکی و تورکمانی. ئەو زمانە کوردیەی کە بە دابڕاوی لە کوردستانی گەورە، بۆ سەتان ساڵ بەکارهاتووە و، ڕێچکەیەکی تایبەت بە خۆی بۆ گەشەکردن وەرگرتووە، لە زۆر لاوە شێوازێکی کۆنی کاریگەریەکانی سەدەی ناوەڕاستی باکوری کوردستانمان بۆ دەردەخەن، کە هۆزە تورکەکانی ئەوێ لەگەڵیان تێکەڵ ببوون. هەروەک زۆر دیاردە و باری زمانی کۆن و پوکاویش، لەو زاراوەیەدا پارێزراوە، بۆیە زمانی کوردی کوردخانە، خەرمانەیەکی دەوڵەمەندە بۆ لێکۆڵەرەوان، تا کاری بەراوردکردنی لەسەر بکەن.

## کوردخانە دەکەوێتە کوێوەی خوراسان؟

خوراسان ناوچەیەکی گەورەو پانوبەرینە. نزیکەی هەموو سنوری ڕۆژهەڵاتی ئێران دەگرێتەوە. واتا لە لای ڕۆژهەڵات، لە سنوری تورکمەنستان لە باکورەوە، بە درێژایی سنوری ئەفغانستان دادەکشێت، تا بۆ سنوری پاکستان درێژ دەبێتەوە. لە ڕۆژئاواش، بیابانی گەورە و قاتوقڕی (لوت)، لە هەرێمەکانی دی ناوەڕاستی ئێرانی دادەبڕێت. هەرێمەکە کراوەتە سێ ئوستان: باکوری خوراسان، خوراسانی ڕەزەوی و، خوراسانی گوڵستان.

کوردان، بە زۆری لەوپەڕی باکور، لە ئوستانی باکوری خوراسان، لە چەند شارو شارۆچکەیەک و دێهاتی تایبەت بەخۆیان دەژین. کوردان بۆخۆیان ژمارەی خۆیان بە پتر لە ٢ ملیۆن کەس دەخەملێنن. بە گوێرەی سەرچاوە ئێرانیەکان، لە ٨٥٠ هەزار کەسی دانیشتوانی ئوستانی باکوری خوراسان، پتر لە ٥٩٥٠٠٠، پێنج سەت و نەوەد و پێنج هەزار کەسیان، یان ٧٠% لە سەدی دانیشتوانی ئوستانەکە کوردن. واتا کوردان گەورەترین پێکهاتەی نەتەوەیی ئوستانەکەن. ئۆزبک و کازاک ١٥٣٠٠٠ هەزار کەسن. واتا ١٨% ی دانیشتوان. فارسەکان ٦٠٠٠٠ هەزار کەسن. واتا ٧% دانیشتوان. هەروەک تورکمانی سوننە مەزهەبیش ٤٥٠٠٠ هەزار و ٥%ی دانیشتوانی ئوستانەکەن. لە ئوستانی خوراسانی ڕەزەویشدا ٦٠٠٠٠٠، شەش سەت هەزار کورد دەژین. ئەوانەی دی، لە شارە گەورەکانی دی ناوچەکە، وەک مەشهەد نیشتەجێن.

جگە لە قوچان و شیروانە، ئەوان چەندان شاری دی تایبەت بە کوردانیان هەیە. دەکرێت بە زمانی ژمارە بڵێین کە لە خوراسان، ١١ شارو ١٩٠٠ گوندی کوردنشین هەن. ناوی هەندێک لە شارەکانیان بریتین لە: ئەسفەراییێن. چناران. بوجنورت. باجگیران. ئاشخانێ. دەرەکەز. قەڵات. لاین. مانە و سیمیلقان. ڕاز. ڕادکان. فاروج.

## کوردخانە

کوردانی ئەو دەڤەرە، لە ٢٢ هۆزی گەورە و، ١٢٢ بنەماڵەی بچوکتر پێکهاتوون، کە ناوی ١١٢ یان لای من پارێزراون. ئەوان بە خاک و وڵاتی خۆیان دەڵێن (کوردخانە). ڕووبەری گشتی خاکی کوردان، یان کوردخانە، بریتیە لە ٦٤. ١٤٤، شەست و چوار هەزار و سەتو چل و چوار کیلۆمەتری چوارگۆشە. بۆ ئەوەی لە گەورەیی و پان و پۆڕی ئەو خاکە بگەین، دەمەوێت لەگەڵ ڕووبەری چەند وڵاتێکی ناسراوی دنیا، بەراوردی بکەم. ڕووبەری قەتەر ١١ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەیە. ڕووبەری تەیموری ڕۆژهەڵات ١٤ هەزار و ٦٠٠ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە. هەروەک سلۆڤێنیا ٢٠هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە. ئیسرائیل ٢١هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە. ئەلبانیا ٢٩ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە. ئەرمەنستان ٢٩ هەزارو ٨٠٠ کیلۆمەتری چوارگۆشە. بەلجیک ٣١ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە. مۆلداڤیا ٣٤ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە. تایوان ٣٦ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە. سویسرا ٤١ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە. هۆلەندا ٤٢ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە. دانمارک ٤٣ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە. کرواتیا ٥٧ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە. وەک دەردەکەوێت، هەموو ئەو دەوڵەتە ناسراوانەی سەرەوە، هەروەک زۆری دیش، بە ڕووبەر لە کوردخانە بچوکترن.

جگە لە کوردخانە، ژمارەیەکی زۆر کوردی ناوچەکە، بۆ ئیش و کار، یان هۆکاری دی، لە دەرەوەی کوردخانە و، لە شارە گەورەکانی خوراسان دەژین. وەک مەشهەد، نیشاپور و سەبزەوار. هەندێک سەرچاوە، تەنیا ژمارەی کوردانی دانیشتوی (مەشهەد)، بە ٤٠٠ هەزار کەس دەخەمڵێنن. دیارە زۆری دیش، بە هۆی خوێندن و کارەوە، پەرپەوەی شارەکانی دی ئێران، وەکو تاران بوون.

ئەگەر پێناسەی تۆپۆگرافیای کوردخانە بکەین، ئەوا دەڵێین ناوچەیەکی شاخاوی بە پیتە. دوو ڕوباری تێدایە. ئاست و ڕێژەی باران بارین، لە ناوچەکە بەرزە. کشتوکاڵ بە ڕێژەیەکی بەرز دەکرێت. لە هەردوو ناوچەکانی قوچان و ڕاز، نەوت و گاز بە بڕێکی کەم دۆزراونەتەوە.

کوردانی خوراسان، هەروەک کوردانی ناو کوردستان، خاوەنی سامانێکی گەورەو دەوڵەمەندی فۆلکلۆرین. ئەوان دابونەریت و

فۆلکلۆری خۆیان، بە شێوەی جۆراوجۆر و، نەوە دوای نەوە، تا ئەمڕۆ پاراستووە. تا سەرەتای سەدەی بیستەمیش، کوردانی ناوچەکە، بە گشتی خەریکی کشتوکاڵ کردن و ئاژەڵداری، (شوانکارەیی) بوون. ئێستا لەوێش، وەک هەر شوێنێکی دی، کاروپیشەی جۆراوجۆر سەریان هەڵداوە. لە شارەکانیشیاندا، بە تایبەت قوچان و شیروانە، هەروەها بوجنورت، ئەسفەراییێن و تا ڕادەیەک شارەکانی دیش، کاروپیشەی باوی شاری و، کارو کارمەندی لە دەزگاکانی دەوڵەت، شان بە شانی دوکانداری و بازرگانی، باوە. بە گوێرەی هەندێک سەرچاوە ٦٠% لە سەدی کوردانی ئەوێ، هێشتا لادێ نشینن و، کاری ئاژەڵداری و جوتیاری دەکەن. ٣٥% لە سەدی دانیشتوانیش، لە شارەکان نیشتەجێن. هەروەک ٥%یان، هێشتا بە ژیانی کۆچەری، یان ڕەوەندی دەژین و کوێستان و گەرمیان دەکەن. ئەم شێوە ژیانە سەرەتاییەی کوردان، لە لادێ و ئاژەڵداری، یان ڕەوەندی و کوێستان و گەرمیان کردن، هۆکاری سەرەکی پاراستنی زمان و داب و نەریتی دی وەک جلوبەرگ و خواردن و ئاواز و گۆرانی و داستان و لاوکەکانیان بووە.

کوردانی باکوری خوراسان، بە تێکڕایی موسوڵمانی شیعەی دوازدە ئیمامین، واتا سەر بە (مەزهەبی دەوڵەت)ن. ئەوان تا ئەم ساڵانەی دوایش، کۆمەڵگایەکی دابڕاوو داخراو و بێئاگا، لە ڕووداو و کاریگەریەکانی کوردستانیان پێکدێنا. لەو سی ساڵەی دوایی دا، ئەو بارو دۆخە بە شێنەیی، بەرەو گۆڕان چووە. ئەوان یەکەمجار لە ڕێگای تارانی پایتەختەوە، توانیان پەیوەندی بە کوردانی کوردستانەوە بکەن. واتا لەڕێی دیتنی ئەو کوردانەی کە بۆ خوێندن، یاخود کارو گەشت، لە تاران دەمانەوە. لە دوای ئاشبەتاڵی شۆڕشەکەی مەلا مستەفا و، ئاوارە بوونی ژمارەیەکی زۆری کورد لە ئێران، بەشێکی ئەو کوردانە لە شیروانە نیشتەجێ کران. ئەوان تازەترین کوردی دەرەوەی ناوچەکە بوون، کە کەوتنە بەر چاوی خەڵکی کوردخانە. من هەندێک لەو کوردانەم بینی، کە دواتر گەڕابوونەوە. لەم ساڵانەی دوایی، ئەو پەیوەندیانە لە گەڵ هاوزمانانی دی کورد، هێدی هێدی ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی و مۆسیقاو شێوازی دیشی وەرگرت. ئێستا ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت و کەناڵە ئاسمانیەکان، هۆکارێکی تازەی دی هەڵوەشانەوەی ئەو دابڕانە دوورو درێژەی ئەوانن. سود وەرگرتن و بەکارهێنانی چالاکانە، لە ئینتەرنێت و کەناڵە ئاسمانیەکان، بە داخەوە بە شێوەیەکی زۆر بەرتەسک سودی لێوەردەگیرێت. ئەمەش لەبەر دواکەوتویی کۆمەڵگای کوردی لە لایەک و، قەدەغەی زۆر لەسەر ئەو دوو ئامێرە لە لایەن دەوڵەتیشەوەیە. ئەو سەرە داوە پەیوەندیە کەمانەی، کە ئەوان بۆ کوردستانی گەورە ڕایەڵیان کردووە، بە ئەندازەی پێویست نین. هێشتا هەڕەشەی توانەوە و لە ناوچوون و نەمانیان، لە ڕووی زمان و فەرهەنگەوە، بە توندی لە ئارادایە. ئەگەر بارو دۆخی ڕۆشنبیری و، ئاستی پەیوەندیەکانی ئەو چەند ملیۆن کوردەی خوراسان، هەر بەو شێوەیەی ئێستای بمێنێتەوە، ئەوا زۆر ناخایەنێت، کە ئەوان نامێنن و، تەنیا مێژوویەکی ئاڵۆزو دوورو درێژ، لە دوای خۆیاندا، بۆ ئێمە بەجێدێڵن.

مەبەستی ئێمە لەم وتارەدا، ناساندنی کوردانی خوراسان بە خوێنەری کورد نیە. تا ڕادەیەک سەرچاوەی باش و بەڵگەنامەی

زۆر لەمبارەیە، لەم ساڵانەی دواییدا کەوتوونەتە بەردەست. کارەکانی کلیم الله توحدی، لەو بوارەدا جێگای سوپاس و بایەخن. مەبەستی سەرەکی من لەم وتارەدا، ئەوەیە کە نابێ ئێمە چیدی بێدەنگ بین و، ئەوان لەو دابڕاویەدا بێڵینەوە. کوردستانی خوراسان، یان کوردستانی بچوک، یان کوردخانە، مەڵبەندێکی گەورەیە بۆ لێکۆڵینەوەی زمانەوانی، فۆلکلۆر و دابونەریت. ئەوان بەهۆی چەند سەدەیەک دوورکەوتنەوە و دابڕانیان لە کوردانی کوردستان، بەشێک لە دیاردەکانی زمان و دابونەریتی ئەو کاتانەیان بۆ ئێمە پاراستووە، کە لە زمان و زاراوەکانی مەدا نەماون. هەروەک ئاست و ئاراستەی گەشەکردن و کاریگەریەکان، لوسەر زمان، لەوێ زۆر جیاوازترن، بە بەراورد لەگەڵ کوردستانی گەورە. پاراستن و کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە، لە ژیان و دابونەریت و زمانیان، دەرگایەکی گەورەی توێژینەوەمان بۆ دەکاتەوە.

## لە کەیەوە کوردان لە خوراسانن؟

بوونی ئەو ژمارە زۆرەی کورد لە خوراسان، ماوەیەکی زۆرە سەرنجی مێژونوسان و گەڕیدە و سەرلەشکرو جیهانگەڕان و، تەنانەت هاووڵاتیانی ئاساییشی بۆ خۆی ڕاکێشاوە. بوونی ئەو ژمارە زۆرەی کوردان، کە لە ڕووبەری خاکێکی بەسەریەکەوەیی، لە سەدان گوندو، چەندان شارو شارۆچکەدا بڵاوبوونەتەوە، کۆمەڵێک پرسیارمان ڕووبەڕوو دەکاتەوە: گەلۆ دەبێ ئەوانە هەر خەڵکی ئەوێ بن و، ئەو ناوچەیە وڵات و نیشتمانی هەمیشەیی ئەوان بووبێ؟ یاخود بە دوای لەوەڕو بژێوی، ڕۆژگارێک وڵاتی خۆیان بەجێهێشتبێ و، ڕوویان لە ڕۆژهەڵات کردبێت؟ تا قۆناغ بە قۆناغ و درەنگتر، لە خوراسان گیرسانەوە؟ یان شەڕو هەرای ناوخۆیی، ناو تیرەو هۆزەکانی کوردستان، وای لە هەندێکیان کردبێت، تا سەری خۆیان هەڵبگرن و، لەو شوێنە دوور و دەست پێنەگەیووە بگیرسێنەوە؟ یاخود ڕاگوێزراوی دەستی سوپا داگیرکەرەکانی کوردستانن؟ یان کرێگرتەو جیرەخۆری یەکێ لە ئیمپراتۆریەتە گەورەکانی ناوچە بوون و، فەرمانیان پێدراوە، تا لەو ناوچە سنوریە گرنگە نیشتەجێ بن، بە نیازی پاسەوانی لێ کردنی؟ ئەی بۆ بیر لەوە نەکەینەوە کە لەوانەیە چەند هۆیەک، لەو هۆیانەی سەرەوە، لە چەند سەردەمێکی لێکجیا، کوردی لە چەند لایەکی کوردستانەوە، ناچاری ڕاگواستن و ڕەو کردن بەرەو خوراسان کردبێت!. با دوور نەڕۆین، شتی لەم جۆرە هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمیش لە کوردان قەوماوە. لە گەرمەی شەڕی جیهانی یەکەمدا، بە هەزاران کوردی ئێزدی، کەوتنە ئەرمەنستان وگورجستان. کوردانی ئەرمەنستان، تا ئێستاش دان بە کوردبوونیان نەندراوە، بەڵکو کاربەدەستانی ئەرمەنی، ئەوان بە (نەتەوەی) ئێزدی ناو دەبەن. من خۆم لەسەر پاسپۆرتی ئەو کوردانە بینیومە، کە نوسراوە نەتەوەیان ئێزدیە. هەروەک دوای بڕانەوەی جەنگ و، دوای گوشاری زۆری سوپای ئەتاتورک، بە هەزاران کوردی دی باکوری کوردستان، ڕوویان لە شام و لوبنان کرد و، لەوێ گیرسانەوە. ئەوان تا ئێستاش وەکو کەمایەتی کورد، لەو وڵاتانە چاویان لێدەکرێت.



سەرچاوە
Serchawe

بۆ لێکۆڵینەوەی هەندێ لەو پرسانەی سەرەوە، دەڵێین مێژو و جوگرافیای مێژویی، فێری کردوین کە لە هیچ سەردەمێکدا، خەڵکی کوردستان و میزۆپۆتامیا، بە دوای لەوەڕ و بژێوی و ژیانی باشتر، ڕوویان لە ڕۆژهەڵات، یان باشور و ڕۆژئاوا نەکردووە. چونکە وڵاتەکە، هەمیشە باران و لەوەڕگای، بەشی پێویستی خەڵکی خۆی هەبووە، بۆیە ئەو هۆکارە لە لێکدانەوەکانماندا دەردەهاوێژین، یاخود پێچەوانەی دەکەینەوە. کوردستان بەتایبەت و میزۆپۆتامیا بە گشتی، دەکەونە نێوان دوو بیابانی گەورە و قاتوقڕ. یەکێکیان بیابانی نیوە دورگەی عارەبیە لە باشور، کە تا دەشتی شام لە ڕۆژئاوا هەڵدەکشێ. دووەم بیابانی گەورەی ئاسیای ناوەڕاست (قەرەقوم)ە. هەر لەگەڵ داهاتنی نوسین و دەستپێکردنی مێژووەوە، دەرکەوتووە کە میزۆپۆتامیا و کوردوستان، هەمیشە کەوتونەتە بەر شاڵاوی کۆچی هۆز و تیرەی ئەو دوو بیابانە گەورەیە. هەردوو بیابانەکە، نەیانتوانیوە بژێوی بۆ خەڵکەکەیان دابین بکەن، بۆیە ناو بە ناو، خەڵکی هەردوو بیابانەکە، سەری خۆیان هەڵگرتووە و، ڕوویان لە نزیکترین ناوچەی بە لەوەڕگا کردووە، کە میزۆپۆتامیا و ناوچە دەشتاییەکانی پاڵ زنجیرە شاخەکانی کوردستان و ئاسیای بچوکن. ئەو کۆچکەرانە، جاری وا بووە، بە پەلامار و شەڕ و داگیرکاری و وێرانکاری هاتوون و، خۆیان داسەپاندووە. هەندێ جاریش، بە هێمنی و ئاشتیانە، پێدزەیان بۆ ناوچەکە کردووە و، خزمەتی جۆراو جۆریان پێشکەشی دانیشتوانە بنەڕەتی و بومیەکە کردووە، تا توانیویانە جێگای خۆیان بکەنەوە. لەو هۆز و شەپۆلە کۆچانەی، کە لە نیوە دورگەوە هاتوون، دەتوانین ناوی ئەمانە بەرین: ئاموریەکان، کلدان و ئەکەدیەکان، ئاشوریەکان، عیبریەکان، ئارامیەکان، عارەبەکان.

ئەوانەی لە بیابانی ناوەڕاستی ئاسیاش هاتوونەتە وڵاتی ئێمە، دەشێ ناوی ئەمانە بەرین: سەلجوقی، غەز و تورکمان، ئەتابەگ، مەغۆل(ئێلخانیان و جەلایەریان)، تەتەر و تورکان. بێگومانین کە ئەو جوڵە سروشتیە، لە پێش مێژوشەوە هەر هەبووە، بەڵام لەبەر نەبونی نوسین، ناو و سەردەمەکانیان تا ئێستا بۆ ئێمە ڕوون نەبۆتەوە. دەکرێ هەر بۆ نمونە ناوی تیرەو هۆزە هیندۆروپیەکان بەرین، کە لە شوێنێکی باکوری ڕۆژئاوای ئاسیا، یان باشوری ڕۆژهەڵاتی ئەوروپاوە، بە چەند شەپۆلێک ڕوویان لە هەمان ناوچە کردووە.

زۆرێک لە مێژوونوسانی هاوچەرخ، هێما بۆ ئەوە دەکەن کە کوردانی ئەمڕۆی خوراسان، لە سەردەمی شا عەباسی سەفەوی (١٥٨٧ - ١٦٢٨زاینی)یەوە، بە بڕیارێکی شا، بە مەبەستی پاراستنی سنورەکانی باکوری خوراسان، لە پەلامارو پێدزەکردنی هۆزە تورکمانە سونەکانی باکوور، بۆ ئەو شوێنە نێردراون. بێگومان ئەوانەی بوونی کوردان بۆ ڕاگواستنەکانی سەردەمی شا عەباسی سەفەوی دەگێڕنەوە، هەندێ بەڵگەنامەی مێژویی و، هەندێ نوسراوی مێژونوسانی هاوچەرخی شا عەباسیان لە بەر دەستە، کە پشتیان پێبەستوون. من نامەوێ ڕاگواستن، یان ناردنی کوردان بۆ خوراسان، لە لایەن شا عەباسی سەفەوییەوە بخەمە ژێر پرسیارەوە، بە پێچەوانەوە دواتر هەوڵدەدەم پاشخانی ئەو ڕووداوانەش تاووتوێ بکەم، بۆ ئەوەی

بزانین كە ئاخۆ ئەو كوردانە كێ بوون، تا ئەوەندە جێباوەڕی شا عەباس بن و، ئەو ئەركە گەورەیان پێ بسپێردرێت. یان با بزانین ئەو كارەی، تەنیا دوور خستنەوە و ڕاگواستنێكی ئاسایی بوو، لە دژی ئەو هۆزانەی كورد، كە دژایەتی دەستەڵاتی سەفەویانیان دەكرد؟

ئەوەی جارێ بەر لەو باسە، من بەدوایدا وێڵم، ئەوەیە كە، ئاخۆ هەموو ئەو ملیۆنان كوردەی خوراسان، ئەوەی ڕاگوێزراوەكانی سەردەمی شاعەباسن؟ من بە دڵنیاییەوە دەڵێم نا. وەك دواتر بە هێنانەوەی بەڵگەی جۆراو جۆر دەیسەلمێنم، كە بوونی كوردان لە خوراسان، زۆر لەو ڕووداوەی دەدرێتە پاڵ شاعەباس كۆنترە. تەنانەت بەڵگە لەبەر دەستن، كە ئەوان زۆر پێش دروستبوونی دەوڵەتی سەفەویش لە ساڵی ١٥٠٢ز، بە شارەكانی قوچان و شیروانەیان گوتووە (وڵاتەكەمان).

شەپۆلە كۆچەكانی نیوە دوورگەی عارەب لە خوارو، ئەوانەی دیش لە ناوەڕاستی ئاسیا، هەمیشە مەترسی گەورە بوون، بۆ سەر دەوڵەت و فەرمانداری و دامەزراوەكانی میزۆپۆتامیا. خودی شا عەباس و تیرەكەی، (مەبەستم توركزمانەكانی عەجەمە)، بەری یەكێ لەو شەپۆلانە بوون و بوونە دەستەڵاتداری ناوچەكە. مێژونوسان باس دەكەن كە چۆن پاشاكانی ساسانی، لە زنجیرە چیای قەفقاس و خوراسان، پایگای قایمی سەربازیان دامەزراندووە. لە تەنگەبەرو دەروازەكانی هاتوچۆشدا، لە زنجیرە چیای قەفقاس، چەندان تیرەو هۆزیان، كردۆتە پاسەوانی سنور، یان (مەرسەوان). ساسانیەكان بەو دەروازانەیان دەگوت (دەربەند)، كە دوای هاتنی عاربان، ئەوان ناوەكەیان بۆ (بابولئەبواب) وەرگێڕا. من بە دووری نازانم، هەر لە سەردەمی ساسانیدا، دەستە سەربازی كورد، یان هۆزو تیرەی شەڕكەرو جەنگاوەری كورد، كاری پاسەوانی و مەڕسەوانیان، لە سەر سنورەكانی خوراسان كردبێت و، لەوێش گیرسابنەوە. جارێ ئەم گریمانەیە تەنیا پشتی بەیەك بۆچوون بەستووە، ئەویش بوونی كەونارای كوردانە لە خۆراسان. جگە لەو بنەمایە، بە داخەوە بەڵگەیەكی دی مێژویی، جارێ لەبەر دەستدا نیە.

بە گوێرەی ئەو زانیاریە پەرتوبڵاوانەی، كە مێژونوسانی بەرایی ئیسلام، تۆماریان كردوون، شەپۆلی گەورەو یەك لە دوای یەكی كوردان بۆ خۆراسان، لە دوای نەمانی دەستەڵاتی خانەدانی ساسانی و، لەدەستچوونی دەستەڵات و سەروەری كوردانەوە، دەستی پێكردووە.

هەر بە گوێرەی ئەو سەرچاوانە، كۆچی كوردان بۆ خوراسان، لە باكورەوە نەبووە، بەڵكو لە ناوچەی پان و پۆڕو بەرفراوانی (پارس)ەوە بووە. ناوچەی پارس، كە تا ڕادەیەكی زۆر هەمان (ئوستانی فارس)ی ئەمڕۆی ئێرانە، هەروەكو

چەندان مێژونوسی سەردەم و سەدە جیا جیاکان باسیان لێوەکردووە، یەکێک بووە لە ناوچە هەرە گەورە و گرنگەکانی کوردنشین، لە سەروبەندی زاڵ بوونی لەشکری عارەب و، بڵاوبوونەوەی ئیسلامدا. ئەو کاتە هێشتا زمانی هاوچەرخی فارسی دروست نەببوو (زمانی فارسی هاوچەرخ، زادەی سەدەی هەشتەمی زاینیە). دیارە کوردانی پارس، بە شێوازێکی ناوچەیی خۆیان، (پارسی) دەدوان، هەروەکو چۆن ناوچەکانی دیش، شێوەزاری خۆیان هەیە، (گۆرانی، هەورامی، موکریانی، بادینانی ،..هتد). بە بۆچوونی من، میللەتی فارس، دوای دەرکەوتنی زمانی فارسی و، بە گرتنەخۆی ئەو زمانە، بەرە بەرە هاتۆتە کایەوە و دروست بووە. واتا زمانی فارسی، یەک دوو سەدە لە نەتەوەی فارس کۆنترە. (بۆ زانیاری پتر دەربارەی ئەم بابەتە، سەیری شاسوار هەرشەمی، هەندێک زانیاری گشتی لەبارەی زمانەوە، کوردۆلۆژی. سلێمانی ٢٠٠٩ لاپەڕە ٦٨ بکە). بەر لەوەی باسی هۆکارەکانی کۆچی کوردانی پارس بۆ خوراسان بکەین و، ئەو سەرچاوانەش دەستنیشان بکەین، کە ئاماژەیان بۆ ئەمە کردووە، هەروەها ئاماژەش بۆ ئەو سەرچاوانە بکەین، کە بونی کۆنی کوردان لە خوراسان دەسەلمێنن، بە باشی دەزانم بۆ سەلماندنی بوونی چڕو پڕو هەمیشەیی کوردان لە پارس، پەنا بۆ قسەی چەند مێژونوسێکی ناسراوی سەردەمە جۆراو جۆرەکان بەرم.

مێژونوسان، بنەچەی ئەردەشێری ساسانی، دامەزرێنەری خانەدانی دەستەڵاتداری ساسانیان، بۆ ناوچەی پارس و، لەوێش بۆ شاری (ئەستەخر) دەگێڕنەوە. لەسەر کورد بوون و بە کورد ناسرانی ئەو بنەماڵەیە، بە دەیان بەڵگەنامەی مێژویی هەن. ئێمە بە پێویستی نازانین لێرەدا دوپاتیان بکەینەوە. دەکرێت لەم بوارەدا، سەیری ئەم سەرچاوەی خوارەوە بکەیت: (شاسوار .خ. هەرشەمی: کارنامەی ئەردەشێری بابەکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠). چ پێش ساسانیان و، چ لە سەردەمی ساسانیشدا، ناوچەی پارس، ناوچەیەکی ستراتیژی ناسراو و جێبایەخ بووە. کەچی خەڵکەکەی هەرگیز وەکو نەتەوە یان گەلێکی سەربەخۆ ناو نەبردراون. زۆر جار پارس، بە هەموو جوگرافیای ناوچەکە گوتراوە. لە دوای پەلاماری عارەبان و سەقامگیربوونی ئیسلام بە چەند سەدەیەکیش، سەرچاوە ئیسلامیەکان باسی نەتەوەی فارس ناکەن، بەڵکو باسی کوردانی پارس یان فارس دەکەن، کە بوونیان دیارو گەورە و کاریگەر و بەرچاو بووە. با بە چاوخشاندنێکی خێرا ببینین جوگرافیزان و مێژونوسانی بەرایی ئیسلام، چیان لەسەر (فارس) نوسیوە: (استخری) جوگرافیزانی ناسراو و گەورە، لە ساڵی (٣٤٠)ی کۆچی نوسیویەتی ( بنەماڵەی کورد لە پارس ئەوەندە زۆرن کە لە ژماردن نایەن). (ابن حوقل) لە ساڵی (٣٦٧)ی کۆچی نوسیویەتی، (کوردانی پارس، لە سەر زەوی پارس, پتر لەسەت تیرەن، من سی و هەندێکم ناوبردون.. خەسرەوی، شاکانی، ستاهیری، ئازەرکانی، بەندادمیهری، رامانی، میهرکی، شاهۆیی...) تا دوایی.

نەختێک درەنگتر، (مقدیسی) لە ساڵی(٣٧٥)ی کۆچیدا، لە کتێبە ناسراوەکەی (أحسن التقاسم فی معرفه الأقالیم)دا نوسیویەتی، (سی و سێ خێڵی کورد لە پارسن، کە پێنجسەت بنەماڵەن). من گومان دەکەم مقدیسی، مەبەستی تەنیا ئەو



سەرچاوە Serchawe

سی و سێ خێڵەن، کە چەند ساڵێک پێش ئەو، (ابن حوقل) لە ناو پتر لە سەت خێڵی کورد لە پارس، ناوی هەر سی و سێی تۆمار کردوون. (إبن بلخی) لە کتێبی ناسراوی (فارسنامه)دا، دێرێکی گرنگی لەسەر کوردانی پارس نوسیوە: (شان و شەوکەتی لەشکری فارس کە هەیە، لە کوردانەوەیە). نوسەری ناسراو (یاقوتی حەمەوی)، لە سەدەی شەشەمی کۆچیدا، ناوی شارۆچکەیەکی لە کتێبەکەیدا بە (کورد) تۆمار کردووە، کە کەوتبووە ناوچەی ((بەیزای فارس)). قسەی ئەو نوسەر و مێژونوسانە، لە سەردەمی جیا جیادا، هەموی ئەوە دەردەخەن کە بوونی کوردان لە پارس، هەروا ڕاگوزاری و کاتی نەبووە، بەڵکو بەڵگەکان وای دەردەخەن کە پارس، پێش پەلاماری عارەبەکان، شان بە شانی ماد، یەکێک بووە لە ناوەندە گەورەو گرنگەکانی کوردنشین.

(شوانکارە)کان، خێڵکی ناسراوی دی کوردن. (ئیبن بەڵخی) لە سەدەی شەشەمی کۆچیدا، بە درێژی باسی ئەو خێڵەی کردووە، لەگەڵ شوێنی نیشتەجێبوونیان، لە ناوچەی پارس.(ئیبن بەڵخی) شوانکارەکان بە کورد ناو دەبات، هەروەک کە تا ئەمڕۆشی لەگەڵ دابێت، هۆزی ناسراوی شوانکارە، خۆیان بە کورد و، نەوەی ئەردەشێری بابەکانی، دامەزرێنەری دەستەڵاتی ساسانی دەزانن. (موحەمەد شوانکارەیی) لە نامیلکەکەیدا (مجمع الانساب)، کە لە ساڵی ٧٣٣ی کۆچیدا نوسیویەتی، دەنوسێ: (ڕەچەلکی پاشاکانی شوانکارە، لای نزیکەی تەواوی مێژوناسان و زانایانی ڕەچەلەک ڕوون و دیارە، کە ئەوان لە نەوەی ئەردەشێری بابەکی ساسانین و، لە زۆر کتێبیشدا ئاماژە بۆ ئەمە کراوە...).

ئەم نمونانەی سەرەوە، مشتێکن لە خەروارێک هێماو ئاماژە، بۆ هەبوونی بەربڵاوی کوردان لە پارس. وەک نوسینەکان دەریدەخەن کە کورد لە پارس بێگانە نەبوون، بەڵکو بە چڕی تێیدا دانیشتوون. جگە لە نیشتەجێبوون، کوردان لەوێ، لە هەموو بوارەکانی ژیانیشدا ڕۆڵیان هەبووە. ناوچەکە لە ڕووی جوگرافیشەوە، درێژبووەوەیەکی ئاسایی و سروشتی کوردستان بوو. لێرەدا ئەم پرسیارە لای خوێنەر قوت دەبێتەوە و، داوای وەڵاممان لێدەکات: گەلۆ ئەگەر ناوچەی پارس کوردنشین بووبێ، هەروەک ئەو هەموو نوسەرە ناسراوانەی سەرەوە، باسی زۆری ژمارەی کوردان دەکەن لەوێ، ئەی ئەوانە چیان لێهات؟ بۆچی ون بوون و نەمان! لە کەیەوە ناوچەکە لە کورد چۆڵ بووە؟. بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە، دەبێ لەو گۆڕانکاریانە بکۆڵینەوە کە لە دوای نەمانی دەستەڵاتی ساسانیان و، سەقامگیربوونی دەسەڵاتی عارەبان، هاتنە پێش. کوردانی دانیشتوی پارس، هەروەک کوردانی پەهلەوی = پەهلی = پەیلی = یان فەیلی، کە دانیشتوانی شاری تەیسەفونی پایتەختی ساسانیان و دەوروبەری بوون، خۆیان بە بەشێک لە دەستەڵاتی ساسانی داناوە. بۆنا؟ ئەی بنەماڵەی ساسانیش لە پارسەوە نەهاتوون! هەر بۆیەشە ئەوان، لەناوچوون و نەمانی دەستەڵاتی خۆمالیان، زۆر بەگران لەسەر هات و، نەیانتوانی وا بە ئاسانی باوەڕ بە واقیعی تازە بکەن و، مل بۆ ئەو بارە تازەیە شۆڕ بکەن. خەڵکی پارس و تەیسەفون. لە هەموو شوێنێک پتر بەرگریان لە دەستەڵاتی ساسانیان کردو، دواتریش لە هەموو ئەو ڕاپەڕینانە بەشدار دەبوون، کە



سەرچاوە Serchawe

لە ناوچەکەدا، لە دژی دەستەڵاتی هەڵپرۆکێنەری عارەبان، بەرپادەکران. زۆر هۆکاری دیش هەبوون، کە ئەوانی لەسەر خەبات سورترو شێلگیرانەتر دەکرد، لەوانە: جیاوازی ئاین و زمان و دابونەریت. سەپاندنی ئاینی تازە بە سەریاندا و، لەمەش گرانتر، لە دوای شەڕ، کە کوشتارو وێرانی و بە کۆیلەکردنی ژن و کچان و تالانی زۆری بە دواوە بوو، ناچاریش کران تا باج و سەرانە (جزیە)یەکی یەکجار زۆریش، بە دەستەڵاتدارانی تازە بدەن. مێژونوسان ئاماژەیان بۆ ئەمە کردووە، کە دەستەڵاتدارانی تازەی عارەبی موسوڵمان، سیستەمێکی بەرنامە بۆ دارێژراویان پیادە کردووە، بۆ نیشتەجێ کردنی عارەبان لە خاکی ساسانی. نیشتەجێکردنی ئەو بێگانانەش، بە پارەو پوڵ ئەرک و ماندوبوونی خەڵکەکەشی جێبەجێکراوە. دەستەڵاتدارانی تازەی عارەب، هەر زوو دوو شاریان بۆ نیشتەجێ کردنی عارەبەکان دروستکرد، بە ناوەکانی کوفەو بەسرا، بۆ ئەوەی خەڵکە ڕەوەندو بیابانشینەکان ڕابێنن بە ژیانی شاری و نیشتەجێ بوون. دەستەڵاتداران، خەڵکی شاری (دینەوەر)یان ناچار کرد، تا بە پارەو پولی خۆیان، عارەبی کوفە بژێنن. لەو کاتەشەوە بە دینەوەریان گوت (ماە کوفە)، یان (مادی کوفەییان). بەهەمان شێوەش (نەهاوەند)یەکانیان ناچار کرد، تا عارەبە تازە هاتووەکانی بەسرا بژێنن و، ناوی نەهاوەندیش بۆ (ماە بەسرا) گۆڕدرا.

ئەو دوو نمونەیە دەریدەخەن کە تالان و ڕەتاندنی خەڵکەکە، هیچ سنورێکی نەبووە. کاتێک کە حەجاجی کوڕی یوسف، دەبێت بە والی کوفە و، دەستەڵاتی بەسەر خوزستان و پارسیش ڕادەگات، ئەو لە هیچ کارێکی دڕندانە و نامرۆڤانە ناپەنگێتەوە. مێژونوسان، بە درێژی باسی کارە دڕندەییەکانی حەجاجیان تۆمار کردووە، بەڵام کەمیان جەختیان کردۆتە سەر ئەوەی کە ئەو بۆ ڕووتاندنەوەی خەڵک، پرەنسیپەکانی ئیسلام و بەڵێنە چەورەکانی بەهەشتیش دەخاتە ژێر پێیەوە. حەجاج بە ڕووتاندنەوەی جوتیاران بە ناوی (جزیە)، یان سەر کڕینەوەی ئەو ناموسوڵمانانەی، کە لە ژێر دەستەڵاتی ئیسلام دەژین، ساڵانە پارەیەکی مفتی دەست دەکەوت و، خەزێنەی دەوڵەتی ئەمەوی پێ دەوڵەمەند کردبوو. کاتێ کە جوتیاران دەیانبینی کاربەدەستانی حەجاج، چۆن بە ناوی (جزیە)وە، بەرهەمەکانیان لەژێر دەست دەردەهێنن و، ژن و منداڵەکانیان بە برسێتی دەمێننەوە. ئەوان بۆ ڕزگاربوون لە جزیە، ناچار بوون تا بە لێشاو ببنە موسڵمان، بەو هیوایەی وەکو موسوڵمانانی دی، هەر (خەراج) و (زەکات) بە (بەیتولمال) بدەن و، (جزیە)دانیان لەکۆڵ ببێتەوە، کە بڕێکی زۆری داهاتیان بوو. حەجاج نەیتوانی بپەژێرێنێ کە خەزینەکەی وەک جاران پڕنابێتەوە، بۆیە کەوتە هەڕەشەو ڕێگرتن لە موسوڵمان بوونیان.

دەستەڵاتدارانی بەرایی ئیسلام، جیاوازیەکی ئاشکرایان لە نێوان موسوڵمانی عارەب و گەلانی دی موسوڵمان دەکرد. عومەری کوڕی خەتاب، پارەی دەست بەسەر داگیراو و کۆکراوەی وڵاتانی ساسانی و شام و میسری، بە خۆڕایی بەسەر هەموو تاکێکی عارەبی مەدینە دابەش دەکرد. هەر لە منداڵی تازەبوو، تا بەساڵداچوان، شتێکیان لەو پارە کۆکراوەیە دەستکەوت. لە



سەرچاوە
Serchawe

کاتێکدا، موسوڵمانانی ئەو شوێنانە، بۆ پەیداکردنی پارووە نانێک بۆ منداڵەکانیان، ڕەنجیان دەکێشا. ئەگەر موسوڵمانێکی نا عارەب، لە بەرامبەر ئەو نادادپەروەریانەیان بێدەنگ و ملکەچ و گوێڕایەڵ با، ئەوا ناویان لێدەنا (موالی). خۆ ئەگەر دەنگیشی هەڵبڕیبا و، بیگوتبا کە موسوڵمانان هەموویان دەبێت مافیان وەکو یەک بێت و، نابێت جیاوازیان پێ بکرێت، ئەوا ئەو موسوڵمانە زۆڕەو و، زۆر بلێیە، ناوی لێدەندرا (شعوبی). چەندان بنەماڵە و خێڵی نەوموسوڵمانی عارەب، هاتنە دەشتی بە پیێزی خوزستان و پارس و تێیدا نیشتەجێ بوون. ئەوان دەستیان بەسەر زەویوزاری خەڵکیدا گرت. دیارە ئەو کارو ڕەفتارانە، بەرەنگاریی و ناڕەزایی لێدەکەوێتەوە. مێژونوسان باسی سەرکوتکردنی چەندان ڕاپەڕینیان بۆمان تۆمار کردووە. بە سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکان، گوشاریش لەسەر خەڵکی ناوچەکە پترو پتر دەبوو. ئەم دێرانەی سەرەوە، وەسفێکی گشتی ئەو بارودۆخ و، ئەو زەمینەیە بوون کە کوردانی پارس تێی کەوتبوون. بەشێکی زۆریان، یان ڕاونران و لە زێدو بوومی خۆیان وەدەرنران، یاخود ناچار کراون، تا سەری خۆیان هەڵگرن و کۆچ بکەن. پێشەنگی ئەو کۆچانە، تا ئێستاش لە ناو شاری چەند ملیۆنی مۆمبای (بۆمبای جاران) دەبینندرێن، کە بریتین لەو زەردەشتیانەی، لەو کاتەوە وڵاتیان بەجێهێشت و، تا هیندستان سەری خۆیان هەڵگرتووە.

## کۆچ بۆ خوراسان

خوراسان ناوچەیەکی دوورە دەست بوو. خەلیفەی ئەمەویان، کە لە شام و شاری دیمەشق فەرمانڕەوایەتی دەکرد، وا بە ئاسانی زانیاری لەسەر ئەو ناوچە دوورە دەستە وەرنەدەگرت. ئەگەر زانیاریشی لەسەر چالاکی ناڕازیان هەبا، ئەوا پێڕانەدەگەیی، تا بە ئاسانی و بێ گیروگرفت، کۆنترۆڵی دەڤەرەکە بکات. زنجیرە چیاکانی کوردستان و بیابانی وشکی لوت لە ناوەڕاستی ئێران، گەیشتن بە خوراسانی هەندەی دی زەحمەت کردبوو. ئەو تایبەتمەندیەی خوراسان، هەرێمەکەی کردبووە مەکۆی کۆبونەوەی ناڕازیانی دەستەڵاتی ئەمەوی. جێگای سەرنجە، کە ژمارەیەکی بەرچاو لە عارەبی ناڕازی دەستەڵاتی ئەمەویش، بە تایبەت لایەنگرانی عەلی و عەباس (ئامۆزا و مامی پێغەمبەر)، خوراسانیان کردبووە پەناگەی خۆیان و، لەوێوە خەریکی خۆسازدان و خۆڕێکخستنەوە بوون، تا بۆ ئەو ڕۆژە ئامادەبن کە چاوەڕوانیان دەکرد. ژمارەی کوردان لە خوراسان، هەر ئەو سەردەمە زووە، ئەمەندە زۆرو بەرچاو بووە، کە سەرنجی ناڕازیانی لایەنگری عەلی و عەباسی بۆ خۆی ڕاکێشاوە. من گومانم بۆ ئەوە دەچێت، کە کاتێ کوردانی پارس هەڵاتوون و ڕوویان لە خوراسان کردووە، (دواتر بە بەڵگەوە باسی دەکەین)، هۆزو تیرەی دی کورد لەوێ هەبوون، جا چ ئەوانەبن کە ڕاستەوخۆ دوای گیرانی تەیسەفون و شکانی ساسانیان ڕوویان لەوێ کردووە، یان وەکو هۆزی جەنگاوەر، لە سەردەمی ساسانیاندا بۆ پاراستنی مەرزوبوومی ناوچەکە، لەوێ گیرساونەتەوە. دەکرێت بوونی کوردان هێشتا کۆنتر و سروشتی بوو بێت، بەڵام سەلماندنی ئەمە، پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زمانەوانی و مەیدانی ورد هەیە. مێژونوسی ناسراوی هەولێری، (ئیبن خەلیکان، ابن

خلکان) لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (وفیات الأعیان)، سەرنجی ئێمە بۆ بوونی ژمارەیەکی زۆری خێڵ و تیرەو هۆزی کورد، لە خوراسان ڕادەکێشێ، لە سەدەی دووەمی کۆچیدا. ئەو بە زمانێکی ڕوون دەنوسێ (ئەبو موسلیمی خوراسانی، لەو دەستانە بوو, و لە ناو کوردان سەری هەڵداو ڕاپەڕی...).

ئەبو موسلیم، ڕێبەری سەرەکی ڕاپەڕینەکان بوو لە دژی ئەمەویان. ئەو بە لەشکرێکەوە بۆ شەڕی ئەمەویان داکشاو، لە جیاتی ئەوەی ڕووبکاتە کوفەی مۆڵگەی لایەنگرانی عەلی و عەباس، یەکسەر ڕووی لە کوردستان کرد. ئەو لە ساڵی ٧٥٠ی زایینی، لەسەر زێی بادینان، کە بە زێی گەورەش ناسراوە، ڕووبە ڕووی لەشکری ئەمەویان دەبێتەوە و تێکیان دەشکێنێ. دوای ئەو شکانە، ئەمەویەکان دەستەڵاتیان دادەتەپێت. ئەبو موسلیم، دوای سەرکەوتنی، هەڵسا (ئەبولعەباسی سەفاحی (٧٥٠ - ٧٥٤ زایینی) لەسەر تەختی دەستەڵات دانا، بەمەش زنجیرەی خەلافەتی عەباسیان دەستی پێکرد، کە تا ساڵی ١٢٥٨ زایینی خایاند. ئەو سەردەمە، ڕەگەزو ڕەچەلەک، بایەخی یەکجار زۆری هەبوو، لە دەستەڵات گرتنە دەست. تەنانەت زۆر دوای ئەو سەردەمەش و، لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، زۆر لە ڕۆشنبیرانی نوێخوازی ئیسلام، لایان وابوو کە خەلیفەی موسوڵمانان، دەبێت کەسێک بێت، لە نەوەکانی پێغەمبەرەوە هاتبێت. ئەو کارەی ئەبو موسلیم، دەبێ لەو چوارچێوەی بیرکردنەوەیەدا لێکبدرێتەوە. ئەبو جەعفەر مەنسوری برای سەفاح (٧٥٤ - ٧٧٥ زایینی)، لە توانا و دەستەڵاتی ئەبوموسلیمی کوردی خوراسان تۆقی بوو، بۆیە لە هەلێک دەگەڕا تا کۆتایی پێبهێنێ. ئەوەبوو بە پێی نەخشەیەک پاسەوانەکانی وی، لە ناو دیوەخانی کۆشکی خەلیفە و، بە بەرچاوی ئەبو جەعفەر خۆی، ئەبوموسلیمیان گرت و کوشت. هەرهەمان ڕۆژیش، بە شمشێر کەوتنە ناو خزم و کەس و کارو هاوکارانی و، هەموویان قڕ کردن. (أبو دلامە)ی شایەری خەلیفە، لە خۆشی کوژرانی ئەبو موسلیم، پارچە شیعرێکی هۆنیوەتەوە کە سەرەتاکەی ئاوایە:

أیـا مجرم مـا غیر الله نعمـه علی عبده حتی یغیرها العبد
أفی دوله المنصور حاولت غدره ألا أن أهل الغدر آبائک الکرد

واتا: ئەی تاوانبار، خودا لە بەندەی خۆی ناگۆڕێت، تا بەندە خۆی، لە خۆی نەگۆڕێت. تۆ لە ناو دەوڵەتی مەنسوردا ویستت ستەمی لێ بکەیت، چونکە باوکە کوردەکانیشت هەر ستەمکار بوون.

ئەبو موسلیم، هەر لە بنەڕەتدا دەستەڵاتخواز نەبووە، گەر نا بە ئاسانی دەیتوانی ببێت بە پاشایەکی بەتوانا. ئەو بە دوای دادپەروەری و یەکسانیدا وێڵ ببوو. ئەو و زۆری دی دوای ویش، بوونە قۆچی قوربانی ئەو بیرۆکەیە. دەستەڵاتدارانی عارەبی عەباسیش، زۆر بە توندی هەوڵیاندا، هەر بە شێوەی ئەمەویان، خۆیان بەسەر گەلانیدا بسەپێنن، بەڵام

نەیانتوانی ڕەورەوەی مێژو بگێڕنەوە دواوە. ئەو ئامانجەی کە ئەبو موسلیم خوێنی بۆ ڕشت، درەنگتر بەدیهات. دەوڵەتی عەباسی، ڕەنگی نەتەوەیی لێ پەڕی و، لەبەری داکەندرا. خەلیفە، لە زوربەی سەردەم و کاتەکاندا، تەنیا وەکو سیمبولێکی ئاینی چاوی لێدەکراو، دەستەڵاتی لە دەست نەمابوو. لە گۆشەو کەناری وڵاتی پانو بەرینی خەلیفەدا، دەیان میرنشین و دەوڵەتی جۆراو جۆری سەر بە تیرەو هۆزو نەتەوەکانی دی، لە ناویاندا کوردیش، سەریان هەڵداو قوت بوونەوە و، ڕۆڵی مێژویی خۆیان گێڕا، بەڵام تا ئەو ڕۆژگارو سەردەمە هات، زۆرانی دیش، توشی دەردو مەینەتی بوون. لە ناویاندا کوردانی پارس بوون. مەبەستمان کۆچی کوردان بوو، کە لە پارسەوە ڕوویان لە خوراسان دەکرد، تا لە دەست جەوری خەلیفە و دەستو پێوەندەکانی دەرباز ببن. با بزانین دانەری کتێبی مێژوی سیستان، کە لە ساڵی ١٠٣٠ زاینی نوسراوە، لەمبارەیەوە چی نوسیوە: { بەهۆی زۆربوونی کوردان لە سیستان، (یعقوب لیث صفاری)، هەڵسا میرێکی ڕاسپارد بە ناوی عبدالرحمن خارجی، بۆ ڕێکخستنی کاروباری کوردەکان. ئەوانە کوردانی پارس بوون، کە یارمەتی یەعقوبیان دابوو لە دژی دەستدرێژیەکانی خەلیفەی عەباسی}. دەبێ مەبەست لە خەلیفەی پازدەمی عەباسیان (المعتمد (٨٧٠ - ٨٩٢ز) بێت، کە شەڕی لەگەڵ یەعقوبی سەفاری کرد. سەفاریەکان، لە نێوان ساڵانی (٨٦٨-٩٠٨ز)، لە سیستان حکومەتێکی سەربەخۆیان دامەزراندبوو. ئەو کاتە عەباسیەکان توشی گرفتی دی هاتبوون. واتا ئەمە لە کاتی شۆڕشی کۆیلاندا بووە، لە خاکی سوادی عێراق. لە نێوان ساڵانی (٨٦٨ - ٨٨٣ زاینی). بە هەزاران زنجی کۆیلە، شان بە شانی موالیەکان، یان خەڵکی ناعارەبی نەو موسوڵمان بووی دانیشتوی ناوچەکە، لە دژی خاوەنەکانیان ڕاپەڕین و دەستیا بەسەر ناوچەکەیاندا گرت. کوردانی پارس، کە لەوانەیە هەمان ئەوانە بن کە بە موالی ناویان هاتووە، دوای شکانی ڕاپەڕینەکان، لەوێ و لە سیستان پەنا درابوون. ئەوان لەو حکومەتەدا بە زمانی ئەمڕۆ، وەزارەتێکیان هەبووە، بۆ ڕێکخستنی کاروبارو ژیان و گوزەرانیان. وەک دەزانین سیستان دەکەوێتە بەشی خواروی خوراسانەوە. دەبینین مێژونوسی بە توانای سەدەی دەیەمی زاینی، ئەلمەسعودیش، لەمیانەی ئاماژەکردنی بەو ناوچانەی کە کوردی لێ دادەنیشن، ئاماژە بە خوراسان دەکات. ئەو دەنوسێ کە: هۆزو تیرەی دی کوردیش هەن لە ناوچەکانی: پارس، کرمان، سجستان، خوراسان، ئەسبەهان، کوێستان (ناوی هەرێمی ساردو شاخاوی کوردستان بووە و، لە سەرەتای دەستەڵاتی عارەبان پێیگوتراوە قهستان، دواتر شێوە عارەبیەکەی "الجبال، ئەلجیبال" بەکاربردراوە). هەروەک دەنوسێ لە ماهەکانیشدا( مەبەست ناوچەکانی میدیایە)، ماهی کوفە ( مەبەست شاری دینەوەر و دەوروبەریەتی)، ماهی بەسرا( مەبەست شاری نەهاوەند و دەوروبەریەتی)، ماهی هەبەدان، ئیگارین، کەرج، بورج، ئەبی دەلەف، هەمەدان، شارەزور، داراباد، ئاران، بەیلەکان، بابولئەبواب (مەبەست لە دەربەندی گوزەرگای کێوی کەفکاسە)، کورد هەن. ئەو سەرچاوە زۆرو پەرتو بڵاوانەی ئاماژەمان بۆ کردن، لەگەڵ ئەو نمونانەی هێمامان بۆ کردوون، بوونێکی گەورەو پەرت و بڵاوی کوردانمان بۆ دەسەلمێنن، لە ناوچەکانی سیستان و خوراسان. ئەم بوونە، لانی کەم هەر لە سەدەی شەشەمی زاینیەوە، تا سەدەکانی درەنگتریش دیارە. واتا بەڵگەی بوونی کوردان لە خوراسان، هەشت سەت ساڵ پتریش، پێش پەیدابوون و هاتنە سەرکاری پاشایانی سەفەوی (١٥٠٢ - ١٧٣٦ز) لە بەر دەستدایە.

### قوچان و شیروانە

ئەمڕۆ هەردوو شارەکانی قوچان و شیروانە، بە لادێکانی دەوروبەریشیانەوە، گەورەترین و ناسراوترین ناوەندی کوردین، لە باکوری خوراسان. زۆر جاران کە باسی ڕاگواستنی کوردان بۆ خوراسان دەکرێت، لە لایەن شا عەباسی سەفەویەوە، ئەوا پەنجە بۆ دانیشتوانە کوردەکەی ئەو دوو شارە ڕادەکێشرێت، وەکو نەوەکانی پاشماوەی ئەو ڕاگوێزانە مێژوییە. ئێمە ڕاستی و دروستی ئەو بابەتەش دەخەینە ژێر پرسیارەوە، چونکە بەڵگەی مێژویی پێویست لە بەردەستدان، کە زۆر بە ئاسانی دەیسەلمێنن، قوچان و دەوربەری، زۆر پێش شاعەباس و، تەنانەت پێش پەیدابوونی دەستەڵاتدارێتی سەفەویانیش، شارو ناوچەیەکی تەنیا کوردنشین بووە.

لامان وایە باشترین و زیندوترین بەڵگەنامەی مێژویی لەو بارەدا، ئەو تێبینیانەن کە تەیموری لەنگ، لە دوو گەشتی دا بەناو قوچان، لە سەر شارەکە نوسیونی. جاری یەکەم، لە بەهاری ساڵی ٧٧٩ی کۆچی بوو، کاتێ کە تەیموری لەنگ، بە نیازی پەلامار بردنە سەر شاری شیعەنشینی (سەبزەوار)، بە قوچاندا تێپەڕی. تەیمور لە یادەوەریەکانیدا لەسەر قوچان نوسیویەتی: (من کاتێک کە گەیشتمە قوچان، پیاوانی ئەوێم دیت. ئەوان باڵا بەرزو پەیکەر توندو تۆڵ بوون. ئەوان هێشتا لبادیان(٤) لەبەردا بوو، چونکە هەوای بەهاران لە قوچان ساردە. هەر یەکێک لەوان دارێکی لە دەست بوو، کە هەندێک جاریش دارەکە (گۆپاڵەکە)یان لە سەر شانیان دادەنا. ئەوان بەوە نەدەچوو کە نیازی پەلامار بردنە سەر لەشکری منیان هەبێت، بەڵام لە تێڕوانینیاندا، بۆمان ڕوون بوو کە لێشمان ناترسن. هەندێ لەوان چاوانی شین و موی زەردیان هەبوو. بە زمانێک دەدوان، کە نە فارسی بوو، نە عەرەبی و، دەرکەوت کە ئەوانە کوردن و لە کوردستان کۆچیان کردووە و لە (قوچان) نیشتەجێ بوون). "چونکە پیاوانی کورد بە هێزو بە توانا بوون، من هەندێکیانم بانگ کرد و بە هاوکاری دیلماج قسەم لەگەڵ کردن" و پرسیم کە ئەگەر پێیان خۆش بێت، بێنە ناو لەشکری من؟ ئەوانیش لێیان پرسیم کە من کێم ؟ پێیانم گوت من تەیمورم، سوڵتانی (ما وەرائولنەهر)م و بەمزوانەش دەبمە سوڵتانی خوراسان. کوردەکان گوتیان ئێمە نامانەوێ لە ژن و منداڵ و وڵاتی خۆمان دوور بکەوینەوە "و پێویستیمان بە سەربازی نیە. ئێمە مەڕدارین و لە ڕێگای مەڕداریەوە ژیانی خۆمان دابین دەکەین. سەرەڕای ئەوەش کە کوردانی قوچان" پیاوانی بە تواناو بەهێزن، بەڵام بێوەی دەهاتنە بەرچاوان. دوای ئەوەی من لەوان دڵنیا بووم، بەرەو توس بەڕێکەوتم(٥).

تەیموری لەنگ، جارێکی دیش، لە بەهاری ساڵی ٧٨٨ی کۆچیدا، کاتێک کە لە داگیرکردنی شاری (هەرات) دەگەڕایەوە، بە قوچاندا تێپەڕی. ئەو خۆی لەو بارەیەوە دیسان نوسیویەتی: (من جارێکی دیش ژنان و پیاوانی قوچانیم دیت، کە

هەموویـان موزەرد و چاوشین بـوون. دیسـان پێشنیـازم پێکردن تـا بێنە نـاو لەشکری من، بەڵام پێشنیازەکەمیان پەسەند نەکرد(٦).

لەو چەند دێرە کەمە، بەڵام زۆر گرنگ و پڕ لە زانیـاریەی تەیموری لەنگدا، هەندێ ڕاستی سەرنجڕاکێش دەردەکەون. لە پێش هەمووانەوە دەرکەوتنی بوونی کۆن و لەمێژینەی کوردانە لە قوچان. تەیمور دەنوسێت کە ئەوان کوردن و لە کوردستان کۆچیان کردووە و، لە قوچان نیشتەجێ بوون، بەڵام ئەو باسی هۆ، یان هۆیەکانی، ئەو کۆچەی ئەوانی بۆ ئەوێ نەکردووە. هەروەک دوور و نزیک، باسی مێژوی کۆچکردنیشیانی نەکردووە. دیـارە ئەمە کـاری ئەویش نەبووە. بەڵام سەرەڕای ئەوەش، ئەو زۆر ڕاستی بۆ دەرخستوین. کاتێک کە تەیمور لەگەڵیان دەدوێت و داوایـان لـێ دەکـات تـا بێنە نـاو لەشکرەکەی، ئەوان ئامـادە نـابن بەگەڵ تەیمـور بـکەون و، لە وڵاتـی خۆیـان دوور بـکەونەوە. کەواتە کوردەکـانی بـاکوری خوراسـان، شـاری قوچانیان بە وڵات و نیشتمان ناوبردووە. گەلۆ دەبێت چەند پشت بەسەر مانەوەیاندا لە خوراسـان تێپەڕیبێت، تـا ئەوێ بە نیشتمان و وڵاتی خۆیان ناو ببەن؟ بێگومان ئەوان بە کەمی، چەند سەد ساڵێک زووتر بە بەردەوامی و بێ پسانەوە لەوێدا ژیـاون. لەوەش سەیرتر، لەناو ئەو چەند دێرە کەمەی تەیموردا ڕاستییەکی دی گرنگ خۆی دەردەخـات. بەلای کەم کوردانی شاری قوچان، لەوێ کەمایەتیەکی ئایینی یـان نەتەوەیی نەبـوون. وەک دەردەکەوێت تەیمور کەسێکی لەوان دستنەکەوتووە کە فارسی، عارەبی یـان تـورکی بزانێ، کە تەیمـور لە هەرسێ زمـان شـارەزا بـوو، بۆیە لە ڕێگـای دیلمـاج، یـان بە زمـانی ئەمرۆ وەرگێڕ، قسەی لەگەڵ کردوون. ئەمەش ئەوە دەردەخـات کە لە قوچانـدا کـوردان نە کەمـایەتی و نە زۆرایەتـی بـوون، بەڵکو هەموو دانیشتوانی شارەکە پاک لە پـاک کـورد بـوون و، هەر بە کـوردیش دەدوان. هەر لە نێوان دێرەکـانی تەیموردا، دەتـوانین لە بـاری ئـاینی و مەزهەبـی ئەو کـوردانە بگەیـن کە ئەو سەردەم، وتـا لە کۆتـاییەکـانی سەدەی چواردەی زاینـی، لەوێ پێڕەویان لە کام مەزهەب یان ئاین کردووە. تەیموری لەنگ لە سەرجەم کـار و کـردەوە و چـالاکییە سەربـازیەکانی و، تەنانەت لە یادەوەریەکانشیدا، وەکو سەرکردەیەکی تەنگەتیلە و بیرتەسکی سوننە خـۆی دەنوێنێ، کە بە ئاشکرا شیعەکان بە لادەر و بێباوەڕ دەزانێت. ئەو کە جاری یەکەم لە قوچان لادەدات، بۆ پەلامار بردنە سەر شـاری شیعەنشینی (سەبزەوار) بە ڕێگاوە بوو. ئەو شارەی لەگەڵ خاک یەکسان کردو، خەڵکەکەیشی کوشت و بڕ کرد. کەواتە ژیـرانە نییە گەر وا تێبگەین کە ئەو لە قوچان، داوای لەو کوردانە کردبێت بێنە نـاو لەشکرەکەی و، کوردەکـانیش شیعە مەزهەب بـووبن، وەک کە ئەمڕۆ وان! کەواتە دەکرێت بگەینە ئەو باوەڕە، کە کوردانی قوچان، تا کۆتـایی سەدەی سێزدەمی زاینیش، سوننە مەزهەب بـوون. دەبـێ ئەوان درەنگتـر مەزهەبیـان گۆڕیبێت. بە دووریشـی نـازانم، دوای سـەقامگیربوونی سەفەویان و سـەپاندنی شیعەگەری بەسەر خەڵکی هەر شوێنێک کە داگیریان دەکرد، ئەوانیش مەزهەبیـان گۆڕیـوە. هەروەک دواتـر و لەسـەر دەستی سەفەویـان، ژمارەیەکی زۆر کوردی چەمەشکەزەکی کۆنە عەلیپەرست و تـازە شیعە، ناردرانە ئەوێ. دیـارە تێکەڵاوبوونیـان، هۆکـارێک بـووە بۆ مەزهەب گۆڕینیان، تەنـانەت گۆڕانی زاراوەی ئاخاوتنیشیان.

## پەیوەندی تورکە سەفەویەکان، بە کوردانی خوڕاسانەوە

وەکو سەرچاوەکان ڕوونیـان کردۆتەوە، شێخ صفی الدینی بـاپیرە گەورەی سەفەوییەکان، شێخێکی ناسراوی سوننەی شاری ئەردەوێل بووە، بەر لە هاتنی تورکان بۆ ئازەربێجان. تەنانەت نوسەری ناسراوی ئـازەری ئێران (ئەحمەدی کیسرەوی)، لە لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا لەو بارەیەوە، بەوەش گەیشتووە کە بنەماڵەکە، بە بنەچە کوردی دەڤەری شنگالن. نەوەکـانی شێخ سەفی، ڕوو لە ئەنادۆڵ دەکەن و، قزلباشە عەلی پەرستەکانی ئەویێ لە خۆیان کۆدەکەنەوە. ئەو کـاتە شیعەگەری لە ئێران بە پەرتـوبڵاوی، لە هەنـدێک شوێن هەبـوون. مستەوفی قەزوینی، وەزیـری دوا پاشـای مەغـۆل (ئەبـو سەعید خـان ١٣١٦ - ١٣٣٥ زاینی)، لە کتێبە ناسراوەکەیدا (نزهە القلوب) نوسیویەتی، کە شـارە گەورەکـانی وەک تەوریـز، ئەردەوێل، شیراز و ئەسفەهان، هەموویان سوننەی شافیعی بـوون. دوای ئەوە و لە کۆتـایی سەدەی چواردە، تەیموری لەنگ قسەکانی قەزوینی پشتڕاست دەکاتەوە و لەو بارەیەوە دەنوسێت (بێ بۆنە نابێت گەر بڵێم، ناوەنـدەکانی شیعە بریتین لە خوراسـان و ڕەی و کەنارەکـانی دەریـای ئابسکون (واتـا خەزەر، مازنـدەران یـان قەزویـن: شاسـوار)، لە شـوێنی دی شـیعە نـین، مەگەر بە پەرتوبڵاوی(٧). باوکی شا ئیسماعیل لە شەڕی شیروانە دەکوژرێ و ئیسماعیلی مێردمنداڵ، بۆ شـاری گیلانی کەنـاری دەریـای ئابسکون (خەزەر) دەبردرێت. ئەو لەوێ و، هەرلەو شـارە شیعەنشینەدا پەروەردە دەکرێت. شـا عیسـماعیل، کە نەیارەکـانی لەسـەر ڕێگـای خـۆی ڕامـاڵی و، بـووە تـاکە فەرمانـداری گەورەی نـاوچەکە، لە سـاڵی ١٥٠٢ زاینـی، ڕێبـازی شیعەی دوازدە ئیمامی، کردە تاکە ئاینی دەستەڵات و دەوڵەتەکەی. شـا ئیسماعیل و شـا سەفەوییەکانی دی، بە هەمـوو شێوەیەک کەوتنە بڵاوکردنەوە و داسەپاندنی شیعەگەری، لە هەر شوێنێک کە کەوشەنیان پێی دەگەیشت. ئەو سەردەمە هێشتا زوو بـوو، بـۆ سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی لای گەلانی نـاوچەکە. نەتەوەگەری (لەخۆی)دا هەبـوو، بەڵام (بۆ خۆی) نەبـوو. گەلان، یـان ڕاستتر بڵێین، تیـرە و هۆزەکـان، بەگـوێرەی بیـری ئـاینی، یـان بەرژەوەنـدی هۆزەکانیـان، لایەنگیریـان لەم و لەو دەکـرد. عەلیپەرسـتانی کـورد و تـورک، لە دەوری سـەفەویەکان کۆبـوونەوە و، کەوتـنە خزمەتکردنـی ئەو دەسـتەڵاتە تـازەیە. چەمشکەزەک، بە گوێرەی شەرەفنامە، یەکێک بوون لە ناودارترین و بە شۆڕەتترین خانەدانەکانی کوردستان.

چەمشکەزەکەکان عەلی پەرست بوون، بۆیە لە شەڕەکانی شا ئیسماعیل دا، بۆ سەپاندنی شیعەگەری لە کوردستان، چوونە پـاڵ سـەفەوییەکان. ئاغـای چەمشـکەزەک، حـاجی ڕۆسـتەم بەگ، لە شـەڕی چالدێرانـدا، ئەنـدامی ئەنجـومەنی قومانـدانی لەشکری قزلباشانی شا ئیسماعیل بوو. لە شەڕی چالدێران حاجی ڕۆستەم و ژمارەیەک لە ئاغـاو کوێخـای دی کوردی عەلـی پەرست، بە دەستی سوڵتان سەلیمی یـاوز (١٥١٢ = ١٥٢٠ز ) کوژران. هۆزەکەشی بـوونە دوو بەش. بەشێکی بـۆ نـاوچەکـانی خۆیان لە دێرسیم گەڕانەوە و، بەشـەکەی دیشـی، کە بە گـوێرەی شـەرەفنامە، هەزار خێزانـی قزڵباشی چەمشکەزەک بـوون،



سەرچاوە
Serchawe

دایانە پاڵ سەفەویان و، چونە ئازەربێجان. دیارە جگە لەو هەزار ماڵە كوردە، بە دەیان تیرەو هۆزی بچوكترو، بنەماڵە و خێزانی دیش، كە لە بەرەی قزلباشاندا بوون، هەر ئەو كارەیان كردووە و زێدو بومی خۆیان بەجێهێشتووە.

سەد ساڵێك لە دوای شەڕی چالدێران، شا عەباسی گەورە (١٥٨٧ - ١٦٢٨ ز ) شای توركە سەفەویەكانی ئێران، دێتە سەر دەسەڵات. شا عەباسیش لە كوردستان گەلێك شەڕو تەراتێن دەكات. ئەو دەتوانێت هەندێك لە خان و میرە كوردەكانیش، لە سۆماو برادۆست و موكریان دەستەمۆ بكات. چەمشكەزەك و كوردەكانی دیش، وەك قەرەچۆرلو، جەلالی، زەعفەرانلو، شادلو و هیدی، كە ئەو كاتە هەمویان وازیان لە ئاینی عەلی پەرستی هێنا بوو و ببوونە شیعە، هەر لە ناوچەكانی ئازەربێجان مابوون. یەكێك لەو كارانەی كە شا عەباس كردی، ئەوە بوو كە ئەو كوردە شیعانەی ناردە خوراسان، بۆ هەمان ناوچەی قوچان و شیروانە. وەك دەزانین شوێنی مانەوەی بنەڕەتی چەمشكەزەكەكان و هەندێك لە هۆزەكانی دی ناوهاتوو، بریتی بووە لە ناوچەكانی دەرسیم، ئەرزنجان، مەلاتیە، ئەلازیگ و ئادییەمان. لە ناو خەڵكی ئەو ناوانە باوە، كە ئەوان لە خوراسانەوە هاتوونەتە ئەو ناوە. دیارە ئەمە ڕاست نیە، بەڵام هەروا بێ هیچ سۆنگە و هۆش ناگوترێت. ئەوان دەزانن بەشی زۆری هۆزو خزمەكانیان كەوتوونەتە خوراسان. هەروەك بە دووریشی نازانم، هەندێكیان درەنگتر پێدزەیان كردبێت و، دیسان لەوێوە گەڕابنەوە ناوچەكانی پێشویان. تا ئێستا بەڵگەی ڕوون و دیار لەسەر ئەمە لەبەر دەستدا نیە. ئەوەی هەیە تەنیا ئاماژە بۆ یەك هۆ كراوە، ئەویش گوایە شا عەباس ئەو كوردانەی بە لایەنگرو دڵسۆزو هاو مەزهەبی سەفەویان داناوە و، ئەركی پاراستنی سنوری خوراسانی پێ سپاردوون، لە دەست توركمانە سوننەكانی ئەو ناوە. من دڵم بەوە ئاو ناخواتەوە، تا وا بە ئاسانی ئەمە پەسەند بكەم، كە شا عەباس ئەوانی بۆ پاراستنی سنوری خوراسان ناردۆتە ئەوێ، چونكە سنورەكانی خوراسان، زۆر ئارامتر بوون، بە بەراورد لەگەڵ سنوری ئازەربێجان، لەگەڵ توركانی سوننەی عوسمانی، (دوژمنی هەمیشەیی توركانی شیعەی سەفەوی) و، كوردیش، كە بە بەربڵاوی لەو سنورانە دەژیان. كوردە شیعەكان، ئاشنایەتی باشیان بە سنورەكانی ئازەربێجان و كوردستان و ئەنادۆڵ هەبووە. ئەوان ژمارەیەكی زۆر خزم و ناسیاو و دۆستیان، هێشتا لە بەری توركانی عوسمانی دەژیان. بە هەمان زمانی باوی كوردی ناوچەكە دەدوان. كەواتە مانەوەیان لەوێ كاریگەری زۆر پتر بوو، بۆ پاراستنی دەستەڵاتی سەفەویان، تا ناردنیان بۆ خوراسان. دەكرا كەسانی دی بۆ خوراسان بنێردرێن. لەبەر ئەو هۆیە، دەبێ بیر لە هۆكاری دی بكەینەوە، كە بۆتە هۆی دوورخستنەوەی كوردان لە ئازەربێجان. جارێ تا بەڵگەنامەی مێژویی پترمان دەست دەكەوێت، دەكرێ بیر لەو هۆكارانەی خوارەوە بكەینەوە، كە بە بیری مندا دێن:

**یەكەم**: هێزو توانای سەفەویان، لەو هۆزو تیرە توركە شیعانەوە دەهات، كە لە دوای پەلاماری مەغۆلانەوە، كەوتبونە دەست بەسەرداگرتنی زەوی كوردان و نیشتەجێ بوون تێیدا، لە ئازەبێجان. هەر هۆزێكی شەڕكەری تورك، (تیولی) ناوچەیەك یان پتری هەبوو. شا سەفەویەكان، دەبا دەستیان بۆ ئەو هۆزانە ئاوەڵە بێت، بەڵام لە كیسەی خۆیان نا، بۆیە



سەرچاوە
Serchawe

دوور نیە یەکێ لەو هۆزە تورکانە، داوای خاکی چەمشکەزەک و زافرانلو وهۆزە هاوپەیمانەکانی دی سەفەویانیان کردبێ و، شاش نەیتوانیوە بڵێ نا. بۆ چارەسەری ئەمەش، کوردەکانی ڕاگواستووە.

**دووەم**: گومانێکی دی بۆ دوورخستنەوەیان، ئەگەری ئاینی یە. لەوانەیە کوردەکانی ئازەربێجان، تا ئەوکاتەش هەر عەلیپەرست یان قزلباش بووبن. ئەوان هۆزو تیرە و خزم کەس و کاری زۆری دی عەلیپەرستیان لە ناو خاکی عوسمانیدا مابووەوە. ئێستاش کوردێکی زۆری ناوچەی دێرسیم عەلیپەرست یان عەلەوین. لەوانەیە پەیوەندی و هاموشۆی ئەوان لەگەڵ خزمەکانیان، وایکردبێت، کە کاریگەری عەلیپەرستی لایان بەهێزبێت، لە کاتێکدا سەفەویکان شیعەی دوازدە ئیمامی بوون. بۆیە دوورخستنەوەیان، لەوانەیە بە مەبەستی دوورخستنەوە لە کاریگەری و ژینگەی خزمە عەلەویەکانیان بێت، بۆ چەسپاندنی مەزهەبی شیعەگەری لە ناویاندا.

**سێیەم**: گومانی ئەوەش هەیە کە کوردەکانی خوراسان، هەر وەکو سەردەمی تەیموری لەنگ، هەر سەر بە مەزهەبی سوننە بووبن. ناردنی کوردانی چەمشکەزەک و کوردانی دیش، لە لایەن سەفەویانەوە بۆ لایان، ڕەنگە وەکو هەوڵێک، بێت بۆ بە شیعەکردنی هەموو کوردانی خوراسان، هەروەک ئێستا دەیبینین.

**چوارەم**: سزادانی بەکۆمەڵ، لە لایەن دەستەڵاتدارانی ڕۆژهەڵاتەوە، بە درێژایی مێژو، کارێکی باو و چاوەڕوانکراو بووە. سەفەویەکان لە سزادانی بە کۆمەڵی کوردان، هەموو یاساو ڕێسایەکیان بەزاندبوو. دوور نیە ئەو کوردانە، یان فەرماندارەکانیان، لە جێبەجێکردنی فەرمانێکی شا عەباسدا خۆیان گنخاندبێت، یاخود بە دڵی ئەو جێبەجێیان نەکردبێت و، لەسەر ئەمە بە کۆمەڵ سزادرابن و، بۆ خوراسان دوورخرابنەوە.

هەر کامە لەو هۆکارانە بووبێت، هیچ لەو ڕاستیە ناگۆڕێت کە شا عەباسی سەفەوی، بەئاگا یان بێئاگایانە، بناغەی کۆمەڵگای کوردی لە خوراسان دانەناوە، وەک لە زوربەی سەرچاوەکاندا نوسراوە. چونکە وەک دەرمانخست، بەڵگەو نوسراوی پێویست لەبەردەستدان، کە دەیسەلمێنن، بوونی کۆمەڵگای کوردی لە خوراسان، ڕەگێکی زۆر کۆنتری هەیە. بێگومان شا عەباس، بە ناردنی ژمارەیەکی دی کوردان لە کوردستانەوە بۆ خوراسان، کۆمەڵێک گۆڕانکاری بنەڕەتی بەسەر کۆمەڵگای کوردی، لەوێ داهێناوە. ئەوەی کە لای من زۆر جێی سەرنجە، بریتیە لە زاڵبوون و باڵادەستی زاراوەی باکور (کرمانجی)، لە ناو کوردەکانی قوچان و شیروانە، کە بە گوێرەی بەڵگەکان، کوردانی پێش ئەو دوا شەپۆلی کۆچە، نابێ لە باکوری کوردستانەوە هاتبن، بەڵکو کوردی باشور بە گشتی و، پارس بە تایبەتی بوون. ئەمە گومانی ئەوەمان لا دروست دەکات کە کوردانی کۆن، لە ماوەی دوو سەت ساڵدا، (لە تەیموری لەنگەوە تا شا عەبباس)، زمانی کوردیان لە بیرچووبێتەوە و

توابنەوە. وەک دەزانین تەیموری لەنگ لە دەوروبەری ساڵی ١٣٨١ زاینی، بینیویەتی کە کوردانی قوچان، جگە لە کوردی چ زمانێکی دیان نەزانیوە، کەچی لە سەردەمی شا عەباسدا (١٥٨٧ - ١٦٢٨ زاینی)، واتا دوای دوو سەت ساڵ، هەر زاراوەی باکور (کرمانجی) لەوێ دەمێنێت. ئەرکی زمانەوانانی کوردە کە لە نزیکەوە کاری مەیدانی لەسەر زمانی ئەو ملیۆنان کوردەی خوراسان بکەن و، شوێنەواری زاراوە کۆنەکان و، ئەو تێکهەڵکێشەی دواتر بدۆزنەوە و لێی بکۆڵنەوە. بێگومان بەهۆی دابڕانی کوردانی ئەوێ، زمانەکەیان زۆر دیاردەی زمانەوانی کۆن و، وشەگەلی تایبەتی سەردەمە کۆنەکانیشیان پاراستووە و، دەکرێت سودی زۆریان لێ وەربگیرێت.

جگە لە کاریگەری زمان، دەکرێ بڵاوبونەوەو چەسپانی شیعەگەریش، لای کوردانی خوراسان، بۆ دوای ڕاگواستنەکانی شا عەباس بگێڕینەوە. هاتنی کوردانی تازە بەگشتی، دەبێ وەکو خوێن تێزانەوەیەکی تازە لە دەماری کوردانی دوورە وڵاتی ئەوێ لەبەر چاو بگرین. بە جۆرێک کە چەرخی چەپگەردی ڕۆژگار، لەو ٥٠٠ ساڵەدا، ئەگەرچی شوێنەواری قوڵی خۆی بەسەردا بەجێهێشتوون، بەڵام نەیتوانیوە بیانتوێنێتەوە و، لە ناویان بەرێت.

## سەرەنجامی بابەتەکە

بوونی کورد لە خوراسان، ڕەگی زۆر لە سەدەکانی ناوەڕاست کۆنترە. ڕاگواستنی کورد لە سەردەمی سەفەویاندا، تەنیا مەڵۆیەک بووە و، خراوەتە سەر گیشە سەرەکیەکەوە. هەڵوەدابوونی کوردان، زۆر پێش ڕاگواستنی سەفەویان دەستی پێکردووە. بەڵگەکان وای دەردەخەن کە شەپۆلی کۆچی بە کۆمەڵی کوردان، چ بۆ خوراسان بوو‌بێت، یان شوێنی دی، تا هیندستانیش (وەک پاشماوەی زەردەشتیەکانی شاری بۆمبای)، بۆ دوای نەمان و لەناوچوونی دەستەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ساسانی دەگەڕێتەوە. ئەو کاتانە چەوسانەوە و زۆرداری دەستەڵاتدارانی تازەی عارەبی موسوڵمان، لەسەر خەڵکی هەندێ ناوچەی باشوری کوردستان، لە ڕادەبەدەر زۆر بووە و، بەشێکی ئەو خەڵکانەی کە بەرگەیان نەگرتووە، سەری خۆیان هەڵگرتووە. گومانی ئەوەش هەیە کە زووتر و لە سەردەمی ساسانیاندا، کوردان ئاشنایەتیان لەگەڵ خوراسان هەبووێت و، وەکو مەرسەوان و پاسەوان، لەوێ کاریان پێسپێردراوە و ماونەتەوەش.

زانیاریمان لەسەر سەرەتاکانی بوونی کوردان، ئەمەندە کەمە کە پتر دەچێتە بواری ئەگەر و گریمانەوە. دیارە لەملاو لەولا، فاکتە و زانیاری نوسراویش هەن، کە کەمێک ڕۆشناییمان پێدەدات. وەک لە هەندێک نوسراوی کۆندا دەرکەوتووە، کوردانی خوراسان، لە ساڵانی بەرایی سورگومیاندا، بەوە دەناسرێنەوە کە هەمیشە گورج و گۆڵ و چالاک بوون. ئەوان لە بواری سیاسی و سەربازیدا، ڕۆڵی بەرچاویان لە بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتی خێڵەکی و پان عارەبیستانەی کاربەدەستانی

ئیسلام هەبوو.

ڕۆڵەی کوردی خوراسانی وەکو (ئەبو موسلیم)یان تێدا هەڵکەوت، کە بەرەنجامی کارە جەنگی و سەربازیەکانی ئەو لە کوردستان، کۆتایی بە دەستەڵاتی تەنگەتیلەی عەرەبی هێنا و، دەستەڵاتێکی (نێونەتەوەیی ئیسلامی)، یان خەلافەتی عەباسی، جێگای گرتەوە. بە هۆی هەوڵ و کۆششی ئەو و، کوردانی خوراسان بوو، گەلانی ناعەرب، دیسان ڕۆڵی ئاسایی خۆیان وەرگرتەوە. بە دەیان میرنشینی کوردی دامەزران و، سەرەنجام زمانی کوردیش بوژایەوە. کوردانی خوراسان لە ڕووی ڕۆشنبیریشەوە، ڕۆڵی گەورە و بەرچاویان بینیوە. ڕۆشنبیرانی هەرسێ دەستە و نەتەوەی ناڕازی، کە لە خوراسان یەکیان گرتبووەوە، واتا کوردانی پارس و سامانیە (دەری) زمانەکان و عارەبەکانی (توس) و خوراسان، کە لایەنگرانی عەلی و عەباس بوون، بە یەکەوە (زمانی هاوچەرخی) فارسیان بە گەڕخست. ئەو زمانەی، هەر لە دروستکردنیەوە، بە تێکهەڵکێش کردنی زاراوەی کوردی پارس و زمانی دەری و زمانی عارەبی، لە سەدەی هەشتی زاینی، بوو بە زمانی نێو نەتەوەیی، هەموو نەتەوە نا عارەبەکانی ڕۆژهەلات(٨).

ئەمرۆش، بایەخی کوردانی خوراسان، بۆ ئێمەی کوردستانی، لە دوێنێیان کەمتر نیە. یەکێک لەو بایەخە زۆرانەی کە هەیانە، لە بواری زمانەوانیە. دەکرێت لە ڕووی زمانەوە، کارێکی زۆرو زەوەندی مەیدانیان لە ناودا بکرێت. واتا شارەزایانی زمان، بە هاوکاری ڕۆشنبیرانی زمانزانی کوردی خوراسان، دەتوانن کارێکی زۆر لەسەر زمانی خەڵکی بکەن. بەراوردی دیاردە زمانەوانیە لێکچووەکان و لێکجیاوازەکان بکەن. هەروەک ئەو دیاردە زمانەوانیانەی کە لە زاراوە کوردیەکاندا نەماون و، تا سەر زمانی کۆنینەی پەهلەوی دەچنەوە. لەمانەش گرنگتر، کۆکردنەوەی فەرهەنگی وشەی هەموو هۆزو تیرە کوردیەکانی ئە، لە چوارچیوەی دوو بەرگی کتێبێکدا. زمانی کوردی ئەوێ، سەدان ساڵە بە جیا لە کاریگەریەکانی گەشەی زمانی کوردی لە کوردستان و، بە ئاراستەیەکی جیاواز و سەربەخۆو، بە کەرەستەی تایبەت بە خۆی، دەچێتە پێش. دەکرێت کاری توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و بەراوردکاری فراوانی لەسەر بکرێت. بە دووری نازانم زۆر لایەنی ڕێزمانی، لە ئێمە شاراوەی زمانی کوردی، لەوێ بدۆزرێنەوە.

کوردەکانی خوراسانیش، وەکو هەموو هەرێمەکانی کوردستان، خاوەنی سامانێکی گەورەی فلکلۆری و گەلێرین، کە بۆ ئێمە بایەخی تایبەتیان هەیە. داستانەکانیان، لاوک و ئاوازو چیرۆک و بەسەرهاتی ڕۆژگار، هەروەک زۆر لایەنی شاراوەی مێژوی ئەوانیش لەوێ، یان لە نیشتیمانی زووتریان دەردەخات. ئەم دەقە فۆلکلۆریانەی ئەوێ، کە پشتاو پشت پارێزراون، لە زۆر بواری بەراوردکاریشدا، سودیان لێوەردەگیرێت. بۆ نمونە ئەو تۆخمانەی لە گێڕانەوەکانی ئێمەدا هەن و لای ئەوان نین، ئەوا هەندێکیان هێمان بۆ تۆخمی تازە هاتوو بۆ ناو فلکلۆرمان. هەروەک بوونی تۆخمی ناوازە و نەبیستراویش، لە

فۆلکلۆری ئەوێ، هەمان واتای تازەیی و وەرگیران لە دەرو دراوسێ، یاخۆ داهێنان دەگەیەنێت.

ئەگەر سەرنجێکی خێرا لە دابونەریتیان بدەین، شەقڵی ژیانی ڕەوەندی و مەڕداری، زۆر بە زەقی، بە هەڵسوکەوت و جلوبەرگ و پێکهاتەی ناو ماڵیانەوە دیارە. بێگومانم بە لێکۆڵینەوەی مەیدانی تێرو تەسەل و گشتگیر، هێشتا زۆر لایەنی شاراوەی دی ئەو (کوردستانە) دوورەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە.

کوردانی خوراسان، چ لە ڕووی ژمارەو، چ لە ڕووی ڕووبەرو پانتایی ئەو خاکەی کە لە سەریدا نیشتەجێن، وڵاتێکی تایبەت بە هەموو مەرجە پێویستیەکان، بۆ خۆیان پێکدێنن. بەداخەوە دەڵێم تا ئێستا ئەو بایەخەی (هەر بۆ نمونە) بەو چەند هەزار کوردە دراوە، کە لە دوای تێکشکانەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیەوە، لە باکوری کوردستانەوە ڕوویان لە لوبنان کردووە، بە چارەکی ئەوەش بایەخ بەو کوردستانە، تا ڕادەیەک گەورەو پڕ لە دانیشتوانە نەدراوە. دەکرێ و زۆریش پێویستە، بە هەوڵ و تێکۆشان و بەشداری دامو دەزگا و ڕێکخراوە سیاسی، ڕۆشنبیری جەماوەریەکان، هەنگاوی گەورە بهاوێژرێت، بۆ دروستکردنی پردێکی پەیوەندی هەمیشەیی، لەگەڵ ئەو کوردانەی ئەوێ. ڕایەڵی پتەو لە نێوان دامودەزگا و ڕێکخراوە هاوپیشەییەکانی هەردوولا ببەسترێت، تا بواری ئاڵوگۆڕ و پێکەوە کارکردن بێتە گۆڕێ. کوردستانی خوراسان، بە هۆی سیاسەتی دەوڵەت و دەسەڵاتی ناوەندی، لە دان نەنان، یاخود پشتگوێ خستنی بوونی گەلانی نا فارس و، بایەخ نەدان بە باری ڕۆشنبیری و زمانی ئەوان لە لایەکەوە، هەروەها بەهۆی پاشکەوتنی باری سیاسی و ڕۆشنبیری کوردەکانی ئەوێ خۆشیان، شان بە شانی هۆکاری ئایینی، کە ئەوان بە هۆی ئەوەی لەگەڵ زۆرینەی فارس زمانەکان هاو مەزهەبن، بە ئاسانی (جیاوازیەکانی) دی خۆیان لە بیر دەکەن و، خێراتر لەگەڵ ژینگەی دەوروبەریان ڕادێن، هەموو ئەو هۆیانە بە یەکەوە، هەڕەشەیەکی گەورەو مەرگباریان لەسەر ئەو گەلە پێکهێناوە. زمان و فەرهەنگ و دابونەریتیان، وا لە ئاستانەی نەمان و لەناوچوون دایە.

ئەرکی بە پەلەی ڕۆشنبیران و دامو دەزگاو دامەزراوە فێرمی و ڕۆشنبیریەکان ئەوەیە کە لە هەموو بوارە جۆراو جۆرەکاندا بکەونە جوڵە. دەبێ بە پەلە، پەیوەندی چەند سەرە و فراوان، لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی (کوردخانە، کوردستانی خوراسان) دروست بکەن. تیپە وەرزشیەکانیان، نوسەران، گۆرانیبێژان و تیپە مۆسیقیەکانیان، پەیوەندیان پێوە بکرێت. بۆ دەرەوە و ناو ڕەوەندی کوردی دەرەوەی کوردستان، هەروەک بۆ باشوری کوردستان، بانگێشت بکرێن. چاک وایە لە کەناڵە ئاسمانیە کوردیەکاندا، بەرنامەی تایبەتیان، لەسەر و بۆ، تەرخان بکرێت. ڕۆڵەکانی خۆیان بانگهێشت بکەن، تا سەرپەرشتی ئەو جۆرە بەرنامانە بکەن. بۆرسی تایبەتی خوێندن و ڕاهێنانیان، لە زانکۆکاندا بۆ دیاری بکرێت، تا بتوانن لە کاتی گەڕانەوەیاندا، باشتر خەریکی گەشەپێدانی باری ڕۆشنبیری گەلەکەیان بن. پێویستە سودی زۆر لە ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت



سەرچاوە Serchawe

وەربگیرێت، کە ئاسانترین و هەرزانترین هۆکاری (تا ڕادەیەک) ڕێگاپێدراوە لە ئێران، بۆ پەیوەندی گرتن. بەرهەم و بابەتەکانیان لەو ماڵپەڕانەدا بڵاوبکرێنەوە. هەواڵ و ڕووداوە سیاسی، کۆمەڵایەتی، وەرزشی و ڕۆشنبیریەکانیان، بایەخی گونجاویان پێبدرێت. شەپۆلی ڕادیۆیی ئاراستە کراو، بە زمان و زاراوەی خۆیان دابندرێت، تا ئاگاییان بۆ سەرەوەتر ببردرێت. لەمانەش هەموی گرنگتر، دەبێت ڕێکخراوەکانیان، لە رووی داراییەوە پشتگیری بکرێن. داخوازی و پێویستیەکانیان جێبە جێ بکرێن، تا بتوانن لەسەر پێی خۆیان ڕاوەستن و، لە کارکردن پەکیان نەکەوێت. دەبێ هان بدرێن تا حیزب و ڕێکخراوی سیاسی تایبەت بە خۆیان پێکبێنن، بۆ دەستەبەرکردنی مافە مرۆڤایەتی و ڕۆشنبیریەکانیان. ئەگەر بتوانن خۆیان ڕێکبخەن، ئەوا دەتوانن وشیارانە هەڵسو کەوت لەگەڵ داخوازی و مافە ڕۆشنبیریەکانیان بکەن و، شێلگیرتربن لە بەدەست خستنیان. پەیوەندی هەراو و هەمەلایەنەی ئەوان، لەگەڵ باشوری کوردستان و ناوەندە ڕۆشنبیریەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەروەها لەگەڵ ڕەوەندی کوردی لە دەرەوەی کوردستان، بە تایبەت پایتەختی ئێران، تاران، لەبەر نزیکی و ئاسانی پەیوەندی بە کوردانی هەموو ناچە جیاوازەکان. ئەمانە هەمووی، ڕەنگە بتوانرێت ئەوان لە نەمان و توانەوە دەرباز بکات و، تەنانەت بکەونەوە سەر پێی خۆیان، تا ئەو ڕۆژە دێت بە مافە ڕەواکانی خۆیان شاد دەبن. ئەگەر بتوانین، بە هەوڵ و کۆششی هەموو لایەک، کوردستانی خوراسان، لەو چارەنوسە خراپەی کە تێی کەوتوون، دەربێنین و، بوونی کوردان لەوێ (لانی کەم جارێ لە ڕوی زمان و ڕۆشنبیریەوە)، لە نەمان بپارێزین، ئەوا ئەوێ، لە دوارۆژی پڕ لە جەنجاڵ و نادیاری کوردستاندا، پشت و پەنا و قوڵاییەکی ستراتیژی ئێمە دەبێت. ئەگەر توانیشمان لەسەر پێی خۆمان ڕاوەستین و سەربەخۆ بین، دیسان کوردستانی خوراسان، دەبێ بە پردی پەیوەندی ئێمە، لەگەڵ وڵاتانی ناوەڕاستی ئاسیا. کوردانی خوراسان، ئەو گەنجینە شاراوەیەن، کە دۆزینەوە و پاراستنی، ئەرکی هەمووماندە و هەمووشمان بە بوونی سودمەند دەبین.

لەم دواییانەدا و لە ڕێگای هەندێک هەواڵی ماڵپەڕەکان و کوردانی ڕۆژهەڵاتەوە، بۆم ئاشکرابوو کە حکومەتی ئێران، ترسێکی زۆری لە چالاکی ڕۆشنبیری کوردانی خوراسان لێنیشتووە. چەند گۆڤارو بڵاوکراوەیەکی کوردی، کە لەوێ بە توانای کەمی ڕۆشنبیران بڵاودەکرانەوە، هەموویان داخراون. ڕۆشنبیران خراونەتە زیندانەوە. هەموو جۆرە چالاکیەکی ڕۆشنبیرییان لێ قەدەغە کراوە. دیارە ئەمە ئەو پێشبینیە مەترسیدارە بوو، کە ئێمە چاوەڕێمان دەکرد. ئێستا درەنگە و، دەبێ ڕۆشنبیرانی کوردی خوراسان، لە باشوری وڵات و هەندەران، کۆبکرێنەوە و هەموو توانایەکیان بخرێتە بەردەست، تا لە ڕێگای میدیا کۆمەڵایەتیەکان، تۆڕەکانی ئینتەرنێت و، کەناڵە ئاسمانیەکان، هەروەها ڕادیۆی ئاراستە کراودا، پردی پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی خۆیان دامەزرێننەوە.

لە هەندێک لە شارەکانی کوردخانە، ڕێگا بە بڵاوکردنەوەی پەخشی ڕادیۆیی بە کوردی دراوە، بەڵام دیار نیە کە بۆ ماوەیەکی کاتیە، یان بەشێکە لە دەستەبەرکردنی داخوازیەکیان. ناوەندی چاندو فەرهەنگی کوردی لە شاری قوچان، ڕەنگە گەورەترین ناوەندی ڕۆشنبیری کورانی خوراسان بێت. هەروەک ناوەندی پەخشی کوردی رادیۆ و تەلەفزیۆنی دەوڵەت بە

کوردی، لە شاری بوجنورت داندراوە. بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی کە لەبەر دەستدان، ساڵانە لە نێوان ٨ تا ١٠ کتێبی کوردی، لە شارە کوردیەکانی کوردخانە چاپ دەکرێن.

پەراوێزەکان:

١- کتێبی نایابی (حرکت تاریخی کرد بە خراسان)، لە نوسینی کلیم الله توحدی، کە سێ بەرگە و پڕیەتی لە بەڵگەنامەی بە سود، لەو سەرچاوە باشانەیە کە باسی ڕاگواستنی کوردان لە سەردەمی شا عەباس دەکات، بە داخەوە ئێستا کتێبەکەم لا نەماوە و نەمتوانی سودی لێوەربگرم. ئەم نوسەرە بەڕێزە چەندان کتێبی دی بەسودی بڵاوکردونەتەوە و من نەمبینیون.
٢- شاسوار.خ. هەرشەمی، کارنامەی ئەردەشێری بابەکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،٢٠٠٠ سلێمانی، ل ٢٤.
٣- هەمان سەرچاوە. ل ٢٩.
٤- بە گومانی زۆر، مەبەستی تەیموری لەنگ لە لباد، کەپەنەک بووە, کە ڕەوەندو مەڕدارانی کورد، تا ئێستاش، بۆ خۆپاراستن لە باران و بەفرو ساردی، لەبەری دەکەن.
٥- مارسل بریون، منم تیمور جهانگشا، سرگذشت تیمور لنگ، بقلم خود او، اقتباس ذبیح الله منصوری، تهران ص ٦٣ - ٦٤.
٦- هەمان سەرچاوەی پێشو، ل ٢٤٦.
٧- هەمان سەرچاوەی پێشو، ل ٦٢.
٨- شاسوارهەرشەمی، هەندێک زانیاریەکی گشتی لەبارەی زمانەوە. کوردۆلۆژی. سلێمانی. ٢٠٠٩.
٩- ابن خلکان. وفیات ألأعیان وأنباء أبناء الزمان. تحقیق احسان عباس. دار صادر. بیروت. ١٩٩٤.جزء ٧.

سەرچاوە: ماڵپەڕی مێژووی کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئەپریلی ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

# کوردانی خۆراسان، پارێزەرانی زمان و کولتوور



شەریف فەلاح

**لە ٢٢ هۆزی گەورەو ١٢٢ بنەماڵەی بچووکتر پێکهاتوون و ئەوان بە خاک و وڵاتی خۆیان دەڵێن (کوردخانە)**

لە سەرەتای سەدەی شانزیەمی زایینی ئیمپراتۆری شیعە مەزهەبی سەفەویان، وەک رکابەرێک لە بەرانبەر ئیمپراتۆری سوننە مەزهەبی عوسمانیدا خۆی دەرخست و بە مەبەستی سەپاندن و هەژمۆنیی ئایدۆلۆژیا و مەزهەبی شیعە و چەند هۆیەکی دیکە، لەگەڵی کەوتە ململانێیەوە.

زێدی و نیشتمانی کورد لەم گێروکێشەیەدا کەوتە بەر پەلامار و ئیدیعای هەردوو ئیمپراتۆرەکەوە. لە ساڵی ١٥١٤ی زایینی، لە ناوچەی "چالدێران" کە ئێستە ناحیەیەکی سەر بە پارێزگای ورمێیە لە رۆژهەڵاتی کوردستان تێهەڵچوونێکی توند و خوێناوی لە نێوان ئەو دوو ئیمپراتۆرییەدا رووی دا کە بە "شەڕی چالدێران" ناسراوە، لەو شەڕەدا ئیمپراتۆری عوسمانی بەسەر ئێراندا سەرکەوت. لە ئەنجامدا نەتەوە و نیشتمانی کورد لەلایەن ئەو زلهێزەی ناوچەوە لێک ترازا و دابەش کرا و بەشێکی کەوتە بەر ئیمپراتۆری عوسمانی و ئەو بەشەکەی دیکەشی بە ئیمپراتۆریی سەفەوی برا.

ئێڵ و عەشیرە و هۆزە کوردەکان لە سەردەمی دەسەڵاتی شاعەباسی سەفەوی ساڵی ١٥٩٨ی زایینی، یان بەپێی سەرچاوەکانی دیکە ١٦٠٢ی زایینی (لە ناوچەکانی نێوان رۆژئاوای گۆلی ورمێ و دەوروبەری گۆلی وان و باشووری رووباری ئەرەس بۆ ناوچەی خوراسان لە باکووری رۆژهەڵاتی ئێران دوور خرانەوە و کۆچێنران).

دکتۆر "کەلیموڵلا تەوەحودی" کە بە باوکی مێژووی کوردەکانی خوراسان ناسراوە، لە کتێبە بەنرخەکەی "حەرەکەتی مێژوویی کورد بۆ خوراسان" دا دەنووسێ: "ئەو پەنجا هەزار ماڵباتە کورد لە ئێڵی گەورەی

١- زەعفەرانلوو

٢- شادلوو

٣- قەراچورلوو و بەشێکیشیان لە هۆزی جەلالی و عەشیرەی گەورەی شکاک بوون کە بەڕای ئەو مێژوونووسە هۆکاری ئەو هەڵکەندن و کۆچاندنەش بەتەواوەتی سیاسی بوو. هۆز و عەشیرە کوردەکان نێردرانە خوراسان هەتا لەلایەک لە بەرانبەر هێرشە بەردەوام و یەک لەدوای یەکەکانی "ئۆزبەک"ەکاندا بەرگری لە پارێزگای خوراسان بکەن و لەلایەکی دیکەشەوە جیاکردنەوەی و لێکترازانی کوردەکان لە یەکتر دەبووە هۆی لاوازیی هێزیان لە کوردستان کە ئەوکات ویست و داخوازییەکان جێگەی رەزامەندی و بە ویستی شاعەباس نەبووە.

کوردە دوورخراوەکان بۆ خوراسان بەهۆی ئازایەتی و بەهێزی و شارەزایی لە شەڕدا، توانیان هێرشبەرە ئۆزبەکەکان لە ناوچەکانی خوراسان دوور بخەنەوە و ئەو ناوچانەش کە داگیر کرابوون، کۆنترۆڵ بکەنەوە. کوردە دوورخراوەکان بۆ خوراسان پاش ئەو دەسکەوتانە لەوێ وەک سامان و نیشتمانی هەقیقی و مافی سەرەکیی خۆیان و بە رەزامەندی و هاندانی شاعەباسی سەفەوی نیشتەجێ بوون و لە بەرانبەر پاراستنی ئەو ناوچە سنوورییانەدا لەدانی باج و سەرانە بەری کران.

### ناوچەیەکیان هاوشێوەی خۆبەڕێوەبەری پێکەوە نا.

لەڕاستیدا کوردە دوور خراوەکان لەژێر ناوی پارێزەری شەرەف و کەرامەتی سنوورەکانی ئێران بۆ هەمیشە لە خوراسان نیشتەجێ بوون و لە زێد و وار و کلتووری هەزار ساڵەی خۆیان دابڕان و ئەو شوێنەی کە کوردی خوراسانی لێ دەژین لە هەندێ سەرچاوەدا بە کوردخانە ناسراوە.

### کوردخانە دەکەوێتە کوێی خوراسانەوە؟

خوراسان ناوچەیەکی گەورە و پانوبەرینە. نزیکەی هەموو سنوری ڕۆژهەڵاتی ئێران دەگرێتەوە، واتە لەلای ڕۆژهەڵات، لە

سنووری تورکمەنستان لە باکورەوە، بە درێژایی سنووری ئەفغانستان دادەکشێت، تا بۆ سنووری پاکستان درێژ دەبێتەوە. لە ڕۆژئاواش، بیابانی گەورە و قاتوقڕی (لووت)، لە هەرێمەکانی دیکەی ناوەڕاستی ئێرانی دادەبڕێت. هەرێمەکە کراوەتە سێ ئوستان: باکوری خوراسان، خوراسانی ڕەزەوی و خوراسانی باشوور.

کوردەکان بە زۆری لەوپەڕی باکوور، لە پارێزگای باکووری خوراسان، لە چەند شار و شارۆچکەیەک و دێهاتی تایبەت بەخۆیان دەژین. کوردەکان بۆخۆیان ژمارەی خۆیان بە پتر لە ٢ میلیۆن کەس دەخەمڵێنن.

## کوردخانە

کوردانی ئەو دەڤەرە، لە ٢٢ هۆزی گەورە و ١٢٢ بنەماڵەی بچووکتر پێکهاتوون و ئەوان بە خاک و وڵاتی خۆیان دەڵێن (کوردخانە). ڕووبەری گشتیی خاکی کوردان، یان کوردخانە، بریتیە لە ٦٤،١٤٤، شەست و چوار هەزار و سەت و چل و چوار کیلۆمەتری چوارگۆشە. بۆ ئەوەی لە گەورەیی و پان و پۆڕی ئەو خاکە بگەین با لەگەڵ ڕووبەری چەند وڵاتێکی ناسراوی دنیا، بەراوردی بکەین. ڕووبەری قەتەر ١١ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەیە. ڕووبەری تەیمووری ڕۆژهەڵات ١٤ هەزار و ٦٠٠ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە. هەروەک سلۆڤێنیا ٢٠ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە.

ئیسرائیل ٢١ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە. ئەلبانیا ٢٩ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە. ئەرمەنستان ٢٩ هەزار و ٨٠٠ کیلۆمەتری چوارگۆشە. بەلجیکا ٣١ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە. مۆلداڤیا ٣٤ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە. تایوان ٣٦ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە. سویسرا ٤١ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە. هۆڵەندا ٤٢ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە. دانیمارک ٤٣ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە. کورواتیا ٥٧ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە. وەک دەردەکەوێت، هەموو ئەو دەوڵەتە ناسراوانەی سەرەوە، هەروەک زۆری دیکەش، بە ڕووبەر لە کوردخانە بچووکترن.

جگە لە کوردخانە، ژمارەیەکی زۆر کوردی ناوچەکە، بۆ ئیش و کار، یان هۆکاری دیکە لە دەرەوەی کوردخانە و لە شارە گەورەکانی خوراسان دەژین. وەک مەشهەد، نیشابوور و سەبزەوار. هەندێک سەرچاوە تەنیا ژمارەی کوردانی دانیشتووی (مەشهەد)، بە ٤٠٠ هەزار کەس دەخەمڵێنن. دیارە زۆری دیش، بەهۆی خوێندن و کارەوە پەرپوەی شارەکانی دیکە ئێران، وەکوو تاران بوون.

ئەگەر پێناسەی تۆپۆگرافیای کوردخانە بکەین، ئەوا دەڵێین ناوچەیەکی شاخاویی بە پیتە. دوو ڕووباری تێدایە. ئاست و

ڕێژەی باران بارین، لە ناوچەکە بەرزە. کشتوکاڵ بە ڕێژەیەکی بەرز دەکرێت. لە هەردوو ناوچەکانی قووچان و ڕاز، نەوت و گاز بە بڕێکی کەم دۆزراونەتەوە.

کوردانی خوراسان، هەروەک کوردانی ناو کوردستان، خاوەنی سامانێکی گەورە و دەوڵەمەندی فۆلکلۆرین. ئەوان دابونەریت و فۆلکلۆری خۆیان، بە شێوەی جۆراوجۆر و، نەوە دوای نەوە، تا ئەمڕۆ پاراستووە. تا سەرەتای سەدەی بیستەمیش، کوردانی ناوچەکە بەگشتی خەریکی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، (شوانکارەیی) بوون. ئێستە لەوێش وەک هەر شوێنێکی دیکە کار و پیشەی جۆراوجۆر سەریانهەڵداوە. لە شارەکانیشیاندا بەتایبەت قووچان و شیروانە، هەروەها بجنورد، ئەسفەرایین و تا ڕادەیەک شارەکانی دیکش، کار و پیشەی باوی شاری و فەرمانبەری لە دەزگاکانی دەوڵەت، شانبەشانی دووکانداری و بازرگانی، باوە. گەورەترین شارەکانی ناوچە کوردنشینەکانی خوراسان بریتین لە: قووچان، بجنوورد، ئەسفەراین، چناران، فارووج، باجگیران، دەرەگەز، کەلات، لایین، مانە و سملقان، راز و رادکان، کە زۆرینە یان نزیک بە زۆرینەی گوند و لادێییەکانی سەر بەو شارانەش هاووڵاتییانی کوردن کە زۆربەیان سەرقاڵی ئاژەڵداری و کشتوکاڵن.

بە گوێرەی هەندێک سەرچاوە ٦٠% لە سەدی کوردانی ئەوێ، هێشتا لادێ نشینن و، کاری ئاژەڵداری و جوتیاری دەکەن. ٣٥% لە سەدی دانیشتوانیش، لە شارەکان نیشتەجێن. هەروەک ٥%یان، هێشتا بە ژیانی کۆچەری، یان ڕەوەندی دەژین و کوێستان و گەرمیان دەکەن. ئەم شێوە ژیانە سەرەتاییەی کوردان، لە لادێ و ئاژەڵداری، یان ڕەوەندی و کوێستان و گەرمێن کردن، هۆکاری سەرەکیی پاراستنی زمان و دابونەریتی دیکە وەک جلوبەرگ و خواردن و ئاواز و گۆرانی و داستان و لاوکەکانیان بووە.

گرنگترین رووبار لەو ناوچەیە، رووباری "ئەترەک"ە کەلە کوێستانەکانی "هەزار مەسجد"ەوە سەرچاوە دەگرن و دەڕێژتە زەریای خەزەرەوە. گەورە و بەرزترین کێو و شاخەکانی ناوچە کوردنشینەکانی خوراسان بریتین لە: هەزار مەسجد لە رۆژهەڵات، بینالوود لە باشووری رۆژهەڵات، شاجیهان لە باشوور، ئاڵاداغ لە ڕۆژاوا و کێوی گولیل لە باکوور کە هاوسنووری وڵاتی تورکەمەنستانە.

هەموویان بە شێوەزاری کورمانجیی سەروو دەئاخڤێن و بەو پێیەی کە ماوەی زیاتر لە ٤٠٠ ساڵە لە نیشتمان، زمان و کولتووری دایکیی خۆیان دوور خراونەتەوە، هەروەها چەند هۆیەکی دیکەی وەک هەڵاواردنی زمانی، فەرهەنگی ئابووری بەتەواوەتی لەلایەن دەسەڵاتە یەک لەدوای یەکەکانەوە پەراوێز خراون.

وەگەڕ نەخستنی دەسمایەی حکوومەتی لەو ناوچانەی کە کوردی تێدا دەژی، پشتگوێ خستنی بەرپرسانی حکوومەتی بوونەتە هۆی ئەوەی کە گەشە و بووژانەوەی ئەو ناوچانە بگاتە کەمترین ئاستی خۆی، لە بەرانبەردا دێوەزمەی هەژاری، تووشبوون بە مادە هۆشبەرەکان و بێکاری و خەسار و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان باڵ بەسەر ئەو ناوچانەدا بکێشێ. هەرچەند ئەو گرفت و دیاردانە لە ناوچەکانی دیکەی ئێرانیش بەدی دەکرێن، بەڵام سیاسەتی دوژمنکارانە لە هەندێ ناوچە بە ئەنقەست ڕەچاو دەکرێت.

ماوەی نزیک بە دوو دەیەیە کوردانی خوراسان لەژێر کاریگەری و هێژمۆنیی گوتاری نەتەوەیی و بووژانەوەی فەرهەنگی نەتەوەی کورد بەگشتی و بەتایبەتی گەشە و بووژانەوەی کولتووری لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەستیان داوەتە بزاوت و راسانێک و لەسەر بنەما و ریشەی ئەدەبیات و زمان و کولتووری دێرینی نەتەوەیی بەدوای ناسنامەی خۆیانەوەن. ئەم جووڵانەوە فەرهەنگییە لەئاستی میدیا کوردییەکاندا بە زەقی دەبینیرێ، بۆیە کەوتوونەتە ژێر چاودێری و کۆنترۆڵی توندی دامودەزگا ئەمنی و سەربازییەکانی حکوومەت و چالاکانی فەرهەنگی، مەدەنی و سیاسی و هونەریی کوردی خوراسان دەگیرێن و لەژێر زەخت و گوشار دان و هەتا ئێستە دەیان چالاکوانی فەرهەنگی، مەدەنی، نووسەر، شاعیر، هونەرمەند و خوێندکاری کوردی خوراسان دەستبەسەر و راپێچی زیندان و ناوەندە ئەمنییەکان کراون.

ناوەندەکانی فێرکاریی زمانی کوردی، رێکخراو و دامەزراوەی سیاسی و مەدەنیی کورد و تەنانەت غەیرە کوردیش لەو ناوچانە بەتەواوەتی قەدەغەن و لەگەڵ ئەو کەسانەی هەوڵی رێکخستنی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و سیاسی بدەن، بە توندی هەڵسوکەوت دەکرێت.

گرتنەبەری ئەم سیاسەتانە لەڕاستای ئاسیمیلاسیۆنی کولتووری و زمانیدا دەکرێن هەتا زیاتر لە رەگ و ریشە و ناسنامەی خۆیان دوور کەونەوە و لەناو کولتوور و زمانی باڵادەستدا بتوێنەوە.

ئەوەی گرنگە و دەبێ جەختی لەسەر بکرێتەوە، سەرەڕای ئەو زەخت و گوشارانەی بە درێژایی ٤٠٠ ساڵ لەلایەن حکوومەتە جۆراوجۆرەکانەوە لەباری کولتووری و سیاسییەوە لەسەریان بووە، بەڵام پێداگرییان لەسەر پاراستنی زمان و ئەدەب و کولتووری خۆماڵی و رەسەنی خۆیان کردووە.

فۆلکلۆر و زمان و ئەدەبی زارەکی، پاراستنی دابونەریت و کولتووره رەسەن و دێرینەکان یەک لەو بوارانەیە بە نهێنی و شاراوەیی کاریان لەسەر کردووە و بە گیان و دڵ پاراستوویانە.



سەرچاوە
Serchawe

لە ماوەی دوو دەیەی رابردوودا شان بەشانی رەوت و جمشتی رۆشنبیری و بووژانەوەی فەرهەنگی و زمانی لە شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، لەوێش جموجۆڵ و بووژانەوەی فەرهەنگی لە ئاستێکی بەریندا دەستی پێکرد.

بە چوونی رێژەی زۆری خوێندکارانی کوردی ئەو ناوچانە بۆ زانکۆکانی مەشهەد و تاران و ئاشنابوونیان لەگەڵ خوێندکارانی دیکەی کورد و دامەزرانی پەیوەندیی لە نێوان نووسەر، رۆشنبیر و نوخبەکاندا ئیتر گوتاری نەتەوەیی و دۆزینەوەی ناسنامە لەلایان بووەتە بابەتی سەرەکی و ئەم پرسە لەناو زۆربەی توێژەکانی کوردانی خوراساندا رووی لە گەشەکردن کرد.

ئەگەرچی کوردەکانی خوراسان بە سنوور و جوغرافیا لە چەقی پرسەکانی کوردستان دوورن، بەڵام زەخت و گوشار و دووری نەیتوانیوە ناسنامەی کوردایەتییان لێ زەوت بکات و هەردەم بیر و خەیاڵیان لەلای زێد و نیشتمانی دایکیی خۆیان کوردستان.

ناکرێ باسی مێژوو، زمان و ئەدەب و فەرهەنگی کوردانی خوراسان بکەین و باسی رۆڵ و کاریگەریی رۆشنبیر و نووسەرانی دڵسۆز و خۆنەویستی کوردی ئەو ناوچەیە نەکەین. یەک لەو نووسەر و مێژوونوسە پشوودرێژانە "کەلیموڵلا تەوەحودی"یە کەلە بووژانەوەی زمان و ئەدەب و پێگەیاندنی لاوان و خوێندکاران و هاندانی چالاکانی فەرهەنگی و بەگشتی زیندووکردنی ناسنامەی نەتەوەیی کوردانی خوراساندا رۆڵی کارا و پێشەنگی گێڕاوە.

لەباری مۆسیقا رەسەنەوە کوردەکانی خوراسان خاوەنی پاشخانێکی دەوڵەمەندن و لەم بارەوە چەندین گۆرانیبێژ و ژەنیاری میللیی و نوێخوازییان هەیە و ئێستە چەند گرووپێک لەو ناوچەیە سەرقاڵی کارن کە گرووپی "کوات" ناسراوترینیانە.

**لێرەدا ئاماژە بەناوی هەندێ لە ئوستوورەکانی بواری شیعر، مێژوو، ئەدەب و هونەری کوردەکانی خوراسان دەکەین.**

لە سەردەمی ئەفشاریە و زەندییەکان: کەسێکی وەک میزا حەبیبوڵلا مستەوفی شاعیری حیماسیی ناسروی کوردە و دیوانی "مەحموود نامە" بەرهەمی ئەوە. لە دەوری قاجارییەکان کەسێکی وەک "جەعفەر قولی زەنگلی" شاعیر و هونەرمەندی میللی بواری مەقام و ئوستوورەیی کوردەکانی خوراسان سەرهەڵدەدات کە بە هۆنراوە و میللی، حیماسی و ئوستوورەییەکانی بە زاراوەی کورمانجیی سەروو مێژووی رووداو و کارەساتەکانی ناوچەکە و ئێرای تۆمار کردووە. لە دەورەی دووەمی قاجارییەکاندا دەتوانین ئاماژە بە "مەلا ئیسماعیل بوغانلوو" و مەلا "عەلی رازی" ناسراو بە (بێچارە) و "حاج محەمەد بوغانلوو" بکەین. لە دەرەی سێیەمی قاجارییەکاندا کەسێکی وەک "سەردار عیوەز خان" سەرهەڵدەدات کە سەرۆکی ئێلی



سەرچاوە
Serchawe

جەلالی بووە و کەسێکی شۆڕشگێر و قارەمان بووە و لە بواری ئەدەب و شیعریشدا دەستی بالای هەبووە. هەروەها "ئاهەنگ حەجۆ خان"، "ئاهەنگ خوداوەردی سەردار".

لە سەردەمی پالەویدا کەسانێکی وەک: "حەیدەر رشوانلوو، هەیبەتوڵلا ناتقی، عەلی مێهرەو پەیدا بوون کەل بورای ئەدەب و شعر و زمانی کوردیدا چالاک بوون.

سەردەمی کۆماری ئیسلامی: کەلیموڵلا تەوەحودی (کانیماڵ) نووسەر، مێژوونوس کە بە خۆی و ماڵبات و کەسوکارییەوە هەموو ژیانیان لە پێناو بووژانەوەی فەرهەنگ و مێژوو و هونەری کوردانی خوراساندا تەرخان کردووە و لەم بارەوە جیا لە کتێبی ٦ بەرگیی "حەرەکەتی مێژوویی کورد بۆ خوراسان" چەندین پەرتووکی دیکەی لە بواری جیاجیادا چاپ و بڵاو کردووەتەوە. لەناو نەوەی ئێستاشدا دەتوانین ئاماژە بە ناوی ئەم کەسانە بکەین: "سمایل حوسێنپور، حەسەن رەوشەن، عەلی جەلایر، جەواد رەزایی، حەمید حوسێن عەلی پور، مەحموود فەرخوندە، عەلی رەحمەتی، حەمید نەجەفزادە، ئیبراهیم شمشێریان، کیان دەبانی، غوڵامڕەزا محەمەدی، حوسێن قیاسی ئابادی، کەریم ئەکبەرزادە، فەرامەرز رۆستەمی، بەرات سەعادەتزادە، رەزا موسەلڕەزایی، محەمەد بەراتیان، غوڵامحسێن عەباسزادە، و خاتوون قەیتاقی، سەعادەتزادە، قادری فەرخوندەو... هتد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردانی خوراسان – ڕێکەوتی: ١٣ی ئەپریلی ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

# کورتەباسێک لەسەر کوردانی خوراسان



**خالید هەرکی**

کورد لەدێرزەمانەوە بەچەندین ئەگەر لەڕووی خاک و هاووڵاتیبوونەوە ژێردەست و پارچەپارچە بووە ، بەم هۆیەوە پەراگەندەی دەوروبەرو هەندێکجاریش وەکو دورخستنەوە بۆ دوورە وڵات دورخراونەتەوە، بەشێک یا ژمارەیەک لەو کوردانەی بەر ئەم پیلانە گڵاوانەی دوژمنی داگیرکەر کەوتون کوردانی خوراسانن، لێرەو لەوێ دەبیستین کە هاوخوێنەکانمان لە خوراسان بە دابڕاوی و دوور لە خاک و هاوزمانەکانیان دەژین، بۆیە من دەمەوێ لێرە کورتە باسێک لەسەر مێژووی کۆچکردنیان بخەمەڕوو.

**خوراسان کەوتۆتە کوێی ئێران؟** خوراسان هەرێمێکی پان و بەرینە لەڕۆژهەلاتی ئێران نیوەی سنورەکانی رۆژهەڵاتی ئێران دەگرێتەوە، لە رۆژهەلات و باکوریەوە تورکمەنستانە، بەدرێژایی سنوری ئەفغانستان دادەکشێتە خوارەوە، تا دەگاتە سنورەکانی پاکستان. لەڕۆژئاواش، بیابانی (لوت) دێت، هەرێمەکە کراوەتە سێ پارێزگا (ئوستان): باکوری خوراسان، خوراسانی رەزەوی، خوراسانی گوڵستان.

لەو هەرێمەی دوور لەکوردستان ژمارەیەکی زۆر لەهاووڵاتیانی کورد دەژین کە وێڕای دوری و دابڕان و فشاری رژێمە یەک لە

دوا یەکەکانی ئێران توانیویانە درێژە بەمانەوەی خۆیان بدەن و هەندێک لەکەلتور و دابونەریتی کوردانەی کۆمەڵایەتی و هونەری خۆیان بپارێزن و شانازی بەکوردبوونیانەوە بکەن، وێڕای سەرهەڵدان و هەڵگیرساندنی شۆڕش دژی ستەم و زۆرداری، لێ مخابن بەهۆی دڕندەیی داگیرکەران و هێزی زەبەلاحیانەوە توانیویانە ئەم کوردانە بێدەنگ کەن و بۆ مەرامە گڵاوەکانیان بەکار بێنن، بەو هۆیەوە نەیانتوانیوە ئازادانە بژین و زمانی دایک بەپاراوی بپارێزن یا پێی بدوێن.

کوردانی خوراسان کە بە ناوچەکەی خۆیان دەڵێن کوردخانە خۆیان بەخاوەنی خاک و هەرێمەکە دەزانن چونکە ئەوان ململانێ و بەرگری زۆریان لەسەر ئەو ناوچانە کردووەو لەدەست داگیرکەرانی ئۆزبەک و تورکمان و ئازەریان پاراستوە.

کوردانی خوراسان کە بە ناوچەکەی خۆیان دەڵێن کوردخانە خۆیان بەخاوەنی خاک و هەرێمەکە دەزانن چونکە ئەوان ململانێ و بەرگری زۆریان لەسەر ئەو ناوچانە کردووەو لەدەست داگیرکەرانی ئۆزبەک و تورکمان و ئازەریان پاراستوە.

## کۆچی ئەو کوردانە

لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی سەفەوی و عوسمانی خاکی کوردان بۆتە مەیدانی ململانێکانی مەزهەبی و ئەتەنی و فراوانخوازی ئەو دوو ئیمپراتۆریەتە چەندین شەڕ و جەنگ رووی داوە، دواییینیان شەڕی چاڵدێرانی ساڵی ١٥١٤ بوو کە خاکی کوردستان بۆ یەکجارەکی لە نێوان خۆیاندا دابەشی دەکەن و دواتریش داگیرکەرانی دیکە باشتر دەیچەسپێنن و وردتریشی دەکەن.

دوای تەواوبوونی شەڕی چاڵدێران لەسەردەمی سەفەویەکان حوکمڕانی شا عەباسی یەکەمی سەفەوی بوو کە ماوەی حوکمڕانیی لە (١٥٨٨ - ١٦٢٩) دەبێ، ژمارەی زیاتر لەسەد هەزار کورد لە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی لە هەرێمی باختەرانی نزیک بە دەریاچەی ورمێ-وە بۆ ئەم ناوچەی خوراسانە بە زۆرەملێ دەگوازرێنەوە، ئەم گواستنەوە بە پاساوی پاراستنی سنورەکانی باکوری رۆژهەڵاتی ئێران بووە لە هێرشەکانی ئۆزبەک و ئازەر و تورکمانەکان تا سنورەکانیان بۆ بپارێزێ، ئەوانەش کە بەر ئەو راگواستنەوە دەکەون لەچەندین خێڵی کوردی پێکدێن لە نموونەی (قەرەچولو، زەعفەرانلو، شادلو).

لەسەر ژیان و گوزەران و هۆکاری گواستنەوەیان بۆ خوراسان چەندین نووسەر لە نمونەی (ئەفراسیاپ شیکوفتە ،کەریموللا توحودی و سالح مەلا عومەر) باس و لێکۆڵینەوەیان هەیە.

لەوانە ئیسماعیل حوسێنێ بامەندزو لەدانیشگایەکی ئەمریکی ئەم کوردانە بەناوی هێڵی بەرگریکار لەئیمپراتۆریەتی سەفە



سەرچاوە
Serchawe

وی ناودەبا، کە وەکو وەلصان یا هێلی سور دانراون بۆ وەستانەوە لە دژی هێرشەکانی ئۆزبەک و تورکمانەکان و ئازەر.

**بۆ پرسی ژمارەی ئەو کوردانەش نوسەر سالح مەلا عومەر دەڵێ:**

لەساڵەکانی دوای شەڕی چاڵدێران و لەسەردەمی شا عەباسی سەفەوی نزیکەی ١٥٠ هەزار کورد لە ڕۆژئاوای ئێرانەوە واتا ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بۆ خوراسان گواستراونەتەوە وەکو پیلان و نەخشەی پەرش و بڵاوکردنی رەگەزی کوردی کە ئیمپراتۆرەکانی سەفەوی ئەوکاتیش ترسیان لە یەکبوونی کوردان هەبووە یەکبوونیان بەهەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان زانیوە، بەڵام لەژێر پەردەی پاراستنی سنورەکان ئەم کوردانەیان بۆ سنوری باکوری ڕۆژهەڵاتی ئێران واتا خوراسان گواستۆتەوە کە بۆ ئەوان دوو ئامانجی پێکاوە. هەم پاراستنی سنورەکانیان هەم راگواستنەوەیان لەزێدی باب و باپیرانیان و لە شوێن ئەوان ئازەرەکانیان داناوە، لەولاشەوە وا بڵاو کراوەتەوە کە کوردەکان لەشەڕ و بەرەنگاریدا ئازاو چاونەترسن بۆیە هەر ئەوان دەتوانن سنگ لەهێرشەکانی هێرشبەرانی سەر خاکی ئێران بگرن، چونکە ئەوان توانای بەرگریکردنیان لەخاکی ئێران هەیە لەدژی هێرشەکانی دراوسێکان.

زۆربەی نووسەر و مێژوونوسان ژمارەی دوو ملیۆن کورد پشتڕاست دەکەنەوە کە لە خوراسان بوونیان هەبێ لەم رووەوە مێژوونووس (ئەفراسیاپ شیکوفتە) هاودامەزرێنەری لەندەنی کرمانجیی بۆ خەڵکی خوراسان، دەڵێ تا ئێستا ژمارەی کوردانی خوراسان بەتەواوەتی نەزانراوە چونکە سەرژمێرییەکی فەرمیی بێلایەن نەکراوە ئەوەی کراوە بە ئێرانی نووسراون و بەس، دواتر رێگەشیان پێنادرێ ناسنامەی خۆیان ببوژێننەوە یا زیندو بکەنەوە کە ماوەی زیاتر لەپێنج سەد ساڵە بەهەموو شێوەیەک سەرکوت و دەچەوسێندرێنەوە. ئەوەتا تا ئێستا تاقە خوێندنگایەکیان نییە بەزمانی دایک هیچ رێکخراوێکی مەدەنی و حکومی نوێنەرایەتیان ناکات، ئەمانەو چەندین چالاکیی تر رێگەپێدراو نین بۆ ئەوان ئەوەی رێگەپێدراو بێ.

کوردەکان کە بۆ ئەو شوێنانە دەگواسترێنەوە دوای ململانێ و بەرگرییەکی زۆر لە ناوچە نوێکەیان دەتوانن ناوچەکانی شاهرود و سمنان و وەرامین و کاشان و ئیراک بەتەواوەتی بخەنە ژێر رکێفی خۆیان.

بەهۆی نەبوونی سەرچاوەیەکی فەرمیی باوەڕپێکراوی سەرژمێری ناتوانرێ ژمارەیەکی دروست لەکوردانی خوراسان بخەینە بەردەست، بەڵام بەپێی زۆربەی نووسین و سەرچاوە نافەرمییەکان ئێستا دەبێ ژمارەی کوردان دوو ملیۆن کەس بن، لەو ژمارەیە رێژەی ٦٠% نیشتەجێی گوندەکانن و بەکاری کشتوکاڵییەوە خەریکن، ئەوانە خاوەنی گوندی خۆیانن، بەرێژەی ٣٥% شارنشینن دەکرێ بڵێین بەکاری فەرمانبەری و پیشەسازی و بازرگانییەوە خەریکن ، رێژەکەی تر کە ٥% خاوەن مەڕو ماڵات

و كـاری ئـاژەڵـداری دەبـن. شـێوەزارەكیی هەمووشـیان شـێوەزارەكیی كرمـانجیی ژوور-یەو شیعە مەزهەبـن، بەڵام ئەم شـیعە مەزهەبیە دەبێتە جێی پرسیار چونكە ئەو نـاوچەی ئەو كوردانەیـان لێ راگواستۆتەوە هەموویـان سوننە مەزهەبن، دەكرێ دوای راگواستنەوەیان بەزۆر مەزهەبی شیعەیان بەسەردا سەپاندبێ.

**شارو دێهاتەكانیان، شارۆچكەو دێهاتەكانیان لەو سێ شوێنەن: باكوری خوراسان و رەزەویی خوراسان و گوڵستان. ئەمانیش بریتین لە؛ (قوچان، شیروان، وەسفەران، چناران، ئاشخانێ، دەرگەز، لاین، جوید، مانێ، سمنەغان، بجلور، فارەش، كە لات، لایت،بوژنۆرد، قۆچان، ئێسفەراییێن، مانە، سملقان، فارووج، ئاشخانە، شۆقان، چناران، دەرەگەز).**

كوردەكان لەبەرانبەر ئەو چەوساندنەوەیەی لەسـەریان بـووە دەستەوەستان نەوەستاون هەمیشە نـاوە نـاوە بە رووی زوڵـم و سـتەمی دەسـەڵاتی سـەفەویەكاندا راپەڕیـون و شۆڕشیـان بەرپـاكردووە، بەڵام هەمـووی بەهـۆی نـابەرانبەری هێزەكانیـان شۆڕشەكانیان تێكدەشكێن.

لەسـاڵی ١٨٨١ بە پێی پەیماننـامەی ئاخـال كە شـاری فیـرۆزە شـارێكی كـوردیە بەسۆڤیەتی دەفرۆشـن، لە دژی ئەو بڕیـارە سەردار ئەیوازخان لەساڵی ١٨٩٠ دەست بەشەڕی پارتیزانی دەكات.

لەسـاڵی ١٩٠٥دوای فرۆشـتنی ٣٠٠ كچـی كـورد بە توركمانەكـان لە بەرانـبەر بـاج لێـوەرگرتن بەهـۆیەوە شـەپۆلی نـاڕەزایی سەرهەڵدەدا، فەرماندەی كوردەكان (جەجۆخان) شۆڕش بەرپادەكاو شارەكانی شیروان و بەشێك لەقۆچان كۆنترۆڵ دەكات.

لەسـاڵانی ١٩١٧، خـدۆ و سـەردار دژی سـتەم و زوڵمـی دەسـەڵات رادەپەڕن، هەروەهـا لە ١٩٢١ تـا ١٩٢٧ شۆڕشـی فەرەجۆلاخان سەرهەڵدەدا بەڵام هەموو ئەو شۆڕشانە بەهۆی نەبوونی یەكریزی و یەكگرتوویی لە ێو خۆیاندا دوژمن دەتوانێ بەسەریاندا زاڵبێ و لەناویان بەرێ.

هەرچەندە لەسەردەمی رەزاشای لەناوچوو فشارو چەوساندنەوەكان سوكتر نەبوونە لەسەر كوردانی خوراسان، هەمیشە لەو ناوچەیە كە ناكۆكی لەنێوان كورد و هەر نەتەوەیەكی تر رووی بدابایە بەتایبەت ئازەرو توركمان و ئۆزبەك بێ سێ و دوو رژێمی رەزاشا پشتگیری لەنەتەوەكانی ناكورد دەكردو كوردیان سەركوت دەكرد، بەو هۆیەوە خەڵكانێكی زۆر كە لەوانە دەرفە تیان بۆ رەخسابێ و چاویان كراوە بووبێ روویان لەدەرەوەی وڵات كردووەو بوونەتە كۆچبەر لەوڵاتانی رۆژئاواو ئەمریكا، لەوانە ژمارەیەكی زۆر لە خانەوادەی شادلو كە دەگەڕێنەوە سەر فەرماندەی عێلی شادلو (حەیدەر یولیخانی شادلو) كە یە

کێک بووە لە کەسایەتی و سەرۆک و رابەرانی ئەو خێڵە راگوێزراوە ئاوارەی وڵاتانی ئەمریکا بوونە.

لەساڵانی سەدەی حەڤدەهەم کوردانی خوراسان لەشەڕەکانی نێوان فارس و تورک خۆیان بێلایەن دەکەن دیارە ئەوان لە رابردوو لەقوربانیدان پشکی شێریان بەر خستووە، هەستیان بەو ستەم و زوڵمە کردووە کە هەمیشە بەکارهێندراون و بوونە تە قۆچی قوربانیی ململانێکانی لەبنەهاتوی فارس و تورک، کە هەردووکیان کوردیان بە جەستەیەکی نەخوازراوی نامۆ بینیوە، بۆیە هەمیشە یا کاریان بۆ لەناوبردنیان کردووە یا بەکاریانهێناون و کردوویانە بە قەڵغانی شەڕو ململانێکانیان، لەکاردانەوەی ئەوەی کەبەشداری لەشەڕەکانیاندا ناکەن و نابنە تەرەفگیری فارسەکان لەوکات (سەدەی حەڤدەهەم) نزیکەی پەنجا هەزار کەسێکیان بە خانەوادەوە دووبارە لەزێدی خۆیان رایاندەگوازنەوە بۆ رۆژهەڵاتی خوراسان بەم شێوە دووبارە پە رتەوازەتریان دەکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردانی خوراسان – ڕێکەوتی: ١٣ی ئەپریلی ٢٠٢٢

## ئاریێز ئەندەریاری: کوردانی خوراسان بەشێکن لە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان



**فەرەنسا**

**کوردەکان لە ئێران (ڕۆژهەڵاتی کوردستان) نزیکەی ١٢ میلیۆن دەبن و لە ناوچەی باکووری ڕۆژئاوای ئەم ە و لە چوار پاریزگای کرماشان و ئیلام و سنە و ورمێ ژیان بەسەر دەبەن، کەچی تەنیا یەک پاریزگا بە ناوەندی سنە ناوی کوردستانی لەسەرە، بەڵام لەگە ئەوەشدا بەشێکی دیکە لە کوردەکان لە ئێران لە باکووری خوراسان ژیان دەکەن کە کەمتر باسیان لێوە کراوە و ئاوڕیان لێدراوەتەوە و هیچ کاتێک حکوومەتی ئێران وەک نەتەوەی کورد باسی لێوە نەکردوون لەو ناوچەیە و بەردەوام کەوتوونەتە پەراوێز و زوڵمی زۆریان لێکراوە.**

**سەبارەت بە ژیان و بارودۆخی تایبەتی کوردەکان لە خوراسان "گۆڤاری" بە باشی زانی دیمانەیەکی تایبەتی لەگەڵ نووسەر و لێکۆڵەر "ئاریێز ئەندەریاری" ئەنجام بدات و هەڵسەنگاندنێک بۆ ڕەوشی کوردەکانی خوراسان بکات.**

**نووسەر و لێکۆڵەر "ئاریێز ئەندەریاری"پێی وایە کوردەکانی خوراسان کە حەشیمەتیان نزیکەی دوو ملیون و پێنج سەد هەزار کەس دەبێت، لە ترسی سەرهەڵدان و شۆڕش بە زۆرەملی ڕاگوێزی ئەو هەرێمانە کران؛ ئێستاکە لە ڕووی حقوقیەوە مافی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆیان هەیە و بە (کوردانی دوورەو خراو) ناویان دەبات و پێی وایە کوردەکانی خوراسان تا ئێستا گرنگیان پێنەدراوە و پێویستە کە لە هەموو ڕوویەکەوە کاری بۆ بکرێ و میدیای کوردی بە کەمتر خەم دەزانێت لە**

هەمبەر کوردەکان ناوچەی خوراسان.

ئاریێز ئەندەریاری ئێستاکە سەرقاڵی لێکۆلینەوەیەکی سیاسی و جوغرافی و مێژووییە لە سەر ژیانی کوردەکانی خوراسان.

**سازدانی: جەماڵ نەجاری**

**وڵات: وەک نووسەر و لێکۆڵەرێک رەوشی کوردەکانی خوراسان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟ لە رووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ژمارەیانەوە؟**

**ئاریێز ئەندەریاری:** نەبوونی یەکڕیزیی سیاسی و رێکخستنێکی بەهێزو، نەبوونی پارت و پێکهاتە سیاسیە رێکخراوەیەکان، هۆکارێک بووە بۆ ئەوەی حەشیمەتی گەورەی کوردەکانی خوراسان، وەک خەڵکانێکی بێ پەناو پشتیوان بمێننەوە و نەتوانن خواستە کۆمەڵایەتی، کولتوری و سیاسیەکانیان دەستەبەر بکەن. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەو ڕاستیە بکەم تا کاتێک کەلیمۆڵڵا تەوەحۆدی کتێبی"ڕەوی مێژوویی کورد بۆ خوراسان"ی بڵاو نەکردەوە بەشێوەیەکی گشتگیر و هەمە لایەنە بایەخ و گرنگی بە کوردەکانی خوراسان نەدراوە، هەرچیەکیش هەبووە، بابەتی زارەکی و گێڕاندنەوە بووە، ئەو هەنگاوەی تەوەحۆدی بووە بنەمایەک بۆ ئەوەی کۆچپێکردن، ژیان، کولتور و کۆمەلگەی کوردان لە خوراسان لە لایەن ڕوشنبیران و دڵسۆزانی نەتەوەی کوردە بەشێوەیەکی زانستی و هەمە لایەنە بخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

کوردەکانی خوراسان وەک کوردەکانیتر، هەر لە سەرەتای کۆچپێپێکردنیان بۆ خۆراسان، ئەگەرچی کەمووکوڕیشی تێدا بووە، ناڕەزایەتی خۆیان لە بەرانبەر سیستەمی دەسەلاتداری ناوەندی دەربڕیوە و داکۆکیان لەسەر مافەکانیان کردووە، هەر بۆیە لێرەدا پێویستە ئاماژەیەک بکەیەن بە سەرهەڵدان و ململانێەکانی کوردان لەو هەرێمە. کوردەکانی خوراسان لە سەدەی ١٩دا لە هەرێمی قوچان لە دژی فەتحعەلی شای قاجار دەستیان دایە شۆڕش. دوواتر خەدوو سەردار یەکەمین هەنگاوی بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی کومۆنیستی بۆ سەربەخۆیی کوردەکانی خوراسان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا هەڵهێناوە. لە ساڵی ١٩٤٨دا فەرەجۆڵڵا خانی بیچرانلوو خانی عەشیرەتی "بیچرانلوو" بە راگەیاندنی خودموختاری لە هەرێمی سەرحەدی شیروان، هەوڵیدا بۆ ئەوەی کوردەکانی خوراسان خۆدموختار بن. بەڵام بە هۆی یارمەتی نەدانی هاوپەیمانانی، لە داگیرکردنی شاری مەشهەد و ناوەندی خوراسان، فەرەجۆڵڵا خان پاشەکشێی کرد و دووایی لە لایەن سیستەمی دەسەلاتی ناوەندی، ئەم سەرکردە کوردە دەرمان داو کراو و شۆڕشەکەی هەرەسی هێنا.

لەبەردەوامی خەباتی چەکدارانەی کوردەکانی خوراسان لە ساڵی ١٩٧٩دا، چریکەکانی ڕێکخراوی "ئەسپ تازان" بە سەرۆکایەتی نەسروڵڵا بەهادورانی، پاسگای نامانلوویان لە شاری شیروان داگیر کرد بەڵام دیسانەوە مێژوو دووبارە بووەوە و سەرۆکی ئەو جووڵانەوەیە دەرمانداو کراو ژیانی لە دەستدا.

سەرەڕای ئەوەی لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا ژیانی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێشکەوتنێکی هەمە لایەنەی بەخۆوە بینیوە بەڵام لەو ماوەیەدا، دەسەڵاتی ناوەندی بە پەیڕەو کردنی سیاسەتی "دەوڵەت - نەتەوە" کاریگەریەکی نەرێنی کردووەتە سەر کوردەکانی خوراسان. هەرچەندە لە ساڵی ١٩٥٩دا رادیۆ کوردی لە مەشهەد دامەزرا، بەڵام دەتوانین ڕاشکاوانە بڵێن کە تەنیا کردنەوەی رادیویەک بەس نەبوو بۆ ئەوەی خواستە کۆمەلایەتی، کولتوری و سیاسیەکان بەراود بکات، بەڵکوو کردنەوەی ئەو ڕادیوە بە جۆرێک بۆ پێش خستنی سیاسەتەکانی دەسەڵاتی ناوەندی بوو.

لەسەردەمی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی ئێراندا، کار بە دەستانی ڕژیم لە هەرچەشنە پەیوەندیەکی کوردەکانی خوراسان لەگەڵ کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پارچەکانیتری کوردستان ترسیان هەبووە و ئەوەیان بە مەترسیەکی گەورە بینیوە کە هەستی نەتەوەیی لەو ناوچانە بورووژێندرێت و کۆمەڵگەیەکی چەند میلیونی وەخەبەر بێنەوە و داواکاریە مرۆییەکانیان بیننە زمان، هەر بۆیە هەموو پەیوەندیەکانی کوردەکانی خوراسان لە لایەن دەزگاکانی هەواڵگری ڕژیمەوە کۆنترۆڵ دەکرێت و سزای گران دەسەپێندرێت بەسەر ئەو کەسانەی سەرپێچی لە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی بکەن.

لە خورسان قسەکردن بە زمانی دایکی ببووە جێی شەرمەزاری و دوواکەوتوویی، دامەزراندنی ناوەندی کوردی لەو هەرێمانە قەدەغە بووە، لە ماوەی زیاتر لە ٣٠ ساڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران، ناوەندە فێرکارییەکانی کوردی و دامەزراوە سیاسی و مەدەنی کورد لەناوچەکەدا بەتەواوی قەدەغە بووە و حکوومەتی ناوەندی بە توندی لەدژی هەرچەشنە جووڵانەوەیەکی بەو ڕەنگە وەستاوەتەوە. خەڵکی هەرێمەکە بۆ پۆستە دەوڵەتییەکان دەستنیشان ناکرێن وهەندێک لە سەرچاوە باوەڕ پێکراوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە دەفتەری سەرۆک کۆماری و وەزارەتی ناوخۆی ئێران، لەکوردەکانی خوراسان وەک هاوپەیمانی کوردستان و هۆکارێکی پەنگراوی بەهێز بۆ هەڕەشە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی نیزامی کۆماری ئیسلامی ناودەبەن.

سەرەڕای ئەم گوشارانەی دەسەڵاتی ناوەندی کوردەکانی خوراسان دەستبەرداری شوناس، کولتور و زمانی خۆیان نەبوون، لە دەیەی ٩٠ی زاییندا بەملاوە بە هۆی پێشکەوتنەکان لە بواری راگەیاندا کوردەکانی خوراسان سەرەرای هەموو قەدەغەکاریەکان و ئاستەنگیەکانی ڕژیم دەستیان دایە خەباتێکی بەرفراوانی مەدەنی و لەوچووارچێوەیەدا چەندین ناوەند،

ماڵپەڕ، ڕێکخراوی کۆمەلایەتی و مەدەنی دامەزران کە کاریگەریەکی فراوانی هەبوو لە بەرانبەر ئەو ڕەوتی پاکتاوکردنەی دەیان ساڵ بوو لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندیەوە لە دژی ئەوان پەیڕەو دەکرا.

سەبارەت بە حەشیمەت و ئاماری کوردەکان لە خۆراسان، هەروەک بەشەکانیتری ئێران بابەتێکە کە ناتواندرێت بە تەواوەی ئامارێکی ڕاستی بۆ دەستنیشان بکەیت، چۆن لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندیە بەردەوام پێش لە بڵاو بوونەوەی ئامارەکان لەو هەرێمانە دەگیردرێت و ئەو یەکە وەک مەترسیەک بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی ئێران ڕەچاو دەکرێت، سەرەڕای ئەمە کار بەدەستانی حکوومەتی جار ناچار دەبن کە ئامارێک لەگۆڕ سیاسەتەکانی خۆیان بڵاو و بکەنەوە، بە پێی هەندیک لەو ئامارانە، کوردەکانی خوراسانی باکوور لە ئێستادا زیاتر لە ٢ میلیۆن کەس دەبن. جگە لەوە نزیکەی ٤٠٠ هەزار کورد لە مەشهەد دەژین. گرینگترین شارەکانی ناوچە کوردنشینەکان لەخوراساندا بریتین لە، قووچان، شیروان، بجنوورد، ئەسفەرایین، چناران، فاروج، باجگیران، ئاشخانە، دەرەگەز، کەلات، لائیین، جەوین، مانەو سملقان، ڕازو ڕادەکان.

**ولات: چارەنووسی ئەم کوردانە لە گۆڕانکارییەکانی داهاتووی ئێران چۆن دەبینی؟**

**ناریز نەندەریاری:** چارەنووسی هەر نەتەوە و گەلێک گرێدراوی هێز و ڕێکخستە بوونیانە، کوردەکانی خوراسان لەبەر ئەوەی حەشیمەتیان زیاتر لە دوو ملیون و نیوە ، کۆمەڵگەیەکی گەورەن، ڕاستە ئاستی خۆ ڕێکخستن و گەشە پێدانی ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، و کولتوری لەو هەرێمانە بەڕادەیەک نەبوو بۆ ئەوەی ئەوان لە تێکۆشانی دژ بە حکوومەتی ناوەندی، جێگایەکی دیاری کراویان هەبێت. بەڵام هەر ئەم گەشە نەسەندنانە خۆی لە خۆیدا هۆکارێکن بۆ ئەوەی کە ئەوان زیاتر ڕق ئەستوور بن و پێداگری بکەن لە داخوازیە مرۆیی و کۆمەڵایەتیەکانیان؛ بە کورتی لەبەر ئەوەی ڕادەی زوڵم و زوریەکان لە بەرانبەر ئەوان زۆر بووە، ڕێژەی خواست بۆ گوڕان و باشتر بوونی ڕەوشی ژیان لای ئەوان لەسەرەوەیە.

فاکتەرێکیتر ئەوەیە ئەوان بەشێکن لە نەتەوەی کورد، ئێستا کوردان لە پارچەکانیتر و بە گشتی لە ئاستی جیهان خاوەن پێگەیەکی تایبەت بە خۆیان و زۆرێک لە قۆناخەکانی خەبات بۆ ژیانێکی بەرانبە و بێ هەڵاواردنیان تێپەڕ کردووە، واتە هێزی کورد لەهەموو ڕوویەکەوە دەبێتە خەزێنە و پشتیوان بۆ کوردەکانی خوراسان.

بەسەرنجدان بەو خاڵانە و ئەوەی کە ئاستی ڕێکخستنی ئۆپزسیۆنەکانی تری ئێران لاوازە، مرۆڤ دەتوانێت دڵخۆش بێت کە کوردەکانی خوراسان لە گوڕانکاریە گشتیەکانی ناو ئێراندا دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگیان هەبێت و هەندێک لە هاوسەنگیەکان لەبەرژەوەندی نەتەوەی کورد بشکێننەوە.

بۆ مسوەگەر کردنی پێگەی کوردانی خوراسان لە داهاتووی ئێراندا، پێویستە ئەوان ڕێکخستنە، مەدەنی، سیاسی، کولتوریەکانیان بەهێزتر بکەن بە یارمەتی کوردەکان لە بەشەکانیتری کوردستان بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

بە بۆچوونی من لێرەدا پێویستە لە ڕێژەی سەرجەم دەسکەوتەکانی کورد پشکێک بۆ ئەوان دەست نیشان بکرێت تا بتوانرێت ئەو مەودایەی لە نێوان ئەوان و کوردی کوردستاندا هاتووەتە ئاراوە، کەمتر بکرێتە و سنوورەکان چیتر کاریگەریان لەسەر ڕۆحی نەتەوەیی نەمنێت.

من پێم باشە ئەوان خۆیان هەوڵ بدەن لە کۆنفرانسی نەتەوەیی کە بڕیارە لە باشووری کوردستان بەڕێوە بچێت بەشداری بکەن، هەروەها بەڕێوەبەرانی ئەو کۆنفرانسەش پێویستە کە کوردەکانی خوراسان وەک بەشێک لە نەتەوەی کورد وڵاتهێشت بکەن. لەو کۆنفرانسەدا بەشێکی زۆر لە کەموکۆڕیەکان چارەسەر دەکرێن و مەودای نیوان کوردەکانی خوراسان و کوردستان کەمتر دەبێتەوە.

**وڵات:** تۆ پێت وایە ئەم بەشە لە کوردانی خوراسان بەشێکن لە کوردانی رۆژهەڵاتی کوردستان یان وەک هەرێمیکی سەربەخۆی کوردی لەو ناوچەیە سەیری دەکەی؟

**ناریز نەندەریاری:** بێگومان کوردانی خوراسان بەشێکن لە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سەرجەم کوردەکان لە جیهداندا، ئەم کوردانە،

خاوەنی مێژو، زاراوەی کوردی تایبەت ، موسیقی و کولتورێکی یەکجار دەوڵەمەندن و خۆشیان لە زۆر کورد، بە کوردتر دەزانن.

هەرچەندە لە دەستپێکی سەدەی ١٦ی زایینی لە کاتی دەسەڵاتداری دەوڵەتی شێعە مەزهەبی "سەفەویەکان" بە زۆرە ملی لە ژێر ناوی پاراستنی سنوورەکانی ئێران راگوێزی ئەو هەرێمانە کران، لە ڕاستیدا ئەو کارە کردەوەیەکی سیاسی بوو لەترسی سەرهەڵدانی کوردان و بە مەبەستی دابەش کردنی کوردان و لاواز کردنیان بووە لە کوردستان، چونکو داخوازیەکانی ئەوان مایەی پەسەندی شاە و حکوومەتی سەفەوی نەبووە. خاڵێکیتر ترسی حکوومەتی سەفەوی، یەکگرتنی کوردان لەگەڵ ئیمپراتوری عوسمانی بووە کە هەردوو لایەن سوننی مەزهەب بوون. ئەگەر نە لەژێر دەسەڵاتی سەفەویەکاندا خەڵکانێتر هەبوون کە بۆ پاراستنی سنوورەکانی سەفەوی لە بەرانبەر هێرشی ئۆزبەکەکان جێگیر بکرێن. بەڵام شا عەباس بەو

کردەوویە تووانی یەکپارچەیی خاکی سەفەویەکان بپارێزت و بنەماکانی دەسەڵاتی خۆی بەهێزتر بکات.

گومان لە یەک بوونی کوردەکان لە خوراسان و کوردستان نییە بەڵام ڕەنگە ئەو پرسە بێتە ئاراوە، کوردەکانی خوراسان ئێستاکە لە هەرێمێک دەژین کە زیاتر لە ١٠٠٠ کیلومەتر لە کوردستان دوورە و بە چ شێوازێک ئەوان لە داهاتوودا بخرێنە سەر کوردستان؟ یان ئەوەی وەک هەرێمی سەربەخۆ یان خودموختار ناوچەکانیان بەڕێوە ببەن؟.

تازە گێڕاندنەوەی مێژو، یان سەرلەنوێ کۆچپێکردنی کورد لە خوراسان شتێک نییە ڕێی تێبچێت و سەبارەت بەوەی کە جۆغرافیای خوراسان بەشێک نییە لە خاکی کوردستان، ئاماژە بەوە دەکەم کە، بە پێی پێوانە حقوقیەکان ئەو کوردانە خاوەن ئەو جوغرافیایەن و هیچ هێزێک ناتوانێت پیچەوانەی ئەمە بسەلمێنێت چونکوو ئەوان زێدەتر لە ٤ سەدەیە بە زۆرەملێ کۆچیان پێکراوە و وەک هێزێکی داگیرکەر لەو هەرێمە جێگیر نەبوون، هەر بۆیە ئەوە مافی خۆیانە ئەو هەرێمە بە موڵکی خۆیان بزانن. (تورکە داگیرکەرەکان کەمتر لە ١٠ سەدەیە هاتوونەتە هەرێمەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام ئەمڕۆ خاوەن دەوڵەت و خاکی خۆیانن).

چارەسەری ئەو کیشەیە ڕەنگە هێندە دژوار نەبێت، ئێمە ئەگەر چاو لە جۆغرافیای ی ئازەربایجان بکەین دەبین کە ئەوانیش دوو بەش لە نەتەوەکەیان دابڕاوە و لە کۆماری خودموختاری "نەخجەوان" و پارێزگای خودموختار و ناوچەی کوێستانی "قەرەباغ" ژیان بەسەر دەبەن.
هەروەها ی فەلەستین کە ئەمساڵ داخوازی بە دەوڵەت بوونی ڕادەستی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە. لە دوو هەرێمی جۆغرافی جیاواز پێک دێت، کە پێک هاتووە لە کەرتی غەززە و کەرتی ڕۆژ ئاوا.

بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی نوێ گرنگترین پارامێترەکان ئەوەیە کە لە کۆنوانسیونی "مونتە ویدئو" دا (١٩٣٣) باسی لێکراوە کە بریتین لە چووار فاکتەری سەرەکی، سەرزەمینێکی دیاری کراو، حەشیمەتێکی هەمیشەیی لە جوغرافیایەک، حاکمیەتی ڕاستی و تووانای بەرقەرار کردنی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتەکانیتر. ئەمڕۆکەش زۆر یان کەم ئەم چووار فاکتەرە پێوانەی هەڵسەنگاندنە بۆ انیتر، ئەگەر دەوڵەتێکی نوێ داخوازی ئەندامیەتی لە کۆمەڵگەی نێودەڵەتی بکات وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ. بەم پێیە ئەگەر کوردەکان لە خوراسان و کوردستان لە هەموو ڕوویەکەوە خۆیان بە ڕێخستن بکەن لەڕووی حقوقیەوە دەتوانن کەڵک لە کۆنوانسیۆنە نێودەوڵەتیەکان وەربگرن.

خاڵێکیتر ئەمەیە، ڕووبەری خاک و ناوچە کوردییەکان لەخوراساندا نزیک بە(١٤٤،٦٤) کیلۆمیتری چوار گۆشەیە. واتە

ڕووبەرێکی جۆغرافیاییە کە لە ڕووبەری ١١٠ دەوڵەت و هەرێمی سەربەخۆ لە جیهاندا زۆرترە.

(کرواسی، ٥٣٨،٥٦ ، ئێسلۆواکی،٠٣٣،٤٩، ئێستۆنی، ٢٢٨،٤٥، دانمارک، ٠٩٤،٤٣، هۆڵەند،٥٢٨،٤١، سویس،٢٢٧،٤١، بەلژیک ٥٢٨،٣٠، ئەرمەنێستان ٨٠٠،٢٩ ، ئیسرائیل ٠٧٢،٢٠، قەتەر،٤٩٣،١١، لۆبنان، ٤٠٠،١٠ و فەلەستین ٦.٠٢٠ کیلۆمەتری چووارگۆشە).

لە کۆتاییدا ئەتوانم بڵێم بە سەرنجدان بە هەڵوەشاندنەوەی انێک وەک یەکیەتی سۆڤییە، یۆگوسلاوی و سودان لە ماوەی ٣ دەیەی ڕابردوودا کە لەسەر بنەمای( دەوڵەت - نەتەوە) پێکهاتبوون، دوور نییە کە کوردانی خوراسانیش لە داهاتوودا بتوانن وەک هەرێمێکی سەربەخۆ، فێدراڵ، سەربە کوردستان، یان هەر شێوازێکیتر بە پێی تواناییەکانیان بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن. بێگومان ئەوەش گرێدراوی هێز و ڕێکخستن بوونی ئەو کۆمەڵگەیە و ئەرکی کوردانە بە هەموو شێوازەکانی ئابووری، سیاسی، و دیپلۆماتی یارمەتی کوردەکانی خوراسان بدەن بۆ ژیانێکی سەردەمیانە کە تێدا سەرجەم مافەکانی کولتوری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و... پارێزراو بێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردانی خوراسان – ڕێکەوتی: ١٣ی ئەپریلی ٢٠٢٢

---



سەرچاوە Serchawe

# کوردەکانی خۆراسان



**کوردانی خۆراسان لە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی ئەکادیمی دا**

**وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە: محەمەد حەمەساڵح تۆفیق**

**ئەم لێکۆڵینەوەیە لەلایەن عەباس عەلی مادیح لە زانکۆی یەریڤانی حکوومی (ئەرمینیا) ئەنجام دراوە**

## کورتەیەک

بابەتەکە رووماڵکردنێکی دیمۆگرافییە لەبارەی کوردەکانی خۆراسانی گەورەوە بەو سێ ئوستانە جیاوازەی حاڵی حازر کەوتوونەتە ناو سیستەمی بەڕێوەبردنی هەرێم و ناوچەکانی ئێرانەوە. بە شێوەیەکی سەرەکی باسەکە پشت بە کەرەستە مەیدانییەکان دەبەستێت و نووسەر زۆربەی ئەو ناوچە کوردیانەی لەسەر زەوی دەسنیشان کردووە، هەروەها رەچاوی ئەو

زانیارییانەش کراوە کە لە شارەوانییەکان وەرگیراون. باسەکە لیستێکی گشتگیر دەگرێتەخۆ لەبارەی گوند و مەڵبەندە کوردنشینەکانی خۆراسانی گەورە کەوا بەسەریەکەوە یان بە تێکەڵی کوردیان تێدایە بە پێی یەکە ئیدارییەکان یان شەهرستان و شەهرەکەکان.

زۆرترینی کوردەکانی خۆراسان جێگیرن هەرچەندە هەندێکیشیان تا ئێستا هەر بە دوای لەوەڕخۆرییەوەن بۆ ئاژەڵەکانیان. هەروەها هەموو کوردەکانی خۆراسان شیعە مەزەبن و بەگشتی ٦٩٦ گوند لێرە هەموو یان زۆرینە کوردن و لە هەرێمی خۆراسانی گەورەدا تۆمار کراون و تێکرا کوردەکانی خۆراسان بە نزیکەی ملیۆنێک هەژمار دەکرێن.

## پیشەکی

خۆراسان گەورەترین ویلایەت یان ئوستانی ئێرانە کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەوە. ئەم هەرێمە، بەتایبەتی بەشی باکووری، بەوە ناسراوە کە ئەتنیکێکی گەورەی جۆراوجۆری تێدایە و لە رووبەرێکی ١٥٤٤٤ میلی چوارگۆشەدا تەوای ئەو گرووپە ئەتنیکیانە بوونیان هەیە کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا دانیشتوانی ئێران پێکدێنن وەک کورد، بلووچ، لوڕ، تورک، تورکمان، سیستانی، ئەفغانی، عەرەب... تاد. زۆربەی ئەمانەش لە ئەنجامی کۆچکردنەوە لە زێدی مێژوویی خۆیان لێرە جێگیر بوون. حاڵی حازر خۆراسان هەرێمێکە لە لە سێ ناوچە یان دەڤەری لێکجودا پێکهاتووە کە ئەمانەن: خۆراسانی باکوور، خۆراسانی باشوور و خۆراسانی ڕەزەوی کە دەکەوێتە نێوانیانەوە. تێبینیی ئەوە دەکرێت کەوا کوردەکان بە شێوەیەکی سەرەکی لە دوو بەشەکەی باکووری خۆراسانی گەورەدا دەژین. لەم باسەدا تێرمی خۆراسان هەرسێ بەشەکە دەگرێتەوە کە بە شێوەیەکی ئاسایی خۆراسانی گەورە یان بزورگی پێدەوترێت.

ئەم باسە بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە کەرەستە مەیدانییەکانی نووسەر دەبەستێت و ئەڵبەتە بەزۆری و بەگشتی سیفەتی ئەتنیکیی گوندەکان لادەبرێت یان پشتگوێ دەخرێت لە سەرچاوە تایبەتەکاندا و زانیارییە ڕەسمییەکان فرەجار دژبەیەکن بۆیە زۆرێک لەو شوێنانەی کوردیان تێدا نیشتەجێن لە لایەن خودی نووسەر خۆیەوە دەسنیشان کراون و هاوشانیش بەزۆری پشت بە کەرەستە ئەرشیفییەکانی ناوەندە شاروانییە لۆکاڵییەکان بەستراوە.

رووماڵ کردنەکە بەتایبەتی ناوچە دێهاتییەکان دەگرێتەوە و هەرچەندە ڕێژەیەکی بەرزی کورد لە شارەکانی مەشهەد و قووچان و بونجورد و نەیشابوور و... تاد هەن بەڵام دەستنیشان کردنیان لە ژینگەی شارستانیدا گەلێ گرفت و ئاستەنگ لەخۆدەگرێت. کوردەکانی خۆراسان و بەتایبەتی چینی خوێندەواریان بەشێوەیەکی ئاسایی تواونەتەوە و تێکەڵی ئەوانیتر



سەرچاوە
Serchawe

بوون و تەنانەت بۆ هەندێکیشیان هەر لە یەکەم نەوە یان وەچەی راگواستنیانەوە. بەهەرحاڵ ئەم دیاردەیە هیچی لەگەڵ ناکرێت لە ئاست سیاسەتی مەبەست و ئامانجداردا. دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆی ئێران بەگشتی پاڵپشتی لە فەرهەنگ و کولتوور و زمانە لۆکاڵییەکان دەکەن و ژمارەیەک لە رۆژنامە و گۆڤاری کوردی لەمڕۆدا لە خۆراسان بڵاودەبنەوە. راستییەکەی ئیتنیکی لە خۆراساندا زیاتر ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیی گوندنشینیی هەیە و ئەم خەسڵەتە بووە بە مۆرکی ژمارە یەکی. هەروەها خاڵێکی تر هەیە کە دەبێ رەچاو بکرێت کەوا زۆرینەی رەهای گوندە دەستنیشانکراوەکان بەتەواوی کوردن هەرچەندە لەگەڵیشیاندا دانیشتوانی تێکەڵ هەن (کەوا گرووپی فارسی و تورکی زمانن) بەڵام دانیشتوانە کوردەکە هێشتا هەر رێژەیان زاڵە. تەنانەت کۆمەڵە گوندێکی تێکەڵەی کورد و بلووچیش لە ناوچەکەدا هەن.

گەورەترین بەشی کوردەکانی خۆراسان جێگیرن یان خانوونشینن هەرچەندە هەندێ گرووپیشیان بەدوای لەوەڕخۆریی وەرزییەوەن. تەواوی کوردەکانی خۆراسان شیعە مەزهەبن و بەگشتی ٦٩٦ گوند لە خۆراسانی بزورگدا تۆمار کراون کە یان بەتەواوی کوردن یان رێژەی کورد تێیاندا زۆرینەیە. بە پێی کەموکورتیی زانیاریی سەرژمێریی گرووپە ئەتنیکییەکان لە ئێراندا ژمارەی بەڕێوجێی کوردەکان بەتەواوی پەی پێنابرێت بەڵام خەمڵ و مەزەندەی دەوروبەری یەک ملیۆن کورد دەکرێت لە خۆراساندا.




دەرکەوتن و پەیدابوونی کورد لە خۆراساندا

سەرەتای سەدەی شانزەیەم سەردەمێکی یەکلاکەرەوە بوو لە مێژووی ئەو کوردانەدا کە لەو کاتەدا دانیشتووی باکووری رۆژئاوای ئێران و ناوچە نزیکەکانی باکووری میزۆپۆتامیا بوون. ناکۆکی و بەرەوڕووی یەکتر بوونەوەی سەفەوی و عوسمانی و بەتایبەتی لە دوای شەڕی چاڵدیرانی ساڵی١٥١٤ دا بایەخی توخمی کورد زمانی دەرخست وەک فاکتەرێکی سەربازیی گرنگ لە ناوچەکەدا. قۆناخی دوای ئەوە لە سیاسەتە ناوخۆییەکانی هەردوک ئیمپراتۆری ئیمپراتۆرێتی عوسمانی و ئێرانی



سەرچاوە
Serchawe

سەفەویدا مەیلێکی ئاشکرای پێوە دیارە سەبارەت بەکارهێنانی ئەم فاکتەرە وەک توخمێکی پاراستنی ئاسایش.

عوسمانییەکان بە گورجوگۆڵی کەوتنە نیشتەجێ کردنی کوردەکان لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەرمینیای ڕۆژئاوا (ئەوەی کە پێیدەوترێت ڕۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵ)، پاش ئەوەی ئەرمەنە نیشتەجێ ڕەسەنەکانیان رادەگواست و پرۆسەی بە کوردستان کردنی ناوچەکە ئامانجی دروستکردنی سەنگەر و قایمکاریی لەپشتەوە بوو دژ بە سەفەوییەکان. سەبارەت بە ئێرانییەکانیش، لای خۆیانەوە دەستیانکرد بە راگواستن و کۆچپێکردنی کوردەکانی هەمان ناوچەکانی بندەستی خۆیان بەرەو ئاڕاستەیەکی پێچەوانە بۆ خۆراسان، کە بە شێوەیەکی سەرەتایی بە ئامانجی پەرت و بڵاوە پێکردنی چڕیی دانیشتوانە کوردەکە بوو لە ناوچە سنوورییەکانی لەگەڵ عوسمانییەکاندا و لە هەمان کاتیشدا دروستکردنی هێڵێکی بەرگری بوو بە درێژایی سنوورەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکە دژ بە ڕێڕەوە نەگۆڕەکەنی خێڵە کۆچەرییە ئۆزبەک و تورکمانەکان.

چاندنی رەگەزی کورد لە خاکی ڕەسەنی ئەرمینیادا لە کۆتاییدا کێشایەوە بۆ قڕکردن و لەناوبردنی دانیشتوانی ئەرمەنی ناوچەکە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا و بەدوای ئەوەشدا پێکهێنانی ناوچەیەکی چڕی دانیشتوانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی تورکیای ئەمڕۆدا، کە بە هەندێک هەل و مەرج بە «کوردستانی تورکیا» دەناسرێت.*

بەهەرحاڵ راگواستنی کوردەکان لە لایەن ئێرانەوە هیچ لێکەوتەیەکی جیۆپۆڵەتیکی نەبوو. لەڕاستیدا ئەو کوردانەی لە خۆراسان نیشتەجێ کران رۆڵێکی بەرچاویان بینی لە بەرگری کردن لە سنوورەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران، هەرچەندە فرە جاریش لە حکومەتی ناوەندیی یاخی دەبوون (بۆ نموونە یاخیبوونی کوردەکانی قووچان دژ بە فەتح عەلی شای قاجار ساڵی ١٨٣٩، کە لە لایەن عەباس میرزای میری جێنشینەوە سەرکوت کرا)(١).

پرۆسەی کۆچ کردن بۆ خۆراسان، کە لە لایەن شا ئیسماعیلەوە دەستی پێکرد و لە دەورانی شا تەهماسپدا بەردەوام بوو، لە دەورانی شا عەباسدا بوو بە کارێکی سیستماتیک، کە لە ماوەی ساڵانی ١٥٩٨ تا ١٦٠١ چل و پێنج هەزار خێزانی کوردی ناچاری راگواستن کرد بۆ خۆراسان کە بە زۆری لەو ناوچانە بوون کە دەکەوتە ئەرمینیای ڕۆژئاوای مێژوویی و باشووری قەوقازەوە. راستییکەی شا عەباس پێنج دەڤەری بە درێژایی سنوور تەرخان کرد بۆ ئەوەی لە ژێر رکێفی کوردەکاندا بن، لە ئەستەرابادەوە بۆ چناران و سیان لەوانە، کە بوجنورد و قووچان و دەرەگەز، لە سەدەی نۆزدەدا هێشتا هەر مابوون. خاوەنەکانی قووچان، کە لە نێو ئەو سێ ملکەدا بەهێزترینیان بوو، هەروەها خاوەن ملکەکانی بوجنوردیش نازناوی ئێلخانییان درابوویە. لە رووی جوگرافییەوە هەندێ لە خێڵە کوردەکانی زەعفەرانلوو لە قووچان نیشتەجێ بوون و شادلوو لە بوجنورد و کەیڤانلوو لە رادکان و عەمارلوو لە نەیشابوور نیشتەجێ بوون(٢).

هەروەها چەندین کۆچ و راگوێزانی کوردەکان لە نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدەدا بەڕێوەچوو، لە سەردەمی فەرمانڕەوایی نادر شادا، کە تەنها کوردی ناوچەکانی ئێرانی راگواست لە ئەردەڵانەوە بۆ خۆراسان و هەروەها لەوانەش کە تازە لە خۆراسان گیرسابوونەوە ناردنی بۆ گەیلان بە مەبەستی دروستکردنی قەڵا و قایمکاری لەڕووی رووسەکاندا.

تەواوی کوردەکانی خۆراسان کرمانجن و دەچنەوە سەر ئەو خێڵانەی کاتی خۆی لە ژێررکێفی تورکدا ژیاون و دەچنەوە سەر کۆمەڵە کوردەکانی باکوور، کە زۆرینەی رەهایان حاڵی حازر لە تورکیادا نیشتەجێن هەندێکیشیان لە سوریا و عێراقدا. لە خۆراسان بە کوردەکان دەوترێت کرمانج و بە هەمان دیالێکتی کوردەکانی تورکیا دەئاخڤن. بە وردبوونەوە لە فەرهەنگی ئەم دیالێکتە دەردەکەوێت کە ئەوانەی پێی دەئاخڤن رۆژگارێک بە دیاریکراوی دەراوسێی ئەرمەنەکان بوون و تەنانەت بوونی توخمێکی ئیتنیکی ئەرمەنی لای بەشێکی بەرفراوانی کوردەکانی خۆراسان ناتوانرێت بەتەواوەتی وەدەرنرێت. من لە کارە مەیدانییەکەمدا و لە کاتی دەستنیشان کردنی گوندەکانی ناوچەی چناراندا، بۆ نموونە، رێم لە خەڵکانێک کەوت باسیان لەوە دەکرد کەوا بە بنەچە ئەرمەنن و بگرە ئەگەر توێژاڵی دەرەوەی زمانی کوردەکانی خۆراسان لابدەیت ژمارەیەکی گرنگی وشە و دەربڕینی زمانی ئەرمەنی دەردەکەون چەشنی خاچ، چۆرتان (واتە پەنیری وشککراوە)، کۆتان (واتە گاسن یان جووتکردن)، پەنجار یان پینجار (ناوێکی باوی گژوگیای خواردنە)، مانديک (جۆرێکە لە رووەکی کێوی کە بۆ خواردن دەشێت)، کەل / رەندو (داسێک کە مشتوو یان کلکێکی دارینی درێژی پێوەبێت).. تاد(٣). پێدەچێت لە سیستەمی دەنگ دەربڕینی (فۆنۆلۆجی) زمانی کرمانجیی خۆراسانیدا ئاسەوارێکی زمانی ئەرمەنیشی تێدا ببینرێت. ئەڵبەتە گەلێ پیت و دەربڕینی کە لە دیالێکتی کوردیی خاکی مێژوویی ئەرمینیادا بەکارهاتووە ئێستا روون و ئاشکرا لە دیالێکتی کرمانجیی خۆراسانیدا دەردەکەون(٤). وردەکارییەکی تر لە خەسڵەتی ئەتنۆگرافیدا دەردەکەوێت و پاش دروێنەی دەغڵ و دان و کوتان و شەن کردنی تەواو دەبێت بەشێک لە کۆمەلانی کوردی خۆراسانی جێزی دانەوێڵەی لە کا و کۆتەڵ پاککراویان بە وێنەی خاچ شەقڵ دەکەن و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ رێزگرتن لە نەریتێکی کۆن بێ ئەوەی مانا راستەقینەکەی باس بکەن.

ئەڵبەتە هیچ دوودڵی و گومانێکی تێدا نیە کەوا کوردەکانی خۆراسان لە ناوچە کوردنشینەکانی تورکیای هاوچەرخەوە کۆچیان کردووە و بە حوکمی ناوی هەندێک لە خێڵەکان ئەگەر هەیە لە دەڤەرەکانی باشووری قەوقازەوە هاتبێتن (کە ئەمڕۆ ئەرمینیا و ئازەربایجانن). لە تورکیاش پێدەچێت لەو ناوچانەوە بووبێت کە حەوزی گۆلی وان و بەدلیس و مووش و بۆ سەرەوە تا دیاربەکری گرتبێتەوە. بەهەرحاڵ داب و نەریتی زارەکیی کوردەکانی خۆراسان و لە هەمان کاتیشدا هەموو ئەو کەسانەی لەم بارەوە نووسیویانە ناوچەکانی راگواستنی کوردەکانی خۆراسان بە چەمشکەزەک دادەنێن بەو پێیەی ناوچەی نیشتەجێی کۆنفیدراسیۆنێکی خێلەکییە بەهەمان ناو. بەڵام لە راستیدا ئەو کۆنفیدراسیۆنە هەر بوونی نەبووە و تەنها ناوێکی نەریتی و هاکەزایی بووە کە لە لایەن شا عەباسەوە دراوە بەو خێڵە کوردانەی سەر بە ئێران بوون و دواتر

لە خۆراسان نیشتەجێ کراون. شەرەفخانی بەدلیسی بە وردی باس لە ملکی چەمشکەزەک دەکات(٥). ئێرە یەک لەو چوار ناوچەیە بووە کە قەزای چارسنجاقیان پێکهێناوە لە سنووری ویلایەتی خەرپوتدا (کە بە ئەرمەنی خەربەردی پێدەوترێت)، کە دەکەوێتە هەرێمی باشووری دەرسیمەوە. بە پێی بۆچوونی هەندێ نووسەر قەرەچۆر هاوناوی چارسنجاق بووە(٦). ئەمڕۆ چەمشکەزەک بەشێکە لە ویلایەتی تونجەلی (دەرسیم). هەرچۆنێک بێت تاقە ناوی خێڵەکی لە ناو سەدان ناوی خێڵە کوردەکانی خۆراساندا رەنگە هەر قەرەچۆرلوو بێت کە هاوشێوەییەکی لەگەڵ شوێنی چەمشکەزەکدا هەبێت کە ناوی قەرەچۆری دەچێتەوە سەر. راستییەکەی هیچ ناوێکی تر لە خێڵە کوردەکانی خۆراسان ئیدیعای گەڕانەوە سەر خاکی بنەڕەتی ناکات لێرە تەنها ئەو خێڵە شیعەیە نەبێت بە ناوی قەرەچۆرلی گوایە لە ویلایەتی ئەریڤانی ئیمپراتۆرییەتی رووسیای جارانەوە هاتوون(٧). زیاد لەوەش و سەرەڕای ئەو راستییەی کە دانیشتوانی چەمشکەزەک توخمێکی بەرچاوی سەر بە ئێرانی لێبووە، لەناویشیاندا قزڵباشە شیعەکان(٨)، بەڵام گەورەترین بەشی دانیشتوانی دەڤەرەکە لە رەگەزی کورد نەبوون بەڵکو دیمیللی (زازا) بوون**. بەم رەنگە چەمشکەزەک بەتەواوی کاندیدێکی نەگونجاوە بۆ گریمانەی شوێنی راگواستن یان کۆچکردنی کوردەکانی خۆراسان. لە نێو هەموو ئەگەرەکاندا، ناوی چەمشکەزەک، وەک مارتن ڤان بروونەسن بۆیدەچێت (٩)، لە واقیعدا هی گرووپێکی کۆچبەرن کە بۆ مەبەستێکی تایبەت هاوپەیمانییەکی خێڵەکییان پێکهێناوە و رەنگە بەهۆی ئەوەوە بووبێت کە چەمشکەزەک شوێنی بەیەکگەیشتنی جوگرافیی هەموو ئێتنیکی کورد بووبێت لەوکاتەدا. بۆ نموونە، شەرەفخان دەنووسێت «کاتێ هەر کوردێک ناوی ویلایەتی کوردستان دێنێت ئەوە مەبەستی چەمشکەزەکە»(١٠). هەرچۆنێک بێت، خاکی راستەقینەی راگواستنی کوردەکان ئەو شوێنانەن کە پێشتر باسیان لێوە کرا لە تورکیای ئەمڕۆ و باشووری قەوقازن بەڵام بە رەهایی چەمشکەزەک نیە.

بەگشتی لەو ناوە زۆر و زەبەندانەی خێڵە کوردەکانی خۆراسان کە بە عادەت بە پاشکۆی «لوو» ی تورکی کۆتایی دێت تەنها کەمێکیان هاوشێوەی ناوی عەشیرەتە کرمانجەکانی میسۆپۆتامیا و باشووری قەوقازن وەک سفکانلوو کە هاوشێوەیە لەگەڵ سپکی یان سپکانلوو، پازوکی، بێریڤانلوو لە بەرانبەر بێریفی (یان بێرفکی) لە نێوان مووسڵ و ماردیندا، میلان (میلانلوو)، زیلان (زیلانلوو)، شادلوو لە بەرانبەر شادمانلوودا، کە خێڵێکی کوردی شیعەیە لە ناوچەی ئێریڤان، ماميانلوو لە بەرانبەر مامکانلوودا (مامگوون)(١١)، بە هەمان شێوەش ئەردەڵان، کە رەنگە لە خێڵی گەورەی ئەردەڵانەوە هاتبێت لە ئوستانی کوردستان لە ئێران، زەنگەنە کەوا بە دیاریکراوی بەشێکە لە عەشیرەت و ناوچەی زەنگەنە لە کرماشان.. تاد.

** هەر دوو عەشیرەتی ئەم دواییە لە سەردەمی نادرشادا کۆچیان کردووە بۆ خۆراسان.

سەبارەت بە ناوی عەشرەتی گۆران کە لە قووچان و شیروان هەن(١٢)، گومانی تێدا نیە کە دەچنەوە سەر گۆرانەکانی

ئوستانی کرماشان لە ئێران. هەروەها پەیوەندییەکیشی بەو مانا و دەلالەتە کۆمەڵایەتییەی ئەم تێرمەوە هەیە کە جووتیارە بێ عەشرەتەکانی باکووری رۆژئاوای ئێرن پێ ناوزەد دەکرا(١٣). سەبارەت بە پێناسەی ناوخۆیی کوردەکانی خۆراسان لەڕووی بن و بنەچەی خێڵەکییانەوە، پێویستە بووترێت کە لە راستیدا ئەوە کارێکی تەواو زەحمەتە ئەگەر ناواقیعیش نەبێت. زۆربەی زۆری عەشیرەت یان خێڵەکان، هەندێکی لێبەدەر، چیرۆکی پڕ کێشە و گرفتی نەسەب و بنەچەیان هەیە و زانیارییەکانیان لاواز و دژ بە یەکن لە ئەدەبیات و نووسینیاندا(١٤). بەم پێیە، ئێمە لەم کارەدا تەنها خۆمان بە تۆمارکردنی سادەی عەشیرەتەکانەوە خەریک کرد و هیچ هەوڵێکی زیادەمان نەدا بۆ شوێنکەوتنی بنەچە و نەسەبیانەوە. بەگشتی زۆربەی گرووپە خێڵەکییەکان و بنەماڵەکانی کوردانی خۆراسان خۆیان دەبەنەوە سەر زەعفەرانلوو.

لە رۆژگاری ئەمڕۆدا زۆرینەی خێڵە کوردەکان (کرمانجەکان)ی خۆراسان ئەمانەی خوارەوەن:

زەعفەرانلوو، باچڤانلوو، شێخانلوو، شادلوو، سلسەپورانلوو، قاچکانلووقارامانلوو، ئیزانلوو، زانگەلانلوو، قەرەچورلوو، سێڤکانلوو، زەرەفکانلوو، تۆپکانلوو، دەڤانلوو، رۆشڤانلوو، عەمارلوو، زەیدانلوو، شیرڤانلوو، کەیڤانلوو، پاڵۆکانلوو، قەرەباشلوو، بیچەرڤانلوو، تۆرۆسانلوو، بێریڤانلوو، مامیانلوو، ماستیانلوو، موژدەگانلوو، هەمەزکانلوو، بادلانلوو، زەردکانلوو، چاپەشلوو، رودکانلوون





تۆپکانلوو گەورەترین خێڵی کۆچەری خۆراسان

هەرچەندە وەک پێشتر باسی لێوە کرا زۆربەی هۆزە کوردەکان و ئەوانەی پابەندی هۆز و عەشرەت نین لە خۆراساندا جێگیر و نیشتەجێن (خانوونشینن)، بەڵام هێشتا چەندین خێڵ و عەشرەت هەن کەوا کۆچەرن و بە دوای لەوەڕاندنی ئاژەڵەکانیانەوەن. ئەمە شێوازی نموونەیی و باوی ئابووریی خێزانە لای عەشرەتی تۆپکانلوو، کە بەشێکی بەرچاوی گرووپ

یان کۆنفیدراسیۆنی خێڵەکیی زەعفەرانلووە. هەر لە سەرەتای راگواستنیانەوە بۆ خۆراسان عەشیرەتی تۆپکانلوو لە بەشی باکووری ناوچەی شیروان جێگیر بوون و هەر زوو گوندی تۆپکانلوو دروست کرا. لە هەمان کاتیشدا تۆپکانلوو کە بەپێی وەرز بەدوای لەوەڕخۆریی ئاژەڵەکانیاندا دەگەڕان و لە قشلاخی(qishlaqs) گوندی زستانەیانەوە دەچوون بۆ یایلاخەکانی دەوارنشینی هاوینەیان (yaylaqs) ئەمە بۆ خێڵە کۆچەرەکانی جارانی لای خۆیشمان پێیاندەوت گەرمیان و کوێستان یان ئاران و زۆزان - وەرگێڕ). دواتر تیرەی رودکانلوو لە تۆپکانلوو جیابوونەوە و هۆزێکی جیاوازیان دروستکرد.

بەگشتی تۆپکانلوو لە دە تیرە پێکدێت و هەر یەکەیان نزیکەی لە دە تایفەی گەورە پێکدێت و ئەمانیش هەر یەکەیان لە چەندین خانەوادە پێکدێن. لە سەردەمی نێوان ساڵانی ١٨٧٢ - ١٩٢٢ تۆپکانلوو، کە بە دوای لەوەڕگە و پاوانی باشتردا دەگەڕان کەوتنە کۆچکردن لە شیروانەوە بەرەو ناوچەی سەرویلایەت لە نەیشابوور و دواجار لەوێ لە ناوچەکانی دەهانییەی شۆر و شیرین نیشتەجێ بوون.

لە دەورانی قاجار و دواتردا و تا رووخانی بنەماڵەی پەهلەوی خێڵی تۆپکانلووی کۆچەر لە ژێر دەسەڵات و رکێفی خانی بەزەبروزەنگدا بوون و لە خانە ناودار و دەرکەوتووەکانی تۆپکانلوو لەو سەردەمەدا فەرهاد خانی فەرهادی و کوڕەکەی عەلی محەمەد خان و کوڕەزاکەی رەزا خانی فەرهادین، کە ئەمی دواییان سەرۆکایەتیی عەشیرەتەکەی کرد تا بەرپابوونی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩دا. لێرەدا جێی تێبینییە کە تا ساڵی ١٩٧٩ پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی تۆپکانلوو بریتی بوو لە دەستەیەکی پیاوماقووڵان یان ریش سپییان، کە هەر یەکەیان نوێنەر یان گەورەی تایفەیەک بوو، کەوا دەستەیەکی فەرمانڕەوا بوون لە ژێر رکێفی خاندا.

بە پێی سەرژمێریی ساڵی ٢٠٠٠، هەژماری ٣٠٦ خانەوادەی تۆپکانلوو لە نەیشاپووردا دەژیان و بریتی بوون لە ١٨٤٨ کەس. قشلاخەکانی تۆپکانلوو بە شێوەیەکی سەرەکی دەکەونە دەوروپشتی شارۆچکەی کەشمەر دارونە و شەهراباد. لە هەمان کاتیشدا کۆمەڵێکی تری تۆپکانلوو لە وەرزی زستاندا لە نزیکی فەیزاباد و ماە قەڵات دەژین (کە لە توربەتی حەیدەرییەوە دوور نین) و کۆمەڵێکی تریشیان لە نزیک شارۆچکەی مەرزداران دەژین کە لە پولی خاتوونەوە دوور نیە و دەکەوێتە باشووری سەرەخسەوە.

خێڵی تۆپکانلوو لە سەرەتای مانگی ئابەوە خێوەتگەی هاوینە وکوێستانەکانیان لە (کەلیدار و محەمەد بەگ و گرد و لاپاڵەکانی لای ئیسفەراین بەرزاییەکانی باشووری بینالودی) بەجێدێڵن و بە دەم لەوەڕخۆرییەوە بەرەوخوار دادەکشێن بۆ نەیشابوور وتا ناوەڕاستی ئۆکتۆبەر خۆیان و مێگەلەکانیان لە شوێن و کاتی دیاریکراودا یەکدەگرنەوە و بۆ ماوەی نزیکەی

دوو هەفتە لەوێ دەمێننەوە. دواجار لە کۆتایی ئۆکتۆبەردا هەمووان بەرەو گوندەکانی زستانە هەواریان پێ هەڵدەگرن.

تەواوی پرۆسەکەی ئەم کۆچ و کۆچباری پایزەدا بە کەمپ و خێوەتگەی کاتییەوە نزیکەی دوو مانگ دەخایەنێت و بەم شێوەیە تا ناوەڕاستی دیسەمبەر تۆپکانلوو دەگەنەوە گوندەکانی زستانە هەواریان. ئەمانە کۆمەڵێکیان بەرەو خوار دەڕۆن بۆ (کاشمار، بەردەسکان و ماه - ڤەلاتی توربەتی حەیدەرییە) و بەشێکی تریان بۆ قەلا شوری و پاش تێپەڕبوونیان بە دزباد و سەنگبەست و ئەبراڤاندا بەرەو ناوچەکانی مەرزداران و باغ - بوغ لە سەرەخس و دواجار هەردوولا بۆ زستان لە سەرەخس جێگیر دەبن (کە ناوچەیەکی گەرمەسێرە) و لەوێوە بە ئاسانی دەتوانن بە هەمان ڕێگەدا بگەڕێنەوە.

کۆچی بەهارە لە سەرەتای مانگی نیسانەوە دەستپێدەکات و یەکەم قۆناخ نزیکەی دوو هەفتە دەخایەنێت و دووەمیشیان دوو مانگێکی پێدەچێت و پاش دەوارهەڵدانێکی کاتی خێڵەکە ڕاستەوخۆ بەرەو کوێستانەکانیان یایلاق (yaylaq)دەجووڵێن.

بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا ژن و منداڵ و کەلوپەلی پێویست بە ئۆتۆمبیل و بارهەڵگر دەگوێزرێنەوە و خۆیان جێ و ڕێی خۆیان چاکدەکەن لە خێوەتگە کاتییەکاندا و تەنها خاوەن مێگەل و شوانەکان بەدەم لەوەڕەوە و قۆناخ بە قۆناخ ئاژەڵەکان لێدەخوڕن بەرەو شوێنی مەبەست. ئەڵبەتە پێشتر و تا بیست ساڵێک لەمەوپێش ئەمان حوشتر و ئەسپ و کەر و هێستریان وەک ئامرازی گواستنەوە بەکاردەهێنا و لە نێویاندا حوشتر گرنگترینی ئاژەڵی بارهەڵگر بوو بە ڕادەیەک کە وەک کەسانی خێزان مامەڵە و هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرا. دوو جۆر حوشتریش لەلایەن تۆپکانلووەوە بەکاردەهات کە یەکێکیان جۆری عەرەبی بوو (ئارڤانە) کە تارادەیەک بچووک و لاواز بوو بەڵام ئاژەڵێکی تیژڕەو بوو، ئەوی دووەمیشان جۆری بوخارا بوو کە ئاژەڵێکی کەتە و زل و توانای هەڵگرتنی باری گرانی هەبوو تا قورسایی ٣٠٠ کیلۆ. لە یایلاخەکاندا تۆپکانلوو لە دەواردا دەژین و خۆیان بە سیاه چادر ناوی دەبەن کە خێوەتی ڕەشن و بە شێوەیەکی ئاسایی لە خێوەتگەکایاندا هەڵیاندەدا. (پێموایە ئەم وشەیە تورکی بێت بە واتای کوێستان یان زۆزان بێت لە کوردیدا و کاتی خۆیشی لای خۆمان خێڵی جافی کۆچەر بە ناوچە کوێستانییەکانی کوردستانی ئێرانیان دەوت لەیلاخ لە دەوروبەری سنە و بانە و مەریوان کە هاوینە هەواری لەوەڕاندنی مەڕوماڵاتیان بوو، بە هەمان شێوە قشلاخیش لای خۆمان شوێنی نیشتەجێی زستانە بووە - وەرگێر). لەو خێوەتگە کاتییانەی باسیان لێوە کرا ئەمان لەو خانووە کاتییانەدا دەمێننەوە کە لە کەرەستەی جۆراوجۆری بەردەست دروست دەکرێن، وەک خشتی کاڵی قوڕ ودار و شتی تر و بە هەمان شێوەش حەشارگەی کاتی بۆ ئاژەڵەکانیان دروست دەکەن. خێوەتەکان خۆیان بەعادەت لە مووی بزن و تووکی حوشتر(وبر بە عەرەبی - و) دروستی دەکەن و بە قوماشێک دایدەپۆشن کە ئاو دانەدات و قەبارەیان جیاوازە(١٥).



سەرچاوە
Serchawe

بەهەرحاڵ تۆپکانلوو رەنگە لە دە ساڵی داهاتوودا بەتەواوی نیشتەجێ ببن و تەنها مەڕوماڵات وەرزانە ئـازوگوێز بکەن بە سـواریی ئۆتـۆمبیلی بـارهەڵگر لە قشـڵاخەکانەوە بـۆ یایلاخەکـان و بە پـێچەوانەوە (واتە لە زسـتانە هەوار - گەرمیـان - گەرمەسێر - یان ئارانەوە بۆ هاوینە هەوار - کوێستان یان زۆزان - و) . ئەڵبەتە چەندین هۆکـار هەن بـۆ پێشبینی کردنـی نیشـتەجێبوونیان و لەوانە کەمبـوونەوەی پـاکژ و لەوەڕگە بەهـۆی پەرەسـەندنی پیشەسـازی لە نـاوچەکەدا و هەروەهـا کەمبـوونەوەی لەوەڕگە و زیـادبوونی قەبـارەی مەڕ و مێگەل لەلایەک و کـاریگەریی فەرهەنـگ و کولتـووری شارسـتانی و بەو پێیە کشـانەوە لە زەوی پێـوەری خزمەتگـوزاریی کـۆمەڵایەتی لاواز کـردووە و بەگشـتی ئەنجـامی کەمبـوونەوەی دانیشـتوانی دێهـاتی لێکەوتـووەتەوە و دواجـار پەرەسـەندنی خێـرا و بەرچـاوی سـوود و قـازانجی بەخێـوکردنی ئـاژەڵ لە حـاڵەتی نیشتەجێبووندا. دەسەلاتدارانی ئێران بە شێوەی جۆراوجۆر پاڵپشتیی خەڵە کۆچەرەکـان دەکەن وەک کۆبـوونی بـڕە خـۆراکی سەرەکی چەشنی گەنم و جۆ و بـرنج و شەکر کە هاوکـاریی حکوومەتە. هەروەهـا خزمەتگوزاریی مرۆڤـانەی پێویست دابین دەکرێت وەک پێخوێنـدنی قوتابخـانە بـۆ منـدالان لە نزیـک گونـدەکانەوە و سـەردانی ناوبەنـاوی ڤێتـرنەری بـۆ مـۆڵگە و خێوەتگەکانیان و .. تاد.

**گوندە کوردنشینەکانی باکووری خۆراسان**

**ئە؛ شەهرستانی بوجنورد**

**شوێن:** باکووری رۆژئاوا

**ناوەندی شەهرستان:** بوجنورد

**ژمارەی دانیشتوان:** نزیکەی ۳۳۰۷۰۰

**ژمارەی گوندە کوردەکان:** ۱۲۲

زارنە، پەشـەندە، پەرکـانلوو، قوشـتە پە، پیـری بـۆز، پەسـەندەرە، حەسـەنلوو، تـار یـۆلام، چەهـار خەرڤـار، کـارلووق، بەزرانلوو، کەڵاتی چەلوو، قـادی، بۆزقـانی، کەڵاتـی حـاجی قاسم، قەرەجێ، بەنـدی خۆدانلـوو، کەڵاتـی حـاجی نوسرەت، قەرەدانلوو، بەندی یایمور، کەڵاتی سوهراب، قەرەباشلوو، بەیداک، کەڵاتی فەرشچی، قەرەجەنگەڵـی عولیـا، پـای کـۆتەڵ، کەڵاتی مەلا غوڵامحوسەین، قەرەکانلوو، ئادینە قوڵی، ئارک، قەرەلـوو، ڤاشلی قەڵا، قەلاب قەرەبـانلوویی، سێڤ خەسـوو مورادخان، کەڵاتی ئاشیان، قزڵحەسار، ئابخوور، کەڵاتی ئاغانەنی، قزڵقـان، ئـافتە پە، کەڵاتـی ئەردەشیرخان، قشلاخی عەبدوڵا ئابـاد، ئـاخڵی، کەڵاتـی ئیسڵاحاتی ئەرزی، قشڵاخی کـاوە، مەهنـان، کەڵاتـی باقرخـانی یەک، قشڵاخی لەنگەر، میرزاحەسەنلوو، کەڵاتی باقرخانی دوو، قەسری قەجەر، نـاڤ، کەڵاتـی باقرخـانی سێ، سەیسـاب، نەجەف ئابـاد، کەڵاتـی بورج، شـاە ئوجـاق، نەرگسلووی سوفلا، کەڵاتـی پـاڵەوانلوو شـاە پەسـەند، نەرگسلووی عولیـا، حـاجی زەینولعابـدین، شێخ



سەرچاوە Serchawe

عەلی ئابادی قەرهار، نۆدێ، حاجی عەلی داد، مەتەرانلوو، یەکسەر شاخ، بەربەر قەڵا، خەندەقلوو، بوربوری کورد، ئووبە، دانگۆل، نیکی قەڵای هومە، ئوتار ئابادی سوفلا، دەرەڤانلوو، یکی قەڵا، ئوتار ئابادی عولیا، رەشڤانلوو، کەڵاتی نەقی، ئوزانی بیجاه، رەعنا ئاباد، کەڵاتی والی خان، ئیدە، زەنگەنە، کوهکەمەر، ئینجانلوو، سەریڤان تەپە، کەی کەی، بابا ئەمان، سەریڤانێ ئاشقان، گەرمخان، باداملق، سورگ، گۆمهایێ، بوربور، بازخانە، سولوکلوو، قەڵایێ تات، بایجەق، حەسارێ کەرەمخان، قەڵایێ تەپە، بەدەرانلوو، حەلیم ئاباد، قەڵایێ تووت، بەربەر قەڵا، حەمامی، قەڵایێ جەقێ بزورگ، بورج، حەمەزانلوو، قەڵایێ جەق کوچەک، چەرک، حەمید، قەڵایێ شەعبان، چەهاربورجی سوفلا، جەعفەر ئاباد، قەڵایێ مەڕمەڕ، چەهاربورجی عولیا، جەڵف دەرە، ئووچ قەڵایێ باڵا، خەتاب جامی

ب: شەهرستانی توربەتی جام

شوێن: رۆژهەڵاتی خۆراسانی ر ەزەوی

ناوەندی شەهرستان: توربەتی جام

ژمارەی دانیشتوان: نزیکەی ٢٥٠٠٠٠

ژمارەی گوندی کوردنشین: ١

زەیلی (یان زیلی)

ج: شەهرستانی جاجەرم

شوێن: باشووری رۆژئاوای خۆراسانی گەورە

ناوەندی شەهرستان: گەرمی جاجەرم

ژمارەی دانیشتوان: نزیکەی ٦٦٠٠٠

ژمارەی گوندی کوردنشین: ٣٢

ئارگ، بەرازانلوو، دەشت، رەباتی قەرەبیل، بەرزەنە، کەڵاتێ شوغانییە، شۆقان، پۆشتی بام، کەڵاتێ شور، شورک، بەشیدار، کەڵاتێ قاجار، عەمارەت، تادار، کەڵاتێ موری، قەرجێ رەبات، جۆغدی، گازان، قزڵ حەساری عولیا، جۆشاقان، مەسعود ئاباد، قزڵ حەساری پاین، چۆپە، مەشما، قەلی، چەشمەیە تەبەری، میرزا ئاباد، بام، حەسارێ عیسا، ناڤیا، ئەسغەر ئاباد، دەرکەش

د: شەهرستانی چناران

شوێن: باکووری خۆراسانی رەزەوی

ناوەندی شەهرستان: چناران

ژمارەی دانیشتوان: نزیکەی ١٢٥٠٠٠

ژمارەی گوندی کوردنشین: ٧١

تەلقور، گوڵگوون، چەملە، کەمەندەری باڵا، گەبری، چەمگەرد، بیدابید،کوهستانی سەڵخی، چەشمی ماهی، بەهمەنجانی پاین، کوونان، کەلاتێ ئاراز، بەهمەنجانی باڵا، کەلاتێ سادو، قەیس ئاباد، ئیلیحەسار، کەلاتێ شەریف، قەیاس ئاباد، ئیل ئاباد، کەلاتێ کازم، قەڵای بەهمانجان، ئووتان، کەلاتێ کۆڵبەجەعفەر، قەشقئاباد، ئەحمەد ئاباد(دادکان)، کەلاتێ، محەممەد باقر، قۆرۆق، ئەحمەد ئاباد، کەلاتێ مالو، قادر ئابادی قزڵ حەسار، حەلال، درەختێ سەنجەد، قادر ئاباد، هەفت چاه، دەربیابان، عەبدول ئاباد، مەهد ئاباد، خاجێی گەرداب، عەباس خانی قەرەگۆل، نوح حەسەن، خەزیج، عەباس ئابادی جەنگەڵی، توودە، خامی، تاهیر ئاباد، نەوبەهار، حاکم ئاباد، شەمس ئاباد، مەنقەشلی، حوسەین ناجوو، شاە ئاباد، مەزەنگ، حوسەین ئابادی نیازمەندی سارک، میرجێگان، حوسەین ئاباد، ماروجە، محەممەد ئابادی بەلووچ، حوسەین ئابادی رادکان، ریاز، محەممەد ئاباد، حاجی ئیسماعیل، دێهباغ، ماسێ ماشکانلوو، حاجی ئاباد، دووخان، ماسێ حەزرەتی، چەهچەهە، دەستگەرد، ڤارەشکان، چەهارمەهێن.

هـ : شەهرستانی دەرەگەز

شوێن: باکووری خۆراسانی رەزەوی

ناوەندی شەهرستان: دەرەگەز

ژمارەی دانیشتوان: نزیکەی ٩٥٠٠٠

ژمارەی گوندی کوردنشین: ٥٩

محەممەد تەقی بێگ، عەباس قەلە، خادەمانلوو، مییاب، جەعفەر ئاباد، جەنکانلوو، مینا، ئەحمەئابادی عولیا، دایدار، دەڤەرانلوو، دەربەندی باڵا، دەشت، ئێلانجەغ، دەربەندی پاین، رەحمان قولی، بورج قەلعە، قازان بێگ، زەر ئاباد، بەشارەت، قوربان ئاباد، زەنگەلانلوو ، شابدەرە، قزڵەق، زەمیندانلووی عولیا، بەهادۆر خان، قشڵاخ، زەمیندانلووی سوفلا،



سەرچاوە
Serchawe

پایکانی سوفلا، قاڵچخ، سەنقەزی باڵا، پایکانی عولیا، قەڵاچە، سەنقەزی پاین، تەپەلک، قەڵایێ حاتەم، سەنقەزی وەسەت، تووت، کالوو، ماسوگتەلی، توزانلو، کاهوو سەییدها، حەسەنئاباد، کەبکان، شورکال، حەسەن کەدخودا، کەلاتێ ئەرباب، شوویێ سوفلا، حەزرەتی سوڵتان، گەپی، شوویێ وستا، هەفوێردی، گەدوگانلوو، شوویێ عولیا، هەڵقە، گەرمدەرە، شیخانلوویێ عولیا، خافییان، گەنداب.

و: شەهرستانی سەبزەوار

شوێن: ڕۆژهەڵاتی خۆراسانی ڕەزەوی

ناوەندی شەهرستان: سەبزەوار

ژمارەی دانیشتوان: نزیکەی ٥٠٠٠٠٠

ژمارەی گوندی کوردنشین: ٦

ئووڵەر، حوججەت ئاباد، سەیید ئاباد، بابا چەشمە، زەرد کوە، کایەف،

ز: شەهرستانی شیروان

شوێن: باکووری ڕۆژهەلاتی خۆراسان

ناوەندی شەهرستان: شیروان

ژمارەی دانیشتوان: نزیکەی ١٧٠٠٠٠

ژمارەی گوندی کوردنشین: ٧٣

شوکرانلوو، خادەمی، ئابسەڵخ، شووریکی تەکمەران، خان حەسار، مەلا باقر، شووریکی زیارەت، خانلۆق، ڤەرەقی عەبد ئاباد، خەدەر، ڤارک عەلی خان، خەتاب، کەلاتێ هەندەسی فازڵ، چەشمە دووزان،گارزوو، دەرباڵا، چەکڵانلوو، گەنج ئاباد، سەرچەشمە، چوکانلوو، گوگڵی دۆڵوو، پیر شەهید، لووجڵی ڕەزم ئاباد، تەبەرانی سوفلا ، محەمەد عەلی خان ڕەزا ئاباد، تۆرک، مەرزەق ئاباد، زیارەت، تەقی ئاباد، قۆڵ جاخ، سورخ ڕوو، تەسنۆڤان، قەڵایچە، سەردار ئاباد، تۆپکانلوو، قەڵەیزوو، سەککە، توودە، قوردانلوو، سەنگچین، توکوور، قوڕی داربەند، سەریک ئاباد، بۆرزوو، قولانلووی باڵا، حەسەن ئاباد، (تەکمەران) بۆز ئاباد، قولانلووی پاین، حەسەن ئاباد (زەڤارەم)، بوڵگانی سوفلا، قاڤینانلوو، حەساری پەهڵەوانلوو، بوڵگانی عولیا، کارخانەی قەند، حەساری دەڤین، بزەی زەینەڵ بێگ، کەلاتێ توکانلوو، حەساری مووسا بێگ، بێگ، ئەمان ئاباد، حەساری نامە، بێگی توکوور، ئەمیر ئاباد، حەیدەر ئاباد، بەیگان، ئەمیرانلوو، بورج



سەرچاوە
Serchawe

**ج: شەهرستانی فاروج**

**شوێن: باکووری رۆژهەڵاتی خۆراسان**

**ناوەندی شەهرستان: فاروج**

**ژمارەی دانیشتوان: نزیکەی ٦٨٠٠٠**

**ژمارەی گوندی کوردنشین: ١٠**

**کۆرە تەپە، یام، جەهان ئاباد، دەربەندی ئەسفەجیر، کوورانی کوردەمە، جەعفەر ئاباد، خابوشان، حەساری ئەندەف، تەرقی، ئاقبای**

**ت: شەهرستانی قووچان**

**شوێن: باکووری خۆراسانی رەزەوی**

**ناوەندی شەهرستان: قووچان**

**ژمارەی دانیشتوان: نزیکەی ١٨٠٠٠٠**

**ژمارەی گوندی کوردنشین: ٢٢٠**

**ناڤەخ، شەهری کۆن، ئاسیبەلانج، یادەگار، شێخکانلوو، ئاغا لوتفعەلی، یەدەک، شیرزان، ئاڵەشلوو، یوسف ئاباد، شیرغان، ئاڵخاس زووخانە، تەبەریان، ئەبر ئاباد، سوڵتانی زیرابە، تەراقییەی کورد، فەرغانەی سوفلا، شۆرەکی تۆپکانلو، عەلی محەمەد، فەرغانەی شاهڕاە، تەڤیڵ، ئابجەهان، فەرغانەی کۆن، عیمارەت، خەلاجلوو، قاچکانلوو، فەتح ئاباد، خومارتاش، قەڵای موشەڕەف، نوور محەمەد، خاجەها، قەڵای کەمەر، ئارچین ئاباد، خوکانلوو، قەیتاقی، ئاقمەزار، داسەنجانێ کوردییە، کەچڵانلوو، ئاق کەهریز، دادە خان، کوردەکانلوو، ئەڵڵاهیان، زادەگ، موحەممەد ئیمام قولی، زەرتانلوو، گوڵ ئەحمەد بێگ، ئیمام وێردی خان، زیندانلوو، گەدەگانلوو، ئینجە سابڵاغ، زوباران، مەفرەنقاە، ئینجە شاهباز، زەیدانلوو ، ماگجی، ئینجە کیکانلوو، زیگانلوو، مەلەڤانلوو، بادخور، سەلامفووج، میر فەزلوڵڵا، بورجی کارداش، سەرانی، میلانلووی سوفلا، پایکۆتەڵ، سەرداب، میلانلووی عولیا، پێرو ئاباد، سولەیمان ئاباد ، نامانلوو، پیرانلوو، سەرگونبەد، نیقاب، شەهرەکی جەڤانلوو، حەسار، نەغدوو، جانان، هەمزەکانلووی بالا، نییەت چەران، هەمزە کانلووی پاین، والی ئابادچونلی، خەرسەکانلوو، هەشت مۆری، حەیدەر ئاباد، خوڕەم ئاباد، یارم گونبەد، خەبکانلوو، تیتکانلوو، یەنگی قەڵای عولیا، دەرانلوو، جەرتووده، کەڵاتێ نەوروزی، شادابە، جەعفەر ئاباد، گوڵمەکان، ئێراقی،**

جەنگاه، کەڤاکی قەرەتەپە، جووزان، کورکانلووی سوفلا، قەرەچاه، چەپانلوو، کورکانلووی عولیا قشڵاخ، چەرکاخنە، کۆنە فەرود، قەڵای عەباس، چەرمە، کەدوگانلوو، کەڵاتێ ئەحمەد، چەری، گەزکوو، چاهێ جەعفەرزادە، چوکانلوو، گونبەد جاخ، چاهێ حاجی عیسمەتی، حاجی تەقی، محەمەد دۆڵوو، چاهێ رەزا ئاباد، حاجی کاهوو، محەمەد رەزا خان، چاهێ غوڵام حوسەینی ئەژدەری پیر عەلی، مەردکانلو چاهێ موقەددەم، پیرودانلوو، قەڵایێ بێگ، چەهارباغێ جەدید، پیرە، قەڵایێ حەسەن، حەسەن ئاباد، تەخت، قەڵایێ سەفا، حەساری ئەڵڵاوێردی، تەرانلوو، قەڵایێ والی، خەیر ئاباد، تەرنیک، قۆڵهەقی عولی، خەیر ئاباد (دووغایی)، بورجی زەیدانلوو، قوشخانەی سوفلا، فیلاب، بەردەر، کاکڵیقەڵایێ کەماکلوو، بەرزەل ئاباد، کەڵاتی بالی، قەرەجاغی قەهرەمانلوو، بەرزەڵانێ سوفلا، کەڵاتێ جەعفەر ئاباد، قەرجاغە، بەرزەڵانێ عولیا، کەڵاتێ رەحمانیان، قەلقەل، بەرگەرد، کەڵاتێ زەمان، قەرجاغە (خارک)، بەگلەر، کەڵاتێ سیاە دەشت، قەرەچەشمە ، بەڤانلوو، کەڵاتێی شاە محەمەد، قەرەگۆل، بیبەهرە، کەڵاتێی شاە میر، سیسبەرانلووی سوفلا، پەڵکانلووی سوفلا، کەڵاتێی نەزەرعەلی، سیسبەرانلووی عولیا، پەڵکانلووی عولیا، کەڵاتێی نەزەرمحەمەد، سینگەلێی شوور، کەڵاتێی چەمبەر خان، ئیستەرخی، سینگەلێی شیرین، کەڵاتێی حەسەن رەزایی ئینجی خان شەمخاڵ، کەڵاتێی رەزا، بیداقی پاین، شۆخ، ئاباد، کەڵاتێی سالاری، کادگۆڵ بای، شەهرانلوو، کەڵاتی مەلا محەمەد قولیخانی قوشخانەی عولیا، دەربادم، کەلاتی مەهدەویان، کەتلەر، دەربەندی،گەبر ئاباد، ئەندەرزی، دوو ئاب، گوورەخۆر، نەبابید، دەوڵەتخانە، لوولوو، ئیمام مورشید، دوڵدانلوو، مۆتۆری حاجی پەناهی، ئوورتە چەشمە، دۆڵوو، مۆتۆری حاجی حەسەنی حەمیدەڵلاهی، ئوغازێ تاز، رۆستەم ئاباد، مۆتۆری حاجی حەیدەری ئیبراهیمی، ئیزمانی بالا، رەشڤانلوو (مایون)، مۆتۆری سەرهەنگ تەهماسبی، ئیزمانی پاین، رەزا ئابادی ئاستانە رەزا،میر ئاباد، باغ مەحەل، ریزە.

**ک؛ شەهرستانی کەڵات**

شوێن: باکووری خۆراسانی رەزەوی

ناوەندی شەهرستان: کەڵات

ژمارەی دانیشتوان: نزیکەی ٤٠٠٠٠

ژمارەی گوندی کوردنشین: ٢٠

لاینی کۆن، پۆڵ گەرد، کەرناڤەی شیرین، لاینی نوو، تیرەگان، قزڵقی، رەبات، چەرەم، کەهلاب، رەجەب ئاباد، چەرەمی نوو، کەریم ئاباد، عەزیز ئاباد، چەهار راە، سەنگی دیڤار ئەسەد ئاباد، حاجی ئاباد، چنار، بابا رەمەزان، خاکستەر.

**ل؛ شەهرستانی مانە – سەمەڵغان**



سەرچاوە
Serchawe

شوێن: باکووری ڕۆژئاوای خۆراسان

ناوەندی شەهرستان: ئەشخانە

ژمارەی دانیشتوان: نزیکەی ٩٥٠٠٠

ژمارەی گوندی کوردنشین: ٦٣

ئاقمەزار، بورجی زەنگانگو، کەڵاتی نەخدوجان ئیسلام ئاباد، پیشقەڵا، کەلایەن، ریسالەت، جۆزەک، کیکانلوو، زەرد،چەخماقلوو، قەڵای بەربەر، زەمان سۆفی، چەمەنبید، قەڵەندەر تەپە، زەدیەی عولیا، حەسەن ئاباد، کەشک ئاباد، شەشخانە، حەیدەر ئاباد، کەڵاتی چنار میهر ئابادی خاوەر، خورەمدەی شەرقی، کەڵاتی کەشی، شەهرئابادی کورد ، قەرەچای، کەڵاتە قەموو، شیر ئاباد، قەرەکانلوو، کەڵاتە کالیمانی، عەزیز ئاباد، قەسری، گەرماب، ئیشق ئاباد، شیرین دەڕە، گەرمەک، قادی، عەلی ئاباد، گاز ئاباد، قەرە ئاغاجی سەربەند، رەحیم داد، مەلا حەسەن، قەرە ئاغاجی پاین، حەشرگاە، مەهمانەک، قەرە موسەڵڵا، چەشمەگاە، نەجەف، قەشتیی شاپورخان، تازە قەلا، هاڤەرد، قەشتیی موعاون، تەپپە، ئوستاد، کەریک، تەختمیش، بازاڕی قارناس کەشانەک، تاقەچنار، ئاقچە، کەڵاتی ئازادگان، تۆپ چنار، ئیسپاخوو.

**م: شەهرستانی مەشهەد**

شوێن: باکووری خۆراسانی رەزەوی

ناوەندی شەهرستان: مەشهەد

ژمارەی دانیشتوان: نزیکەی ٣٠٠٠٠٠

ژمارەی گوندی کوردنشین: ١

مێرگوزار

**ن: شەهرستانی نەیشابوور (نیشابوور)**

شوێن: سەنتەری خۆراسانی رەزەوی

ناوەندی شەهرستان: نەیشابوور



سەرچاوە Serchawe

ژمارەی دانیشتوان: نزیکەی ٥٠٠٠٠٠

ژمارەی گوندی کوردنشین: ١٨

نوو ئومیدی، نەسر ئاباد، سوورەندە، ئەندەراب، سەرگەریک، زوڵ ئاباد، شەبیان، پیرە شەهباز، ئیشق ئاباد، کەڵاتێی بوجنوو، تەختی مەسجید، فازڵ ئاباد، ،کەڵاتێی رەزا خان، ،چەهار گوشلی، حوسەین ئاباد، کەڵاتێی محەمەد جان، گۆدار، زەرەندە

بە وردبوونەوە لەم لیستانە دەبینین کەوا زۆربەی زۆری گوندە کورنشینەکان لە باکووری خۆراساندا چڕبوونەتەوە بە تایبەتی لە هەردوو شەهرستانی قووچان (٢٢١ گوند) و بوجنورد (١٢٢ گوند)، بەڵام مەشهەد و توربەتی جەم هەر یەکە تاقە دانەیەک گوندی کوردنشینیان تێدایە.

پەراوێز:

* لێرەدا نوسەر، هەرچەندە ئێرانییە، بەڵام بە حوکمی ئەوەی مامۆستا یان توێژەرە لە زانکۆی یەریڤان و پێمـوایە نیشتەجێی ئەرمینیاشە، بە شێوەیەک لە شێوەکان کەوتووەتە ژێر کاریگەریی توێژەر و مێژوونووسە ناسیۆنالیستەکانی ئەرمەنەوە و وەک ئەوان ئەرمینیای رۆژئاوا، واتە بەشەکەی تورکیا یان ئەنەدۆڵی رۆژهەڵات، تەنها بە خاکی ئەرمینیا دەزانێت، لە کاتێکدا کە وڵاتی تێکەڵەی کورد و ئەرمەن بووە و بگرە کورد زۆرینەی رەها بووە تێیدا لە پێش قڕکردن و جینۆساید کردنی ئەرمەنیشدا لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستدا. بڕوانە کتێبەکەی د. هۆگر تاهیر تۆفیق (الکرد والمسألە الأرمنیە ١٨٧٧ - ١٩٢٠، چاپی دار ئاراس و دار الفارابی، ساڵی ٢٠١٤)، هەروەها بڕوانە باسێکی ئێمە بە ناونیشانی «جینۆسایدی ئەرمەن و رۆڵی کورد تێیدا»، بنکەی چاپەمەنیی چاودێر، سلێمانی، ساڵی ٢٠١٤ - وەرگێر.

** زۆربەی سەرچاوەکان زازا بە کورد لە قەڵەم دەدەن و زۆرینەی زازاش خۆیان بە کورد دادەنێن بە تایبەتی لە رۆژگاری ئەمڕۆدا، هەرچەندە ئەمانیش وەک کوردبوونی لوڕ لە ئێراندا تا ئێستا هەر مشتومڕی زۆری لەسەرە – وەرگێڕ.

١- وەرگیراو لە پ. سایکس، «مێژووی وڵاتی فارس» The History of Persia ، بەرگی ٢، لەندەن، ١٩٥١، ل ٣٢٣ - ٣٢٤، (بە ئینگلیزی).

٢- بڕوانە ڤ. ڤ. بارتۆڵد «سترۆیکۆ جیۆگرافیچسکی ئۆبزۆر ئیرانا»، بە هەمان شێوە، سۆڤیێنینیا، بەرگی ٧، مۆسکۆ، ١٩٧١، ل ١٠٥ - ١٠٦، (بە رووسی).

٣- بۆ وردەکاری، بڕوانە گ. ئەساتریان «کورد و ئەرمەن «Kurdish and Armenian لە گۆڤاری «ئێران و قەوقاز Iran and Caucasus» دا (بەم زوانە).

٤- وەرگیراو لە ئەساتریان، هەمان سەرچاوەی پێشوو. هەروەها ئی. ئی. سوکەرمان، «خۆراسانسکی کرمانجی. ئیسلێدۆڤانی ئی تێکستی»، مۆسکۆ، ١٩٨٦.

٥- «شەرەفنامە و مێژووی کورد»، لە لایەن میر شەرەفخانی بەدلیسی، سانت پیترسبورگ، ١٨٦٢، ل ١٦٢ — ١٧٥، (بە فەرەنسی).

٦- بڕوانە گ. س ئێریڤانیان«Patmutiwn Carsanjagi hyoc» ، بەیروت، ١٩٥٣. هەروەها بڕوانە D. Butyka, "Das ehemalige Vilajet Dersim" لە گۆڤاری "Mitteilungen der kais. Konigl. Geographisehen Gesellchaft in Wien, 35 Band (1892); 109 ff.

٧- وەرگیراو لە پ. لێرخ، «ئیزسلێدۆڤانییا ۆب ئیرانسکیخ کورداخ ئیخ پریێدکاخ، سیڤەرنیخ خاڵدیاخ«، kn. I, SPb., 1856: 89. (بە رووسی).

٨- شەرەفنامە...، هەمان سەرچاوەی پێشوو. هەوەها بڕوانە: مارتن ڤان بروونەسن، «ئاغا و شێخ و دەوڵەت، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کوردستان» Agha, Shaikh and State: The social and Political Structures of ، لەندەن - نیوجێرسی، ١٩٩٢، ل ١٣٤ - ١٣٥، (بە ئینگلیزی).

٩- مارتن ڤان بروونەسن، هەمان سەرچاوە، ل ١٣٤.

١٠- وەرگیراوە لە «هر گاه در میانەیە أکراد ڤیلایەتی کوردستان مدکور سازند، موراد أز چمشگزک هست» (شەرەفنامە... هەمان سەرچاوە، ل ١٦٣ ، بە فارسی).

١١- بڕوانە لێرخ هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕەکانی ٦٧، ٧٠، ٧٢، ٧٣، ٨٧، ٨٩، ٩٠؛ هەروەها دەبلیو. سپۆتیشوود W. Spottiswoode، »نەخشەی خێڵ و هۆزەکانی باکووری کوردستان Sketch of Tribes of Northern Kurdistan« لە گۆڤاری Transactions of Ethnological Society of London بەرگی ٢ (١٨٦٣)، ل ٢٤٤ - ٢٤٥. هەروەها مارک سایکس، «هۆزە کوردەکانی ئیمپراتۆریێتی عوسمانی « The Kurdish Tribes of Ottoman Empire لە گۆڤاری ئینستیتیوتی شاهانەی مرۆڤناسی (ئەنترۆپۆلۆجی) ی بەریتانیای مەزن و ئێرلەندا The Journal of the Royal Anthropological Institute of Great Britain and Ireland , vol. 38 (1908): 457, 467, 470, 476, 477.

١٢- ع. میرنیا، «ئیلهایێ و تایفەهای عەشایەری کوردی ئێران»، مەشهەد، ١٣٦٨ - ١٩٨٩، ل ٦٦ - ٦٧. (بە فارسی).

١٣- مارتن ڤان بروونەسن، هەمان سەرچاوە، ل ١٠٩ - ١١٥.



سەرچاوە
Serchawe

١٤- بڕوانە لێرخ، هەمان سەرچاوە، ل ١١٩ - ١٢٠. هەروەها ک. تەوەحودی، «حەرەکەتی تاریخییەی کورد با خۆراسان»، مەشهەد، ١٣٧١ - ١٩٩٢. هەروەها ع. میرنیا، هەمان سەرچاوە، ل ١١١ - ١٤٨. هەروەها هەمان نوسەر «ئیلات و تایفەهایی درگز»، مەشهەد، ١٣٧١ - ١٩٨٢ و «ئیلهایێ و تایفەهای عەشایەری خۆراسان»، مەشهەد، ١٣٦٩ - ١٩٩٠. هەروەها ئیم. ئێج. پاپولی یەزدی «Le nomadism le north du Khorasan, (بە فارسی و فەرەنسی)، پاریس - تاران، ١٩٩١، ل ٧٦ - ٩٣. هەروەها ر. شاکری، «أتراکنامە، تاریخی جامیعی قوچان»، تاران، ١٣٦٥ - ١٩٨٥،ل ٥٤ - ٥٨. ح. بیهتوویی، «کورد و پەراکەندەگی أو در أیران زمین»، تاران، ١٣٧٧ - ١٩٩٨، ل٨٧ - ٩٢. هەروەها ع. مادیح «نەیشابوور و ئیستراتیجییەی توسیعە»، بەرگی ١، مەشهەد، ١٣٨٥ - ٢٠٠٦، بە هەمان شێوە «کەرەستە مەیدانییەکان Field Materials، (٢٠٠١ - ٢٠٠٦)، تاد.

١٥- خێوەتی رەش (مەبەستی دەوارە - و) شێوازێکی باوی نیشتەجێی کاتییە لە نێو دانیشتوانی کۆچەری ئێراندا. ئەمە بە عادەت پێیدەوترێت سیاە چادور Syah – Chador ، هەرچەندە هەندێک ناوی هاوشێوەی تریشی هەیە وەک مەلەگا melega لە لوڕستان (بڕوانە ئێڵ. ئێدڵبێرگ «نیشتەجێبوونی وەرزیی جووتیاران لە باکووری رۆژئاوای لوڕستاندا Seasonal Dwellings of Farmers in North – Western Luristan", Folk, vol. 8 – 9, Kobenhavn, 1966 / 67 :384 ff). یان کۆنێ رەش Kone rash - لە نێو کوردە کرمانجی زمانەکانی میسۆپۆتامیا و رۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵدا، تاد.

١٦- لە ناوچەکەدا ناوە کوردییەکەی سێڤخەسوو - موراد خانی پێدەوترێت.

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

ڕێبەندانی ٢٧٢٢ی کوردی = جانێوێری ٢٠٢٣ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe